# بەدرخان

Bedirxan

بەدرخانی و لەسەر لاچێ لەمەوپاش، لە گشت لاوە دەتانهاڕن وەکو ئاش


هەفتەنامەیەکی رۆژنامەوانیی
گشـــتیی ئـــازادە
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی
"بەدرخان" دەریدەکات

ژمارە (١٢٤) شەممە، ئابی ٢٠٠٩/٨/٢٢ زایینی
بەرانبەر بە گەلاوێژی ٢٧٠٩ی کوردی
ساڵی نۆیەم

www.bedrxan.net
www.bedrxan.com
bedrxan@yahoo.com




## شەهیدی سەرکردە عەبدولرەزاق و مەدالیای ئیفتیخار

ل١٦



## گەزیزە نهێنی پاڵتۆکەی بۆ بەدرخان دەدرکێنێ

ل٢



## رەجا بەکرییە لە حەیفاوە شیوەن بۆ دەروێش دەکا

ل١٤



قەڵەم لە گۆشەیەکی تازەی حەسەن یاسین، کە بڕیارە تاسەر لە ل٣ی هەفتەنامەی بەدرخان بڵاوی بکاتەوە، پەیمانیشە کە جێگۆڕکێ بە گۆشەکەی نەکرێ

ل٣



هـــاوژیـــن عەبدولرەحمان لـــە شـیـعـری "تەسبیحەکەت لە کۆشمدا بپسێنە"

ل١٥



دکتۆر نەرمین عەلی لێکۆڵینەوەیەک لەمەڕ گەرماوەکانی کوردستانی عێراق لە بەدرخان بڵاودەکاتەوە

ل١٠

## بۆچی سوپاسالاری تورکیا لەئاست گۆڕانکارییەکان بێدەنگە..

ل٦



## جەلیل زەنگەنە: سەرەرای نەشتەرگەریی گەردەلوول بەردەوامە ...

ل٢



## عەبدوڵلا پشدەری: ئیمام خومەینی پێی گوتم مافی کورد لە قورئاندا نەهاتووە ...

ل٤





## یاسین قادر بەرزنجی و رەخنەی شانۆی کوردی

ل١٢



## شەهید حەسەن کوێستانی و گەڵاڵەی لانکەی شۆڕش

ل١٦-١٧

www.eskurd.org

## ئاراستەی سێیەم

# تاکتیک بە ئاوازی حوشتر

smkobsat@yahoo.com

بۆ ئەوەی لە هەموو شتێکدا هەمیشە سەرکەوتوو بیت، ئەبێت لە فەلسەفەو فەنی تاکتیکدا فوول بیت، تاکتیک هەر ئەوە نییە بە چلەی زستانێ بەرگی سپی لەبەرکەیت و خۆت لە بەفری قەندیلی بدەی و لە پشتەوەی دوژمنەکەتدا بسوڕێیەوە، یان خۆت بە چیلکە دارو گەڵا داپۆشی و فێڵ لە دوژمنەکەت بکەی، یان هەر بەنیوەشەوان تاکتیکەکەت جێبەجێی بکەیت .

تاکتیک ئێستا وەک خواردن و خەو وایە دەتوانی بە نوێژی نیوەڕۆ جێبەجێی بکەیت، بەشەرتێک ئاگات لە پاش و پێشی خۆت بێت، لەوانەیە هەندێک کەس ئەگەر بەردەوام لە خەیاڵی بیرکردنەوە و تاکتیک دانانداا نەبن، نەتوانن بۆ بیست و چوار سەعات لەسەر کورسییەک دەنیشن، ئەوە جگە لەوەی لۆ هەندەکان خێرو بەرەکەتی لە سەر کورسی دانیشتن زیاتریشی تێدایە .

تاکتێک وەک ئەو گۆرانییەی لێهاتوە کە قەت کۆتایی نایێت و پرۆسەیەکی بەردەوامی ژیانە، بەڵام بۆ ئەوەی هەمیشە سەرکەوتوو بیت لە جێبەجێکردنی تاکتیکەکەدا، ئەبێت بەردەوام لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە تاکتیکەکە بگۆڕیت، تا ئەو شوێنەی کە پێویست دەکات دەکرێ بە ئاوازی قاز بخوێنیت، دواتر بۆ ئەوەی ئاوازەکەت خۆشتر بێت یان جێگیرتر بێت دەکرێ ئاوازەکەت بگۆڕی و بە ئاوازی عەلەشیش بخوێنیت، دواتریش ئەگەر هەر نەیهێنا دەکرێ بە ئاوازی مراوی بخوێنیت، یان بە هەر ئاوازێکی دیکە کە خۆت پێت خۆشە، لە بیرت نەچێت لە هەندێ شوێن و هەندێ جاریش لە جیاتی


سمکۆ عەبدولکەریم

تاکتیک دەکرێ بە ئاوازی حوشتریش بخوێنی، ئەگەر هەر بۆت نەچووە سەر دەکرێ تاکتیکەکەت بگۆڕی و لە یەک کاتدا بە هەموو ئاوازەکان بخوێنیت، ئەوکاتەش دەردەکەوێت هەم گۆڕانێکی گەورەت کردووە، هەم داهێنانێکی گەورە، ئەوانەش کە تاکتیک بە درۆ و فێڵی شەیتانی دەزانن و نازانن یان ناشتوانن بەو ئاوازە خۆشانە بخوێنن، ئەبێت وەک گوێگر بە دیار ئەو خۆشخوانانەوە بسوڕێنەوە، بە شان و باڵیان هەڵبڵێن بۆ ئەوەی گوناهباری دنیاو قیامەت نەبن

گومانیش لەوەدا نییە هەموو ئەوانەی گۆڕان و داهێنانی گەورە دەکەن مێژوویەکی پڕ سەروەری و نەمری بۆ خۆیان و خانەوادەو ڕێبازەکەیان تۆمار دەکەن .

# حەمە عەلی خان بووە کارلۆس و لە فیلمێکی سینەماییش بەشدار دەبێ

**تایبەت بە بەدرخان**

هونەرمەندی ناسراو و بەتوانای بواری نواندن "حەمە عەلی خان" دوای بەشداریکردنی لە زنجیرە درامای گەردەلوول و فیلمی سینەمایی "بۆنی سێو" لە ئێستادا خەریکی چەند کارێکی نوێیە و بەشداری لە فیلمێکی سینەمایی کردووە. دەربارەی دواکارە هونەرییەکانی خۆی، حەمە عەلی گوتی: وەکو ئەکتەر بەشداریم کردووە لە فیلمی سینەمایی سەمای خوێن، کە لە سیناریۆ و دەرهێنانی هونەرمەندی کوردستانی ڕۆژهەڵات "عەلی مورادی"یە، ئەو فیلمە باس لە کارەساتی ئەنفال دەکا، لە ماوەیەکی دیکەشدا بەنیازین لەگەڵ وەزارەتی ڕۆشنبیریدا فیلمی "بۆنی سێو" لە شاری سلێمانی نمایش بکەین، هەروەها هەواڵێکی زۆر خۆش هەیە بۆ تیپی وەرزشی چەخماخە، کە من بە "حەمە عەلی خان کارلۆس" یاری دەکەم و ژمارەی درێسەکەم "٦"ە، بۆ یەکەمجار لەمێژووی تۆپی پێدا یارییەکی خۆشەویستی لەنێوان تیپی وەرزشی چەخماخە بۆ تۆپی پێ لەگەڵ هەڵبژاردەی کچانی سلێمانی لەرۆژی پێنجشەممە ٢٠٠٩/٨/١٣ لە یاریگای کەمال سەلیم ئەم یارییە ئەنجام درا.

سەبارەت بەو فیلمەی لە سیناریۆ و دەرهێنانی خۆیەتی، گوتی: لە خۆئامادەکردن دام بۆ تەواوکردنی سیناریۆی فیلمی سینەمایی "٣٥ ملم"ی "هەژار و جەنگ"، کە لە سیناریۆ و دەرهێنانی خۆمە.

جێی ئاماژەیە حەمە عەلی خان جگە لە کاری شانۆیی لە چەندین فیلمی سینەمایی و درامای تەلەفزیۆنیدا بەشداری کردووە، جگە لەوەی لە فیلمێکی سینەماییدا بە زمانی ئینگلیزی نواندنی کرد، لەو فیلمەدا هونەرمەند لەگەڵ کچێکی تورک، کە زمانی هاوبەشیان ئینگلیزییە کاردەکەن و فیلمەکەش باس لە پێشمەرگەیەکی کورد و کچێکی تورک دەکاو فیلمەکە چەندین خەڵاتی بەدەست هێناوە و لەچەندین وڵاتش نمایش کراو حکومەتی تورکیاش بە شێوەیەکی زۆر بەربڵاو هەوڵی ڕاگرتن و نمایش نەکردنی ئەو فیلمەی دەدا.


هونەرمەند حەمە عەلی خان

# جەلیل زەنگەنە دوای نەشتەرگەرییەکەی پەیامی هەیە

**تایبەت بە بەدرخان**

**دوابەدوای ئەوەی هونەرمەندی دەرهێنەر جەلیل زەنگەنە لە وڵاتی ئێران نەشتەرگەرییەکی گەورەی بۆ ئەنجامدرا، لە ئێستادا باری تەندروستی باشتر بووە، زەنگەنەی دەرهێنەر پەیامی هەیە بۆ خەڵکی هەولێر و لە بەدرخانیشەوە باسی کارکردن لە بەشی سێیەمی گەردەلوول دەکا.**

لە لێدوانێکی تایبەت بە بەدرخان جەلیل زەنگەنە گوتی: زۆر بەخێرهاتنتان دەکەم بۆ ماڵەوە، کاک مەسعود بەڕاستی زۆر لە جەنابت ڕازیم، زۆر تەلەفۆنت کرد و زۆر هەواڵت پرسیم لە هەولێریش سەردانت کردم و وا لێرەش سەردانت کردووم، کە لە تارانیش بووم هەر تەلەفۆنت کرد، سوپاست دەکەم، هەروەها سوپاسی گشت ئەو بینەرە خۆشەویست و خەڵکە جوانە دەکەم کە بەردەوام سۆراغی منیان دەکرد و هەواڵی منیان دەپرسی، لەبەرئەوەی بە تەلەفۆن و بەهەموو شێوەیەک هەواڵی منیان دەپرسی، زۆر سوپاسی هونەرمەندان دەکەم کە هاتن بۆ پێشوازی من لە باشماخ، هەروەها زۆر سوپاسی ئەو بەڕێزانە دەکەم کە سەردانیان کردووم لە ماڵەوە، ئەوانە هەمووی ئەوەیە ئەگەر شتێک بۆمن بووبێ ئەوەیە کە هونەرمەند بۆ میللەتەکەی ئیشی کرد دەبێتە موڵکی میللەت، کە بووە موڵکی میللەت دەبێ بەرپرسیاریەتییەکەی گەورەتر بێ و شتی باشتر و ڕێکوپێکتر پێشکەش بکا، دوای ئەو نەشتەرگەرییەی کردم لە تاران ئەوە "٢٥" ڕۆژە لە ماڵ کەوتووم، کە لە هەولێریش جەڵتەکە لێیدام ٢٠ ڕۆژی دیکە لە ماڵ کەوتم، ئەوە بووە ٤٥ ڕۆژ، من ٤٥ ڕۆژە دەرەوەم نەدیوە و نەشتەرگەرییەکەش نەشتەرگەرییەکی گەورەبوو سۆندەی سەمامەی دڵمیان گۆڕی و بۆڕییەکانیان پاک کردەوە، ئەو شادەمارەی خوێنی دەبردە سەرم وەستابوو، ئەویشیان کردەوە، ئێستا لە جاران باشترم، هەرئەوەندە بێمەوە سەر خۆم ئەوەتە دەیبینی ئەو کتێب و سەرچاوانە هەمووی تایبەتن بە گەردەلوول، دیداری خەڵکی تێدایە کە لەگەڵم کردوون، گەردەلوولی ئەوجارە ٦٠ ئەڵقەیە، تەبعەن زۆر جیاوازە لەگەڵ بەشی یەکەم و دووەم، کە لە هەولێر کەوتم دوای چەندین پشکنین دکتۆرەکە پێی گوتم تۆ لە سیراعێکی گەورە دەژی، هەم جەستەت و هەمیش مێشکت زۆر هیلاکە، پێویستیت بە ئیسراحەت هەیە، ڕاستیشیان کرد، من ساڵ و نیوێکە بەدەست گەردەلوولەوە هیلاکم، چونکە ئەو بەشەیان بەشێکە سەرسامی کردووم، چ وەکو ڕووداوەکان، چ وەکو کەسایەتییەکان یان وەکو حیوار و شتەکانی دیکە، یانی لە خوێنما دەژی، بەهیچ شێوەیەک ناتوانم بیری لێ نەکەمەوە، هەستدەکەم منداڵێکی گەورەی خۆمە، دەبێ بێتەدی، بەس مەرگم نەبێ دەبێ بیهێنمە دی. یانی دوای ئەو ماوەیەی کە دەحەسێمەوە دێمەوە سەری، هەندێ ڕتووش و شتی دیکەی ماوە جێبەجێی دەکەم، ئەوانەی کە تەواو بوو دەست دەکەین بە وێنەگرتن، دڵنیام کە ئەو بەشەیان بەشێک دەبێ زۆر تەجاوزی تیایە، زۆر شتی جوانی تیایە، لەبەرئەوە زۆر خۆشحاڵم بە بەشی سێیەم.

* کێ پاڵپشتی کردی تا لە تاران ئەو نەشتەرگەرییەت بۆ بکرێ؟

– دوو جاری دیکە هێرۆخان ناردمی زۆر سوپاسی دەکەم، لە "٢٠٠٦" ناردمی ئەوکاتە جەڵتەکە لێیدام بەڵام کەم بوو، کە ڕۆیشتم بۆ ئەوێ بەشی دووەمی گەردەلوولم لەگەڵ خۆم بردبوو، لەوێ دکتۆر گوتی دەبێ ئێستا نەشتەرگەری بکەی و لە قاچتەوە دەری کەین بۆ دڵت، گوتم: نەفسیەن ئامادەنیم، چونکە شتێکی وام بەدەستەوەیە، گوتی باشە بڕۆوە دەتوانی مانگێک دوو مانگی دیکە بێیتەوە، ئیتر لەبەر گەردەلوول ٤ ساڵ نەچوومەوە، دواجار لێیدام و ناچار بووم بچمەوە، بۆ ئەوەیان دیسان سوپاسی هێرۆخان دەکەم کە منی نارد، لەوێ یەکسەر نەشتەرگەرییەکەیان بۆ کردم و زانیان باری تەندروستیم خراپەو گەیشتۆتە سەرم ئەگەر خوێن نەڕوا لە سەرم دەدا و یەکسەر دەوەستێ و دەمکوژێ، بۆیە بەشەو نەشتەرگەرییەکەیان بۆ کردم، تا ئێستا بە شەو نەشتەرگەرییان نەکردبوو، بەڵام بە شەو بۆیان کردم، یانی دیسان سوپاسی ئەو بەڕێزانە دەکەم کە لەوێ لەگەڵ من هەوڵیاندا وەکو مەکتەبی پەیوەندییەکانی "ی.ن.ک"ی تاران و مامۆستا نازم و کاکە پەیمان و ڕەزا و عەباس و عەبدولڕەحمان و ئینجا لە مەریوان برادەران کاک کاروان و هەرێم و بەڕێز و شۆڕش و ئەوانە زۆر یارمەتیان دام، هەروەها سوپاسی هاوڕێی خۆشەویست و برای ئازیزم ڕێبواری حەمەی سابیر دەکەم، کە ئەوهات لەگەڵما و بەڕاستی خزمەتی کردم و ئاگای لەمن بوو و دڵسۆزم بوو، یانی بە هەموو شێوەیەک ئاگام لێم بوو نەیهێشت هیلاک بم، سوپاسی هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە هەواڵیان پرسیوم، ئێستا باری تەندروستیم بەرەو باشی دەڕوا، بەڵام دەبێ دوو مانگی دیکە سەربدەمەوە بۆ ئەوەی دکتۆرەکان ئۆکەیم بدەنێ یان ئەوەتە دیسانەوە دەرمانم بۆ تازە دەکەنەوە، یان ئەوەتە دەڵێن تەواو ترسی نەما.

* هەمووومان دەزانین سەرەتای ئەو نەخۆشییەت لە هەولێر بوو کە جەڵتەکە لێیدای، دەکرێ بزانین لە هەولێر هەم لە نەخۆشخانە و هەمیش لەلایەن هونەرمەندانەوە چۆن بەتەنگتەوە هاتن؟

– کە جەڵتەکە لێیدام ئاگام لەخۆم نەما، برادەران باس دەکەن چۆن بێ ئاگابوومە و چاو و ئەوانەم هەمووی تێکچوونە، دوای ماوەیەک هەر ئەوەندە بینیم لە نەخۆشخانە لەسەر عەرەبانە پاڵم پێوەدەنێن و دەڕشێمەوە، من بەڕاستی سوپاسی دکتۆر زریان دەکەم کە تەلەفۆنی دەکرد و بەردەوام هەواڵی منی دەپرسی، بە دکتۆرەکانی ڕاگەیاند ئاگایان لێم بێ، سوپاسی دکتۆر حوسێن سنجاری و هەموو کارمەندانی نەخۆشخانەی کۆماری دەکەم کە زۆر بەڕێز بوون، هونەرمەندانی هەولێر کە زۆر بەسەریان کردمەوە و سوپاسی هەموویان دەکەم، سەرەڕای ئەوەش سوپاسی دکتۆر زریان دەکەم کە ئۆتۆمبێلێکی بۆ دابینکردم منیان پێ هێنایەوە سلێمانی.


هونەرمەند جەلیل زەنگەنە لە نەخۆشخانەی کۆماری هەولێر

# ڕوونکردنەوەیەک بۆ گۆشەی ئاراستەی سێیەم

**مەولود ژاکاو**

بە تاسەوە چاوەڕوانی گۆڤاری بەدرخان دەکەم، هەرکاتێ گەیشتە دەستم و یەکەم لاپەڕەی هەڵدەمەوە و گۆشەی ئاراستەی سێیەم دەخوێنمەوە دیارە گۆشەی ئەمجارە بەسەر ناوی "بدە بەرێ" دەستی پێکردبوو، کاکە سمکۆ لادەرەکانی دۆزیبۆوە و ڕەخنە ئامێزانە بە گوێیانیدا چرپاندبوو.

گەرچی وشەی "بدە بەرێ" وشەیەکی فۆلکلۆرییە و لەناو کلتووری هەڵقوڵاوە، وەلێ لە کۆیەو دەوروبەری خەڵکی بە وتەی شاعیری میللی و نیشتیمان پەروەر ڕۆستەم حەوێزی دەزانن، چونکە لە کاتی ڕەخنەکانیدا بۆ لادەرکاران زۆر بەکاری دەهێنا، لێ ئەو بەو شێوەیە دەیگوت "بدە بەرێ، گێ مەدەرێ، دەچێتە سەرێ" ئەویش وەک سمکۆ ئەوەندە مرۆڤێکی هەستیار بوو، ئەگەر یەکێک بەقەد تۆزقاڵێک لە ئاستی لێپرسراویەتی خۆی لای دابایە هەستی پێ دەکرد و لێی بەدەنگ دەهات و بە هۆنراوەیەکی تەنزو ڕەخنە ئامێزی جوانی لا دانەکەی دستنیشان دەکرد و خاوەنەکەی ڕووڕەشو ڕیسوا دەکرد.

جا ئەو کەسە لێپرسراوی میری بوایە، یا بەگ و ئاغا یا شێخ یا مامۆستا یا قوتابی یا کرێکار یا جووتیار یا توێژێکی تر بوایە، ئەو بەم شێوەیە ئەم لادەرانەی دەردەخست بۆ ئەوە چارەبکرێ، ئەو دەیگووت ئەگەر چارە نەکرێ دەبێتە زامێکی قووڵ لە جەستەی گەل و بەرەو کارەسات دەچێ.

لەم نووسینەم دوو مەبەستم پێکا، یەکەم: وێکچواندنی کاکە سمکۆ بە ڕۆستەم حەوێزی دەربارەی بوێری و هەستیاری بەرامبەر بەلادەرەکان.

دووەم: دەرفەتێک بوو بۆ یادەوەری ڕۆستەم حەوێزی.

ئیتر هەر خۆشبێ و گۆشەکەت بەردەوام بێ تاڕای گشتی وەک تۆ ئەم نا ڕۆشەنبیرو هەست بەلێپرسراوەتی نەکردنانە دەناسن و پێیان هەڵنا خەڵەتێن و باوەڕیان پێناکەن. دەبا گشتمان بۆ بەرژەوەندی گشتی گەل و وڵات کار بکەین.

## هەیاسە ... لە بەدرخان چ باسە؟!

**ئا: حەسۆ**

* بەدرخان زانیوێتی عەرەب و تورکمانەکانی کەرکوک بەرەیەکیان دروستکردبوو بۆ ئەوەی کاربکەن کەسەرژمێری ساڵی (٢٠٠٤)ی شاری کەرکوک بکەنە پێوەر بۆ نوێکردنەوەی تۆماری ناوی دەنگدەران لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا و ئەوشارە جیابکاتەوە لەشارەکانی تری عێراق ئەمەش ترس و دڵە ڕاوکێی لای دانیشتوانی شارەکە دروست کردبوو، بەڵام خۆشبەختانە لیستی هاوپەیمانی لەپەرلەمانی عێراق ئەو خەونەی لەگۆڕنا بەوەی توانی ئەوە بسەپێنی و هەڵبژاردنی ئەوشارە لەگەڵ شارەکانی دیکەی عیراق بێ و بەپێی سەر ژمێری ساڵی (٢٠٠٨) بێت .

* بەدرخان زانیوێتی دوای ئەو زنجیرە تەقینەوانەی شاری کەرکوکی گرتەوە بەتایبەت گەڕەگە کوردنشینەکان خەڵکی ئەو شارە بێئومێدیان زیاتر لەلا دروست بووە لەسەر دەزگا ئەمنیەکانی ئەو شارە، ترسی بەردەوام بوونی کاری تیرۆریستی زیاتریان هەیە

* بەدرخان زانیوتی لەبەرێوەبەرایەتی تەندروستی چەمچەماڵ زیاتر لە ٢٠٠ کەس ناویان بۆ دامەزراندن هاتۆتەوە، بەڵام چەندین کەسیان بڕوانامەی ئامادەییان نیە و بەفەرمانبەر ناویان هاتوەتەوە کەچی بەدەیان خاوەن بڕوانامە تائێستا دانەمەزراون .

* بەدرخان زانیویتی داهاتی مانگانەی مانگی حەوتی هاتوچۆی چەمچەماڵ و دەوروبەری زیاتر لەسەد ملیۆن دینار بووە لەسەر سەرپێچی و کاری نایاسایی شۆفیران، کەچی مرۆڤ بەزەیی بە هێماکانی هاتوچۆدا دێتەوە لەو شارە هێندە کەم و کورتن .ئەمەجگەلەخراپی ڕێگاوبانەکان..

* بڕیارە"ی.ن.ک"هەر پۆستێک بدا بە هەر کادیرێکی خۆی هەر پلەیەکی حزبی هەبێ، دەبێ دەستبەرداری پلە حزبییەکەی بێت، تەنیا جێگری سەرۆکی هەرێم و جێگری سەرۆکی حکومەت نەبێ.

* دەڵێن مەکتەبەکان و مەڵبەندەکانی"ی.ن.ک"زۆر کەم دەکرێنەوەو هەندێکیشیان هەڵدەوەشێتەوە، برادەرێک دەیگوت: زووتر ئەوانەی ئەمڕۆی "گۆڕان"ن کە مەڵبەندەکانی"ی.ن.ک" لە "٨" مەڵبەند کرد بە"٤٠"مەڵبەند.

* بەدرخان زانیویەتی پاش دیارنەمانی ٢١ ساڵ لە کوردستان، وەلید سابیر قادر کە دەکاتە برای فەرید ئەسەسەرد بەخانەوادەکەی شادبۆوە.

# سەڵاحەددینی ئەیوبی تێکشکێنەری خاچپەرستانی دوژمنکار

د.محمد رجب البیومی
و: مەلا محەمەد سەرگەینێلی

### خێزانێکی دلێر و نەبەرد

لادێ نشین و کورد و بەربەر(١)کە چەند گەلێکن لەسەر ئازادی و هێزو بازو سروشت بوون و ئەپەڕی ئازایەتی و دلێری و چاکە کاری، کە هەیانە دەیبەخشن بێگەڕانەوە، چونکە سروشتی سەرەتاییان بەردەوام زاڵە لەسەر گیانیان و، ئەوان بێ درۆو فێڵ وەڵامێکی راستت دەدەنێ لەوەی دەتەوێت، مەگەر وا بەستە بووبن بە پیاوانی رامیارییەوە، ئەوکاتە بەشێوازی دیبلۆماسی چاویان دەبێتەوەو لە شێوەکانی فرت و فێڵ تێدەگەن، لەگەڵ ئەوەشدا راست و رەوانن و بێ پێچ و پەنان، بۆیە ئەوە دەڵێم تا ئاشنایەتی لەگەڵ ژینگەی کوردیدا پەیدا بکەین، کە خێزانی سەلاحەددین لەناو بازنەکەیدا بوو، بەرلەوەی بێتە ژیانەوە دەوروبەرێک بوو لە ژینگەی عەرەبی لادێیی دەچوو لە ئازایەتی و پیاوەتی و شکۆیی و نازین و ناوداری بەخشندەیی و سەخاوەت و لادان لەکاری سوکەڵەیی، گەر سروشتی یان یان شێوازەکانی جەنگی تازەیان زانیبایەو، ئامێرەلەناوبەرەکانی ئەوانیان هەبووایە هیچ گەلێک نەیدەتوانی خۆیان لەبەرامبەردا رابگرێت و، ئەوان پیاوو گیانفیداو دلێرو چاونەترس، بەڵام هێزی جەستەیی لە مەیدانەکانی جەنگدا هەموو شتێک نییە.

ئافرەتانی کوردوەکو پیاوەکانیان بە ئازایەتی ناوبانگیان پەیدا کردووەو، ئافرەت شانبەشانی پیاو دەجەنگێ، هۆزەکە وانەی سوارچاکی فێردەبێ بۆ هێرش و بەرگری بۆ چاوەڕوانکردنی هێرشێکی کتوپڕ، یان چاوەڕێکردنی یارمەتی دانەکی بەرێزانەی هاوپەیمانی، کاتێک داوایان لێدەکات، بۆیە فەرمانڕەوایی دەکات لە دەوریاندا پەیوەندیان پێوە دەکردن تا پیاوانێ لە ئەوان وەربگرن بە بەشێ لە سوپای ئەوان لە جەنگدا. ئەوان بە کەسانی بێ پێچ و پەناو وەفادار و بە سیفەت و دڵسۆز ناسراون، ئەوان زیاتر جێگای دڵنیایی و بێترسی بوون لەو خزم و کەس و کارانەیان کە هەستی بەربەرەکانێیان تێدابوو، کە سەردەکێشێ بۆ دووبەرەکی، لەکاتێکدا "فارسەکان" ویستیان کورد بخەنە ژێر گوێڕایەڵی خۆیانەوە(٢).

بینیان یاخی و سەخت و پیاوی ئازان، بۆیە پەنایان بردە بەر ڕێگای ئاشتیانە، چونکەئەوکاتە نەیدەتوانی بەسەر گەلێکدا سەربکەون کە شەوانە راماڵ ببەن و لە رۆژدا پشت بدەنە چیاکان و، ئەم سەرکەوتنەیان ماوەیەکی درێژ بۆ مایەوە، لەناو هۆزە کوردەکاندا سەرۆکی هۆزەکە "شادی" دەرکەوت کە باوکی ئەم دوو پاڵەوانەیە"ئەیوب" و"شێرکۆ" و باپیرەی"سەلاحەددین"ی کوڕی ئەییوبە کە پاڵەوانێکی ئازابوو، فارسەکان ویستیان بیکەنە پیاوی خۆیان، بەڵام ئەو قایل نەبوو، بەڵکو ئەو تەنیا بۆ قسەیەک گوێڕایەڵ دەبێ کە ئەو بەڕاستی بزانێت، بۆیە ئەوانی بەجێهێشت و چووە ناو ژیانی خێڵەکەیەوە لە"دووین"و، پاشان پەیوەندی دۆستایەتی لەنێوان ئەوو"مجاهد الدین بەهرۆز"دا دروستبوو، کە پیاوێکی بە هیمەت و چالاک بوو، ناوی"شادی"بیستبوو، ئەویش هەڵیبژارد و کردی بە یارمەتیدەری خۆی لە کاروباری سیاسی خۆیدا لە عێراق، ئەو سەر بە دەسەڵاتی"مەسعودی سلجوقی"بوو، لەو هەرێمەدا بە ئەمیندار دانرابوو، کاری ئەوەبوو، کە لەناو هۆزە ئاوارەکاندا بەشوێن مرۆڤی ئازادا بگەڕێ، تا بۆ جێگیرکردنی ئاسایش یارمەتیدەریان بن بێ گوێدان بەمەبەستی نا کەسایەتی، چونکە ئەوکەسەی هاونیشتیمانی "بەغداد" بێ خاوەن هۆزێکی ناسراوە، لایەنی ئەو هۆزە دەگرێ و رەنگە ئەوکەسەی نەیاری ئەو هۆزەبێ بیخاتە ناو تۆمەتی بەتاڵەوە، کە بەرەو کێشەیەکی درێژ رایدەکێشێ، بەڵام بابای نامۆو میوان لە کوردەکان هیچ کامێ لەو مەبەستانەی نییە، جگە لە سەقامگیرکردنی ئاسایش نەبێت.

"شادی" پاڵەوان چالاکی و هیمەتی بەرزی خۆی نواند بە سەرنجراکێشانی خەڵکی بەرەو لای خۆیداو، "مجاهد الدین بەهرۆز"وای روانی کە کارمەندی ئەو بێ لە"تکریت"و، لەگەڵ دەستەیەک لەگەلی کوردی خۆیدا بەکارەکەی هەڵسێ، کە سروشت و رەوتی ئەوانی دەزانی و، هۆکارە ئاسایشییەکان بپارێزن و، کێشەو ناکۆکییە دژوارەکان لەناو ببات، جگە لەمەش هەردوو کوڕەکانی"ئەییوب و شێرکۆ"، کە هەردوو گەنج بوون بە ئازاو دلێر ناویان دەرکردبوو، هەردووکیان دەبن بە قۆڵ و بازووی ئەو، بەم چەشنە"تکریت"بوو بە مەڵبەندێکی هێورو ئاسایش بۆ ئەو خێزانەی لە"دووین"ەوە هاتووە.

کێشەو دەبەرێکرا چوون لەم وڵاتەدا رووەو نەمان نەبوو، "بەغداد" خۆشی سەرگەردان مابۆوە لەوەی نەیاران و کێبەرکێکەران دەیکەن، کاتێ شادی بووە فەرمانڕەوا لەگەڵ جووتە کوڕەکانیدا، کورد هەستی بەوانە کرد، کە ئەوانەی کاربەدەستن هاوڕەگەزی خۆیانن، بۆیە چوونە ژێر فەرمانی ئەوانەوەو لەسەر ئەوانیان دەکردەوەو لە مەترسی و رقی ئەوانیان دەپاراستن.

"شادی" کۆچی دوایی کردو، دوو لە رۆڵەکانی مانەوە، کە سەرۆکایەتی گەلەکەیان بکەن، بێ ئەوەی هیچ برایەک لەو دوو برایانە دەستدرێژی بکاتە سەر ئەوەی دیکەیان، "ئەییوب"کە برا گەورە بوو چاودێری مافی براکەی دەکردو چاوپۆشی لە هەڵەکانی دەکرد، وەکو هەڵەی پەرۆش نەبوونی بە رازیکردنی"بەغداد"کە شوێنی شەڕەقسەیە وەکو ئایینده دێتە پێش. قەزا وابوو"عمادالدین" پادشای"موسڵ" بە سوپاسەوە پەلاماری"بەغداد"ی دابۆ شەڕکردن لەگەڵ خەلافەت و لابردنی دا، سوڵتانی"سەلجوقی"پشتیگری لە داخوازی ئەو کرد، هەرچی خەلافەت بوو داوای یارمەتی لە"فارسەکان" کرد دژ بە "تورکەکان"و، ئەوەبوو "عمادالدین" بەزی و بۆ"تکریت" رایکردو، پەنای بردە لای"نجم الدین ایوب"، ئەویش پیاوەتییەکەی مەردایەتییەکەی هانیدا یارمەتی بدات و، کەشتیگەلێکی بۆ داناو پەڕینەوەی بە دیجلەدا بۆ ئاسان کرد بۆ"موسڵ"، ئەمەش کارێکی بەپەلە بوو"نجم الدین"سەیری ئاکامەکەی نەکردبوو، وا پێویست بوو ئەو نوێنەرایەتی کاربەدەستی "بەغداد" بکات و، فەرمانڕەواکەی لەوێدا، "عماد الدین زنکی"دوژمن بووەو جەنگی لەگەڵ خەلیفەدا کردووەو ویستوویەتی بیڕوخێنێت.

**پەراوێز :**

١– بەربەر: وەکو لە"المنجد فی الاعلام" هاتووەو ئێمە کورتی دەکەینەوە: بە دانیشتوانی ئەفریقیای باکوور دەوترێ لە"بەرقە"وە بۆ"زەریا"کە بەر لە عەرەب بوونیان بە زمانی تر دواون، بەڵکو هەتا ئێستا وایە.

٢– یەکەم ئیمپراتۆرییەتی گەورەی کورد کە فارسەکان بە سەرکردایەتی کورش روخانیان دەوڵەتی میدییەکان بوو لە"٥٥٠ پ ز"دا کە دەستووری زەردەشت پێغەمبەریان پیادە کردووە. وەکو لە کتێبی"زەردەشت و زەردەشتییەکان"دا کە بە ویستی خوا بەم زووانە چاپ دەکرێ روونمان کردۆتەوە. "مەسعود محەمەد"لە کتێبی"لسان کرد، ل١٩"دا دەنووسێ"مادییەکان یا میدییەکان باپیرەی سەرەتای کوردەکانن کە لەئێراندا نیشتەجێ بوون". لە"کتاب المقدس، سفر التکوین،٣، ١٠"دا میدی کوڕێکی یافثی کوڕی نوحە. هۆکاری سەرەکی رووخانی ئەم دەوڵەتەش وەکو لە کتێبی مێژووی کورد و کوردستانی، شکرالله باباندا هاتووە بۆ ئاستیاکی پادشای ماددی دەگەڕێتەوە کە دەستی دایە ستەم و بەردانی جڵەوی حوکم. بروا وایە ئەم ئەژدیهاک بۆ بێت. "وەرگێڕ".

**بەشی یەکەم**



پەیکەری سەلاحەددینی ئەیوبی














































## قەڵـەم

# قەڵەم بەرپرسیارێتییە

خوێندەواری دووجۆرە، جۆرێکییان ئەوانەن کە خوێندنەوە و نووسین نازانن، بەڵام بە دنیا بینی (بصیرە)ی خۆیان و ناسینی واقیع و ئەزمونی ژیان دەبێت حسێبی خوێندەواریان بۆ بکرێت. هەموو ئەو پەندانەی لە کوردەواریدا هەن و ئێمەو پێشینانی ئێمەش زارەوزار دەیانگێڕنەوە و وەک نموونەو پاڵپشت بۆ هەڵوێستێکی دیاریکراو بەبیر خەڵکی دەهێننەوە، خاوەنەکانیان دیارنین، بەڵام ئەوانەن کە لە ریزی ئەم جۆرەی یەکەمی خوێندەوار دەژمێردرێن.

بەڵام جۆری دووەم ئەوانەن کە لەدوای پەیدابوونی نووسین و خوێندنەوەوە پەیدابوون و، لە رێگەی تاودانی قەڵەمەکانیانەوە حسێبی خوێندەواریان بۆ دەکرێت.

ئەوەی لێرەدا مەبەستمە بیڵێم و بیکەم بەسەرەتای ئەم گۆشەیە دووپاتکردنەوەی ئەوەیە کە قەڵەم بەرپرسیارێتییە و لە ئەستۆی ئەوانەدایە کە بەکاری دەهێنن.



حەسەن یاسین

بۆیە ناکرێت قەڵەمداران، نرخ و بەها بۆ قەڵەمەکانیان دانەنێن و هەرچی بەسەر زاری کەسانی لاسار و ئاست نزمدا دێت، ئەوان لە رێگەی قەڵەمەکانیانەوە بیخەنە سەر کاغەز. بەداخەوە هەندێک لە رۆژنامەنووس و نووسەران، ئەمڕۆ وادەکەن و رێز بۆ خۆیان و قەڵەمەکانیان دانانێن، هەر ئەمەشە وای کردووە پاشاگەردانییەک لەنێو رۆژنامەنووسیی کوردیدا، لەرێگەی ئەو قەڵەم بەدەستە نابەرپرسانەوە بێتە ئارا.

ئومێد دەکەم هەموو ئەوانەی لەرێگەی قەڵەمەکانیانەوە خۆیان و قەڵەمەکانیان سوک کردووە، چاوێک بە خۆیاندا بگێڕنەوە و بێنەسەر ئەو باوەڕەی کە قەڵەم بەرپرسیارێتییە و لە ئەستۆی ئەوانەدایە کە بەکاری دێنن.

# مۆنۆمێنتی بەردەقارەمان



**مەهدی جەبار - کەرکووک**

پرۆژەی مۆنۆمێنتی بەردەقارەمان بەبری (٦٠٠) ملیۆن دینارء لەسەر بودجەی (ی.ن.ک) و بەسەرپەرشتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری سلێمانی لە دەربەندی بازیان جێبەجێ دەکرێت.

(ئامانج سەعید)ئەندازیاری سەرپەرشتیاری پرۆژەکە بە (بەدرخان)ی رایگەیاند: بەمەبەستی زیندوو هێشتنەوەی مێژووی شۆرشء فیداکاری (شێخ مەحمودی نەمر) پرۆژەی مۆنۆمێنتی بەردەقارەمان لەدەربەندی بازیان جێەجێدەکرێت.

وتیشی: پرۆژەکە بریتیە لە دروستکردنی بینایەک کە لە مۆزەخانە و ریستۆرانتء پارکێکی گەورە کە بە ئیناره روناکدەکرێتەوە لەگەڵ دروستکردنی نافورە و سیاجء چەند دیوارێکی راگر.

ئەندازیاری سەرپەرشتیاری پرۆژەکە ئاماژەی بەوەشدا پەیکەرێکی گەورەی (شێخ مەحمودی نەمر) لەو شوێنەدا دادەنرێت، لەگەڵ دروستکردنی دیوارێکی کۆنکرێتی بۆ هەڵواسینی وێنەو ئەو کەلوپەلە دێرینانەی کە ماون.

هەروەها وتیشی : بەمەبەستی پاراستنی بەردەقارەمان لەهەر گۆرانکاریەک کە کەشوهەوا بەسەریدا دەیهێنێت بەنیازن لە وڵاتی ئەڵمانیاوە مادەیەکی بۆ بهێنرێت بەردەقارەمان لە تێکچوون دەپارێزێت.

# مامۆستا قادر عەبدوڵڵا یونس ژیانئاوایی لێکردین

**کازم عومەر دەباغ**

مامۆستا ئەم وشە جوان و پڕ بەهایەیە هەمیشە ڕۆژانە بۆ ڕێزلێنان لەسەر زاری ئەم و ئەو بەکاردێت بەکارهێنانی وشەی مامۆستا بەم پیرۆزیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە مامۆستا هەمیشە بەگیانێکی لە خۆ بوردوانە لە پێشەنگی خزمەت گەیاندنە بەڕۆڵەکانی میللەتەکەی وەک چرایەکە ڕێگای تاریکی ڕووناک دەکاتەوە و تەنگ بەجەهالەت و نەزانین هەڵدەچنێت لە هەموو شۆڕشەکانی کۆن و نوێی میللەتەکەمانیش پێشەنگی کاروانی تێکۆشان بووە، لەم پێناوەش سەدەها شەهیدی بەخشیوە بەم ڕێبازە. بۆیە خامۆش بوونی هەر چرایەک لەم چرایانە کاریگەری تەواوی دەبێت و زیانێکی گەورە بەپرۆسەی پەروەردەو فێرکردن دەکەوێت. چل ڕۆژ لەمەو بەر مامۆستا ( قادر عەبدوڵڵا یونس غەفووری ) لەدایک بووی ساڵی (١٩٤٦) ی شاری کۆیە دوای ململانێیەکی زۆر لەگەڵ نەخۆشی شێرپەنجە ڕۆژی (٢٠٠٩/٧/١٧) ژیانئاوایی لێکردین، خامۆش بوونی ئەم چرایە خەمێکی دیکە بوو کەوتە سەر خەمەکانی شارەکەی حاجی مامۆستای کۆچ کردوو لە بواری پسپۆری بیرکاری شارەزایەکی کەم وێنەی هەبوو بەڕوویەکی خۆش دەست بەراستەو سێگۆشەو منقلە و تەباشیر بەرەو هۆڵەکانی خوێندن دەچوو، ئەم ڕەوەشتە جوانانەی وایکردبوو خۆشەویست بێت لای قوتابیان، سەدەها قوتابی لەسەر دەستی ئەم مامۆستایە دڵسۆزە قۆناغەکانی خوێندنی باڵای تەواو کردووە، خوالێخۆشبوو بەڕێزێکی زۆر بەهاوڕێیەتی هەزارەها کەس لەجەماوەری شاری کۆیە لە گردی کەکۆن ئەم گردەی حاجی قادری کۆیی کردوویەتی بەهەوێنی شیعرەکانی بەخاک سپێردراو بۆ هەتا هەتایە هۆڵەکانی خوێندنی بەجێهێشت و درزێکی گەورەشی خستە ناو پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن، بەڵام ئەمە یاسای ژیانە هیچ کەسێک ناتوانێت خۆی لێ لابدات .

# د. کەمال مەزهەر : هەشت بەشم لە یادەوەرییەکانی خۆم نووسیوەتەوە

هەروەکو لە ژمارەکانی پێشوو، بەتایبەتی یەکەم دیداری ڕۆژنامەوانیی لەگەڵ مێژوونووسی گەورەی گەلەکەمان د.کەمال مەزهەر لە ژمارە (١)ی بەدرخانی ساڵی ٢٠٠٠ کە لەگەڵی ئەنجامماندا بە ٣ بەش بڵاوکرایەوە، کە ئێمەی ڕۆژنامەنووسان ناومان نابوو دیداری "ڕۆژانی سەخت"ی پرۆفیسۆرێکی کورد لە بەغدا، بەهەمان ڕۆحی کارکردن دیسانەوە دێینەوە حزووری ئەو پیاوە جوان و زانایە، کەبە کتێبی نوێ و زانیاری نوێوە خوێنەرانی بەدرخان ئاشنا دەکاتەوە

دیداری: حەمید بەدرخان و عەبدولڕەحمان مەعروف

*** لە چەند شوێنێک دەڵێی جوگرافیا غەدری لە کورد کردووە، تۆ پێت وایە سەرکردەکانی کورد غەدریان لە کورد کردووە یان جوگرافیا؟ مەبەست لە جوگرافیا چییە؟**

– ڕابەرانی کورد لە بارودۆخێکی یەکجار سەخت خەباتیان کردووە، هەر یەکێکیان بگری لایەنی چاکەی گەلێک لەلایەنەکانی دیکەی زیاترە، هەموو سەرکردەکانی کورد ویستویانە بە دڵسۆزی چارەسەرێک بۆ کێشەی نەتەوەکەیان بدۆزنەوە. بەلای منەوە جوگرافیا زوڵمێکی زۆری لە نەتەوەی کورد کردووە، جا ئەوە پێویستی بە ڕوونکردنەوە هەیە: کوردستان و دانیشتوانەکەی لە هیچیان کەم نەبووە، وڵاتێکی وەک بەهەشت، هەموو جۆرە خواردەمەنییەکیان هەبووە، لەبەر ئەوە کوردەکان پێویستیان نەبوو تەشەنە بکەن بۆ شوێنی دیکە بە پێچەوانەی عەرەب، عەرەب لە نیمچە دوورگەی عەرەبییەوە نیشتەجێ بوون، وڵاتێکی برسی، خاکێکی وشک و برینگ، پێویستیان بەوە بوو، کە بەرەو شوێنی دیکە برۆن. شوێنێک بێت، لە خۆت دڵنیابیت و ژیانت مسۆگەر بێت لە هەموو ڕوویێکەوە، بۆیە من لەو قوژبنەوە ئەوە دەڵێم، لە قوژبنی هەڵسەنگاندنی بابەتەکەوە، ئەگینا جوگرافیای کوردستان ئەوەندە خۆشە، ئەگەر هەر ئەو جوگرافیایە نەبوایە، شاخ و کێوی کوردستان نەبوایە بەسەنگەر بۆ خەباتی میللەتی کورد، هەڵبەتە میللەتی کورد نەیدەتوانی بەرەنگاری ئەو هەموو دوژمنە سەرسەخت و خوێنڕێژانە ببێتەوە، کە یەکجار زۆرن، شوڤێنیتی عەرەب، فارس، تورک. هەموو چاویان بڕیوەو بڕیوەتە نەتەوەی کوردو خاکی کوردستان.

*** ئێستای کورد لە کوێی هاوکێشە نێودەوڵەتییەکان دایە؟**

– ئێستای کورد گەلێک باشترە لە ڕابردووی، بەڵام ئێمە دیسانەوە دەبێ ئاگامان لە خۆمان بێت.

دەبێت بزانین کە دوژمنەکانمان زۆر سەرسەختن، هەموو وڵاتە دراوسێکانی چاویان بڕیوەتە ئەم تاقیکردنەوەیەی کوردستان، دەبێ ئەوەش لەیاد نەکەین، دیسانەوە دووپاتی دەکەمەوە، کە دەوڵەتە گەورەکان هەریەکە و بەرژەوەندی تایبەتی خۆی هەیە، هەتاکو ڕادەیەک ئەو لەگەڵ بەرژەوەندی تۆ دەڕوات، گلەیی لێ ناکرێت لە لایەکی دیکەشەوە دەبێ ئەوەش لەبەر چاوبگرین، کە ئەگەر وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نەبوایە، سەدام حوسێن نەدەڕووخاو گەلی عێراقیش ڕزگاری نەدەبوو.

بە دوژمنانی سەدام حوسێن حوکمڕانی بەعسییەکان نەدەڕووخا، دەبوایە لەشکری بێ ژماری وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا بهاتبوایە، ئەم وڵاتەی لەو تەوقەی چووبووە گەردنی ڕزگار بکردبوایە، بۆیە لەجێی خۆیەتی سوپاسی هەموو ئەو وڵاتانەش بکرێت، کە پشتگیری ڕووخانی ڕژێمیان کرد.

*** دووکتێبی بە بایەخدان بەم دواییە چاپکرد، یەکەمیان "کورد لەبەڵگەنامە نهێنییەکانی بەریتانیاو. دووەمیشیان بستێکی خاکی کوردستان بەهەموو دنیا ناگۆڕمەوە" کە ئێمە ناومان ناوە کتێبە زێڕینییەکانی مێژوویی. جگە لەو سەردانەی، کە باست کرد بۆ بەریتانیاو.. دەکرێ بزانین شتی دیکەش بەڕێوەیە؟**

– جاران کە لێیان دەپرسی کامە بەرهەمی خۆت بەلاوە خۆشەویستە؟ هەمیشە یەک وەڵامم هەبوو، دەمگوت: هەموو بەرهەمێکی نووسەر وەکو کۆرپەی وایە، هەمووی لای ئەو خۆشەویستن، بەڵام ئەگەر بێت و هەرچارم نەبێت و بڕیار بدەم، دەڵێم: کوردستان لە ساڵەکانی جەنگی یەکەمی جیهاندا. دوای ئەوە بە نهێنی خەریکی دەرکردنی کتێبێک بووم لەسەر کەرکووک. ئەو کتێبەی، کە دواتر هەر لە دەزگای بەدرخان بەش بەش بڵاوکرایەوەو گوایە دەڵێن بەمزوانە چاپدەکرێت، کە هەر خۆشتان وەرتانگێڕایە سەر زمانی کوردی، ناوم ناوە: "كركوك و توابعها حكم التأريخ والضمير/ دراسة و ثائقية عن القضية الكوردية في العراق" پێشکەشکردنەکەیم زۆر بەدڵە بەقەد ناوەرۆکەکە. نووسیومە: الى كل من يرفض ان يكون ظالما بقدر مايرفض ان يكون مظلوما. یانی پێشکەشە بەو کەسانەی ئەوەندە شەریفن وەک چۆن قبول ناکەن کەس زوڵمیان لێ بکات، ئەواش زوڵم لە کەس نەکەن. ئینجا من ئەم کتێبەم بە شێوەیەکی نهێنی دەنووسی.

لە ڕێگای کوردەکانی ئێرانەوە، بە تایبەتی بەڕێز عەبدوڵڵای حەسەن زادەوە. دەمنارد بۆ ئەو، ئەویش دەیبرد بۆ لای بەڕێز مام جەلال، لە بۆئەوەی لەشاری سلێمانی چاپیان بکات. کاک"حەمید"وابزانم تۆش یەک دووجار لە بەغدا هەڵەبڕییەکانت برد بۆ سلێمانی، ئەوکات مامۆستا"مستەفا ساڵح کەریم" هەڵەبژێری دەکرد. ئەوەبوو کتێبی یەکەمم دەرچوو، ئینجا کە لێیان دەپرسیم، دەمگوت: ئەگەر هیچ چارم نەبێ دەبێت هەر کتێبێک هەڵبژێرم، چونکە دەمویست ئاوێک بەو ئاگرە دابکرێت، چونکە نەمدەویست لەسەر کێشەی کەرکووک، نەتەوەی کورد لە ناو ببرێت. کوردستان بەجارێک تەوقی نەگبەتی بخرێتە گەردنی.

دەمگوت: ئەم کتێبەم یەکەمە لەلام. بەڵام دوای چاپکردنی ئەم کتێبە: "کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی...." ئەوجارەیان دەڵێم، ئەم کتێبەیان بەرزترین کتێب و بەرهەممە لە ژیانمدا. بەرگی یەکەمی چاپی یەکەممان کرد، بەسەرپەرشتی مامۆستا عەبدوڵڵا زەنگەنە لەبەیروت چاپی کرد و ئیدی دەنگی دایەوە و دانەیەکی لێ نەکەوتە بازاڕەوە، بۆیە پەرۆشی ئەوەبووم، کە چاپی دووەم بکرێت و بگاتە دەستی خوێنەران و هەوادارانم. بۆیە لەچاپی یەکەم هەندێ لە خەڵکەکە قۆستیانەوە، ئیدی ئەمجارەیان چاپی دووەمیش چاپکراوەو گەیشتۆتە هەولێر و مخابن لە سنووری"ژو الحدین" لەنێوان"عێراق و سوریا" زیاتر لە مانگێک دەستی بەسەردا گیرا لەپاشان ئازادکرا. هەرچەندە چاپی دووەمی کتێبێکی دیکە نزیکەی "٤٠٠" لاپەڕەیی لەگەڵدایە، ئەمەش تایبەتە بەو وتارو دیدەنیانەی، کە کراون دەربارەی ئەو کتێبە.



دکتۆر کەمال مەزهەر - هەولێر ٢٠٠٩

*** ئەدی سەبارەت بەم ناونیشانە: "بستێکی خاکی کوردستان بە هەموو دنیا ناگۆڕمەوە"؟**

– من هێشتا لە لەندەن بووم، زەنگەنە تەلەفونی بۆ کردم، وتی ناگەڕێیتەوە بۆ کوردستان. دەتەوێ لە لەندەن بمێنیتەوە؟ منیش گوتم: ئەگەر شتێک بنووسی بڵێ، کەمال مەزهەر دەڵێت: بستێک لە خاکی کوردستان ناگۆڕمەوە بە هەموو دنیا. لای خۆشمەوە وایە. ئێستا پێم خۆشە چاپی دووەمی کتێبەکەش تەواو بووە و لەگەڵ نامەیەکی ڕێک و پێکدا مامۆستا عەبدوڵڵا زەنگەنە، کە من هەر پێی دەڵێم زەنگەنەی خۆشەویست، ناردی بۆ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، بۆ ئەوەی کەوا ئاوڕ لەو کتێبەی بداتەوە، ئەو باشتر دەتوانێت دابەشی بکات، تاکو ئێستا وەڵامی ئەو نوسراوە نەبووە.

بەڵام من کتێبی دووەمیشم تەاوکردووە، کتێبی یەکەمم "٨٢٤" لاپەڕەیە، دووەم بە هیچ جۆرێک لە هی یەکەم کەمتر نییە و نابێت، ئەویش بایەخی یەکجار زۆرە. زەنگەنەش دەیەوێ هەر لەبەیروت چاپی بکات.

*** بەرگی دووەمی کێ چاپی دەکات؟**

کاتی خۆی بەڕێز دکتۆر شەفیق قەزاز پێی گوتم:

حەزدەکەین بەرگی دووەمی لەم کتێبە، بە ناوی ئەکادیمیای زانستییەوە بێت، پێمگوت: ئەرکی ئەو کارە جەنابی مام جەلال گرتوویەتییە ئەستۆی خۆی، لەبەر ئەوە دەبێت پرسێک بەو بکەم، کەبە مام جەلالم گوت، بەوپەری شادمانییەوە گوتی: زۆر زۆرم پێ خۆشە بە ناوی ئەکادیمیای زانستی کوردستانەوە بڵاوبکرێتەوە، بەڵام ئەوان بڕیاریان دا "١٠٠٠" دانەی لێ چاپ بکەن، ئاخر هەزار دانە هەر هیچ نییە بۆ ئەم کتێبە.

ئەوە بەشی دووەم بەرگی یەکەمی"کتێبی کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکومەتی بەریتانیا" ئێستا بوو بە "٥٠٠٠" وابزانم چاپی سێیەمیش دەکرێتەوە "٥٠٠٠"ی کەش دەبێ بە "١٠٠٠٠" دوای کۆچی دوایی خۆشم هەر چاپ دەکرێتەوە...

*** ببوورە، هیوادارین تەمەن درێژبن؟**

– مردن و پیری بەدەست کەس نییە، "کاکە حەمید و کاکە ئاورەحمانی مارف"

*** یانی بەرگی دووەمی کتێبی "کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکومەتی بەریتانیا "ئامادەیە بۆ چاپ؟**

– بەڵێ کاری تێدا دەکەم و بەردەوامم و بەڵکو لە چاپکردندایە"تایپ کردن"بەهیوایین لە ٢٠٠٩ چاپبکرێت.

*** لەگەڵ نووسینەوەی یادەوەرییەکانت گەیشتوویتە کوێ؟**

– ئەمیشیان بەشی هەشتەمم تەواوکردووە لە بەرگی یەکەم، بەهیوام ئەوەشیان چاپبکرێت.

**بەشی دووەم**

## ئەرکی چاپکردنی بەرگی دووەمی کتێبی "کورد لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکومەتی بەریتانیا" جەنابی مام جەلال گرتوویەتییە ئەستۆی خۆی، لەبەر ئەوە دەبێت پرسێک بەو بکەم، کەبە مام جەلالم گوت، بەوپەری شادمانییەوە گوتی: زۆر زۆرم پێ خۆشە بە ناوی ئەکادیمیای زانستی کوردستانەوە چاپ و بڵاوبکرێتەوە

## مرۆ (١١٤)

### یۆنان

هەرزوو گوتمان ساڵانە فێستیڤاڵ لە یەکێ لە وڵاتان ئەنجام دەدەین، قسەی خۆمان بردە سەرو بەهەموو ناخۆشی و دەردەسەری و قەرزاری و بێوەفایی هەندێ لە بەرپرسان و هەندێ لە کەسە نزیکەکانی بەرپرسان. بەهەرحاڵ با قەوانەکە لێبدەمەوە لەنێوان ساڵانی "٢٠٠٤–٢٠٠٩" ٥ فێستیڤاڵی بەدرخان سازدراوە لە ٢٠٠٤/٤/٢٢ لە سلێمانی و ٢٠٠٥/٤/٢٢ لە دهۆک و ٢٠٠٦/٤/٢٢ لە هەولێر و ٢٠٠٧/٤/٢٢ لە بەرلین و ٢٠٠٨/٤/٢٢ لە قاهیرەو بەنیاز بووین لە ٢٠٠٩/٤/٢٢ لە یۆنان ساز بدرابووایە، بەڵام بەهۆی سەرقاڵیمان بە ئینسکلۆپیدیای هەولێر و چەندین بەرنامەی دیکە نەتواندرا یادی ١١١ ساڵە لەکاتی خۆی بکرێتەوە، بەڵام بەڵێن و پەیمانمان دابوو، کە هەردەبێ ئەنجام بدرێت، ئەوەبوو لەمانگی نیسانی ٢٠٠٩ وەفێک چوو بۆ یۆنان بەمەبەستی ڕاوێژکردن لەگەڵ "پارتی سۆسیالیستی یۆنانی "پاسۆک"، دانیشتنەکە ئەنجامدراو بەئامادەبوونی "فیلیپۆس و ڕەوا حەمە کەریم و حەمید بەدرخان" بەرنامەڕێژییەک بۆ خۆ ئامادەکردن بەمەبەستی ڕەخساندنی کەشێکی لەبار بۆ دروستبوونی پردێکی ڕووناکبیری لەنێوان گەلی کورد و یۆناندا.

لەلایەن دەزگای بەدرخان ئامادەکاری بۆکراو بەرنامەی چالاکییەکە ڕەوانەی یۆنان کراو لەبەرامبەردا قبوڵیان کرد، وەکو هەموو ساڵان، هەندێک لە کەمینن لەسەفەرەکەبن یا نا، دەیانەوێ شەرمان پێ بفرۆشن و هێشتا کەس نەچووەو تەنیا ئامادەکاری کراوە، چەندین نو و سین و بوختان و قسەی بێ بنەما بڵاودەکەنەوە. منیش وەکو ساڵان وجاران چونکە زۆر باوەڕم بەخۆم و کردارەکانی بەدرخان هەیە، بێ گوێدانە قسەی "سووک و چروکەکان" کاری خۆمان دەکەین و پێیان دەڵێین: ئەوە دەچینە یۆنان و لە یۆنانیش وڵاتێکی دیکە هەڵدەبژێرین بۆ ساڵی ئایندە، ئێوەش دڵنیابن بەپاش دەکەون، چونکە زەمانی ڕاپۆرت نووسین بەسەرچووەو خەڵک بە ئیمەیل و کۆمپیوتەر ڕاپۆرت دەنووسێ. دەڵێ ئێوە خوێندەواریتان نییە، نازانن کۆمپیوتەر بەکاربێنن، نازانن پاسوۆردەکانمان بشکێنن، بەڵام دڵنیابن پڕۆژە جوانەکانی بەدرخان ئیفلیج نابێ بە ئیفلیجچییەکان، چونکە تا مام جەلال و کاک کۆسرەت و د. کەمال فوئادو نێچیرڤان بارزانی و عەدنان موفتی و د.کەمال مەزهەرو ئەرسەلان بایزو پیاوە بە حورمەتەکانی کوردستان مابن لەژیان بەدرخان هەرگیز پەکی ناکەوێ. چونکە ئەوکارانەی دەزگای بەدرخان ئەنجامی دەدا "١٠" بەرامبەری ئەو پارەیەیە کە مانگانە بە "٢"ملیۆن دینار بەڕێوەبچێ.



حەمید ئەبوبەکر بەدرخان

**ڕۆژنامەنووسان، ڕووناکبیران، نووسەران**

دەرگای دەزگای بەدرخان واڵایە بۆ هەر پڕۆژەو کارێک کە پێویستی بە ئێمەبوو، چونکە ئێمە بۆ "پارەو ئیمتیازو شتی لابەلا" کارناکەین، هەرچیش بە ئێمە بکرێ بۆ "ژیاندۆستی، ژیانخۆشی" ئامادەین ئەنجامی بدەین، لەمڕۆ بەدواوە هەرچی پڕۆژەی ناکرێ و ئەستەم و مەحاڵە دەکرێ بە گوێگرتن و لێبووردن لەیەکتری ئەنجام بدرێ. هەموو کارەکانی کردوومانە سەرەتا لەلایەن ئەنجومەنی دەزگای بەدرخان مەحاڵ بووەو لەپاشان بۆتە ئەمری واقیع. هەرچەندە سەرەتا پڕۆژەی جێبەجێکردنی پڕۆژەی پردی ڕووناکبیری کوردی و یۆنانی ئەستەم بوو، چونکە لەڕووی داراییەوە لاوازبووین، بۆیە بڕیاردرا ئەوانەی کە هەڵبژێردراون بەمەبەستی بەشداریکردن هەریەکەو "١٠٠" دۆلاریان لێوەرگیرا. بۆئەوەی کەس گلەیی نەکات، دووەمیشیان هەندێ کەس ئامادە نەبوون "١٠٠" دۆلارەکەش بدەن و دەیانگوت: دێین و ئەگەر بەجێشبمێنین لەسەرتان دەنووسین، بۆیە لەکۆتایی کردمان بە تیروپشک لەوانە "٢٥" کەس دەرچوون و بەهیواین لە کۆتایی مانگی ئەیلوولی ٢٠٠٩ چالاکییەکە ئەنجامبدرێت..

رای ئازاد

# بۆچی سوپاسالاری توركیا بێده‌نگه‌؟

**كه‌مال محێدین**

بێده‌نگی سوپای توركیا له‌سه‌ر كێشه‌ی كورد مه‌ترسییه‌كی گه‌وره‌ی له‌دواوه‌یه‌، به‌تایبه‌تی له‌م كاته‌ ناسكه‌دا كه‌ وه‌زعی توركیا زۆر خراپه‌، به‌تایبه‌تی له‌ڕووی سه‌ربازی و سیاسی و ئابووری و جگه‌ له‌وه‌ش كه‌ ڕۆژانه‌ له‌ میدیاكاندا باس له‌وه‌ ده‌كه‌ن، كه‌ سه‌رۆك كۆماری توركیا و سه‌رۆك وه‌زیرانی سه‌رقاڵی باسكردنی كێشه‌ی كورد و چاره‌سه‌ركردنی ده‌كه‌ن و هه‌ندێ به‌ڵێن و هه‌ڵوێستی تازه‌ به‌گوێی كورددا ده‌ده‌ن، هه‌رچه‌نده‌ هه‌مووی ته‌نها قسه‌ی ڕۆژانه‌و سه‌رزاره‌كییه‌، به‌بێ ئه‌وه‌ی كرده‌وه‌یه‌كی دیار و سوودمه‌ندی له‌دواوه‌بێت بۆ كێشه‌ی كورد. له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا به‌لای ئێمه‌وه‌ قسه‌كانیش به‌ دیارده‌یه‌كی گه‌شبینی و پێشكه‌وتن له‌ قه‌ڵه‌م ده‌درێت، به‌ مه‌رجێك باجه‌كه‌ی قورس نه‌بێت له‌سه‌ر جوڵانه‌وه‌ ئازادیخوازه‌كه‌ی كورد له‌ كوردستانی به‌زۆر به‌ستراو به‌ توركیا.

به‌ڵام به‌داخه‌وه‌ له‌گه‌ڵ به‌ڵێن و هه‌ڵوێسته‌ تازه‌كانی توركیا ده‌بینین ڕۆژانه‌ هێرشه‌ دڕنده‌كانی حكومه‌تی توركیا بۆ سه‌ر كوردستان و پێشمه‌رگه‌كانی په‌كه‌كه‌ به‌رده‌وامه‌ به‌ تۆپ و فڕۆكه‌ی جه‌نگی و ده‌بابه‌ی په‌یمانی"ناتۆ" دێهاته‌كانی كوردستان وێران ده‌كرێت و سه‌ده‌ها دانیشتوانی ئه‌و ناوچانه‌ دووچاری كوشتن و بریندار بوون و ده‌ربه‌ده‌ری ده‌بن و مه‌روماڵات و كشتوكاڵه‌كانیان تاڵان ده‌كرێت بێ ئه‌وه‌ی خواناسێك یا دیموكراتخوازێك یا مافپه‌روه‌رێك له‌ سوچێكی ئه‌م دنیا پان و به‌رینه‌ ناڕه‌زاییه‌ك ده‌رببڕن به‌رامبه‌ر به‌و سته‌مكارییه‌ی توركیا كه‌ به‌رامبه‌ر كورد و كوردستان ئه‌نجامی ده‌دات.

ئه‌م هێرشه‌ چڕو قورسانه‌ بۆ سه‌ر كوردستان دووباره‌و سێ باره‌.. ده‌كرێنه‌وه‌، كه‌ پارتی كرێكارانی كوردستان بۆ چه‌ندجار بانگه‌شه‌ی شه‌ڕ و ڕاگرتنی داوه‌و شه‌ڕی وه‌ستاندووه‌، به‌ڵام حكومه‌تی توركیا ئه‌م شه‌ڕ ڕاگرتنانه‌ی به‌ ترس و بێهێزی په‌كه‌كه‌ لێكده‌داته‌وه‌و هێرشی زیاتر و توندتر و دژوارتری كردۆته‌ سه‌ر كوردستان و هێزه‌كانی په‌كه‌كه‌، به‌ڵام هه‌موو دنیا ده‌زانێ له‌ماوه‌ی ٢٥ساڵی ڕابردوو تائێستا هه‌موو هێرش و پیلانه‌كانی سوپای توركیا پووچه‌ڵكراونه‌ته‌وه‌و ئه‌نجامه‌كه‌شی زه‌ره‌روزیان به‌ كورد و تورك گه‌یشتووه‌، له‌ هه‌موو بواره‌كانی ژیان، هه‌ربۆیه‌ خه‌زێنه‌كه‌ی توركیا به‌ره‌و به‌تاڵبوون ده‌ڕوات.

به‌ڵێ جه‌نابی عه‌بدوڵڵا گویل سه‌رۆك كۆماری توركیا و به‌ڕێز ئه‌ردۆغان سه‌رۆك وه‌زیرانی توركیاو سه‌رۆكی په‌رله‌مانی توركیاو وه‌زیری ناوخۆی توركیاش هه‌موویان باشتر و باشتریش له‌ جاران قسه‌یان كردووه‌و به‌ڵێن ده‌ده‌ن به‌چاره‌سه‌ركردنی كێشه‌ی كورد و كێشه‌ی گه‌لی كوردستانی به‌زۆر به‌ستراو به‌ توركیا، كه‌ مافی چاره‌نووسی خۆی هه‌یه‌و ڕێبه‌ره‌ سیاسی و سه‌ربازییه‌كه‌ی په‌كه‌كه‌یه‌ له‌گه‌ڵ حیزبی كۆمه‌ڵگای دیموكراتی، واتا ده‌بێ توركیا له‌گه‌ڵ ئه‌م دوو حیزبه‌ قسه‌و دیالۆگ بكات و قۆناغ به‌ قۆناغ داخوازییه‌كان بخه‌نه‌ سه‌ر مێزی قسه‌كردن و ته‌نها هێڵی سوور ده‌بێ جیابوونه‌وه‌ی كورد بێت له‌ توركیا. ئه‌گینا قسه‌كردن و خوێندن و نووسین به‌كوردی له‌گه‌ڵ پێناسه‌ی گه‌ل و نه‌ته‌وه‌ی كورد له‌ناو ده‌ستووری داهاتووی توركیاو ده‌سه‌ڵاتی خوود موختاری بۆ كورد له‌ كوردستانی توركیا ئه‌مانه‌ هه‌مووی به‌شێكن له‌ چۆنیه‌تی چاره‌سه‌ركردنی كێشه‌ی كورد، به‌ڵام ڕاستییه‌ك هه‌یه‌ نابێ له‌بیرمان بچێت ئه‌ویش هه‌ڵوێستی پارته‌ نه‌یاره‌كانی حكومه‌تی توركیاو دوژمنه‌ سه‌رسه‌خته‌كانی كوردن"پارتی گه‌لی كۆماری و پارتی نه‌ته‌وایه‌تی" كه‌ به‌بێ حیساب دوژمنی كوردن و به‌هیچ جۆرێك ملكه‌چ نابن بۆ بچووكترین مافی كورد، ئه‌مه‌ش وامان لێده‌كات كه‌ ده‌بێ یارمه‌تی پارتی داد و گه‌شه‌پێدان بده‌ین له‌ هه‌ندێ هه‌ڵوێستی جۆراوجۆر بۆئه‌وه‌ی ئه‌و دوو پارته‌ی سه‌ره‌وه‌ له‌گه‌ڵ سوپای توركیا بیر له‌ كوده‌تا نه‌كه‌ن و ئه‌و تروسكه‌ ئومێده‌ی هه‌شمانه‌ بكوژێته‌وه‌و وڵات بكه‌وێته‌وه‌و سه‌ر شه‌ڕی مردن و ژیان.

به‌لای ئێمه‌وه‌ له‌ هه‌موو شتێك گرنگتر ئه‌وه‌یه‌ به‌ ره‌سمی شه‌ڕ ڕابگیرێت له‌نێوان كورد و سوپای توركیاو توندوتیژی دژی كورد نه‌مێنێ پاش ئه‌وه‌ ڕووبه‌ڕوو هه‌ردوولا بكه‌ونه‌ گفتوگۆی جددی و ئاراسته‌كراو به‌ ته‌رازوییه‌كی مام ناوه‌ندی ده‌خوازی و باجه‌كانیان بكێشرێن، چونكه‌ نه‌ ته‌رازووه‌كه‌ی پارتی داد و گه‌شه‌پێدان نه‌ته‌رازووه‌كه‌ی په‌كه‌كه‌و كوردیش له‌م قۆناغه‌ ده‌توانن ئامانج و بابه‌ته‌كان به‌ ڕاست و دروستی نیشان بده‌ن، چونكه‌ لێكتێگه‌یشتن زۆری ماوه‌و هه‌ندێ لایه‌نی توندڕه‌و له‌ ده‌رفه‌ت ده‌گه‌ڕێن بۆ تێكدانی هه‌موو نزیكبوونه‌وه‌یه‌ك له‌نێوان كورد و حكومه‌تی توركیا.

به‌ڵام پێداگرتنی حكومه‌تی توركیا له‌سه‌ر چه‌ك دانانی په‌كه‌كه‌ به‌بێ لێبووردنی گشتی و ناردنی سه‌ركرده‌كانی په‌كه‌كه‌ به‌ عه‌بدوڵڵا ئۆجه‌لانی به‌ڕێزیش بۆ لای به‌ڕێز مام جه‌لال یا به‌ڕێز مه‌سعود بارزانی وه‌ك په‌ناهه‌نده‌ی كاتی و



عه‌بدوڵڵا ئۆچ ئالان - سه‌رۆكی پارتی كرێكارانی كوردستان

دروستكردنی دوو لیژنه‌ی به‌رامبه‌ر بۆ ده‌ستپێكردنی گفتوگۆكردن پێش ئه‌و هه‌نگاوانه‌ باوه‌ڕ ناكه‌م هیچ متمانه‌یه‌ك له‌لای كورد دروست ببێت، چونكه‌ ئه‌گه‌ر په‌كه‌كه‌ چه‌كی داناو له‌ شاخ و دێهات هاتنه‌ خواره‌وه‌و توركیاش له‌گه‌ڵ عێراق هێزیان نارده‌ سنووره‌كان ئه‌وكات توركیا ده‌یكاته‌ هه‌ڵڵاو پڕوپاگه‌نده‌ی چاره‌سه‌ركردنی كێشه‌ی كورد هه‌روه‌ك حكومه‌تێكی دیكتاتۆری گه‌ر بیه‌وێ كێشه‌ی خۆپێشاندانێكی نیشتیمانی دژ به‌خۆی چاره‌ بكات هه‌ڵسێت به‌ كوشتن و تیرۆركردنی خۆپێشانده‌ره‌كان و دوایی بڵێت كێشه‌كه‌م چاره‌سه‌ركرد، به‌ڵام كێشه‌ی كورد ته‌نها په‌كه‌كه‌و عه‌بدوڵڵا ئۆجه‌لانی به‌ڕێز نییه‌، به‌ڵكو كێشه‌ی ٢٠ بیست ملیۆن كوردی توركیایه‌ له‌ماوه‌ی ٢٥–٣٠ ساڵی ڕابردوو شه‌یدای شۆڕش بوونه‌ له‌پێناو ئازادی و كه‌رامه‌ت و خۆشگوزه‌رانی و ئاسووده‌یی وڵاته‌كه‌یان هه‌زاره‌ها قوربانیان داوه‌، بێگومان ئه‌و دۆخه‌ی ئێستا بۆ پارتی دادو عه‌داله‌ت هه‌ڵكه‌وتووه‌ ڕه‌نگه‌ له‌ده‌ست بچێت و گۆڕانی گه‌وره‌تر به‌سه‌ر توركیادا بێت، بۆیه‌ تا زووتر ئه‌م كێشه‌ی كوردستانی توركیا چاره‌سه‌ر بكرێت زیاتر له‌ به‌رژه‌وه‌ندی حكومه‌ت و گه‌لی توركیای دۆستی كورده‌و زه‌ره‌رو زیانه‌كانیشی ڕاده‌وه‌ستن.

هه‌موو چاودێرێك ده‌زانێ، كه‌ ده‌سه‌ڵاتی توركیا له‌سه‌ر سێ كۆڵه‌گه‌ی بنه‌ڕه‌تی دامه‌زراوه‌، یه‌كه‌میان: پارتی داد و گه‌شه‌پێدان، واتا حكومه‌ت. دووه‌میان سوپای توركیا. سێیه‌م: پارته‌ نه‌یاره‌كانی حكومه‌ت واتا پارتی گه‌لی كۆماری و جوڵانه‌وه‌ی نه‌ته‌وایه‌تی تورك.

ئه‌م سێ كۆڵه‌گه‌یه‌ هه‌ریه‌كه‌یان به‌رژه‌وه‌ندی تایبه‌تی خۆی هه‌یه‌و ڕێگا خۆشده‌كات بۆئه‌وه‌ی هه‌میشه‌ ده‌سه‌ڵاتدارو خاوه‌ن پایه‌و سالار بێت. ئه‌گه‌ر سه‌رنجێك بده‌ینه‌ پارتی دادو گه‌شه‌پێدان كه‌ میراتگری حیزبی ئیسلامی به‌ڕێز"ئه‌ربه‌كان"ه‌، پارتێكی ئیسلامی ته‌واوه‌و نه‌یاره‌كانی بریتین له‌ هه‌موو پارت و هێزه‌ چه‌پ و ڕاسته‌كانی توركیا له‌گه‌ڵ دوژمنه‌كانی ده‌وروپشتی، بۆیه‌ ئه‌گه‌ر له‌ ڕۆژانێكی تایبه‌تی توانی بێته‌ سه‌ر حوكم و ده‌سه‌ڵات وه‌ربگرێت ڕه‌نگه‌ ئه‌م ده‌ستكه‌وته‌ی هه‌میشه‌یی نه‌بێت، بۆیه‌ په‌نا ده‌باته‌ به‌ر كورد بۆ مسۆگه‌ركردنی ٧–٩ ملیۆن ده‌نگ له‌ هه‌ڵبژاردنی داهاتوو، هه‌روه‌ها ترسی ئه‌وه‌یان هه‌یه‌ كه‌ وه‌زعی سیاسی و ئابووری و كۆمه‌ڵایه‌تی ئاڵۆزتربێت له‌ ئه‌نجامی شه‌ڕی توركیا دژی كورد، ئه‌مه‌ش ببێته‌ هانده‌رێك بۆ سوپای توركیا كوده‌تایه‌ك بكات و هه‌موو سه‌رۆكه‌كانی دادو گه‌شه‌پێدان بده‌نه‌ دادگا به‌تاوانی خیانه‌تی ده‌ستووری توركیا.

دیسان فشاری ئه‌وروپاو ئه‌مریكا له‌سه‌ر حكومه‌تی توركیا بۆ به‌رقه‌راربوونی ئاسایش و دیموكراتیه‌ت له‌ توركیا ئه‌مه‌ش به‌بێ چاره‌سه‌ركردنی كێشه‌ی كورد زۆر مه‌حاڵ و دووره‌ ده‌سته‌ له‌گه‌ڵ هه‌موو ئه‌مانه‌ی سه‌ره‌وه‌ ده‌بێ ئه‌وه‌ش بڵێین ڕه‌نگه‌ ئه‌و پارته‌ وه‌ك هه‌موو پارتێكی خواپه‌رستی ڕاسته‌قینه‌ دژی زوڵم و زۆرداری بێت و ئاره‌زووی پێكه‌وه‌ ژیانیان هه‌بێت له‌گه‌ڵ هه‌موو گه‌ل و نه‌ته‌وه‌كانی توركیا، خۆ له‌ هه‌موو لایه‌كیش ڕوونه‌ كه‌ له‌ ئیسلامدا یه‌ك ئۆمه‌ت هه‌یه‌و هه‌موو تاكه‌كانی به‌پێی قورئانی پیرۆز مافیان پارێزراوه‌و بۆچوونی نه‌ته‌وه‌ سالاری له‌ دینی ئیسلامدا نییه‌.

گه‌ر بێینه‌ سه‌ر سوپای توركیاو ئه‌فسه‌ره‌ گه‌وره‌كانی ده‌بینین ئه‌وانه‌ ته‌نها به‌ چه‌ك و هێز و ئه‌ستێره‌ بریقه‌داره‌كانی سه‌رشانیان ده‌نازن و خاوه‌نی بیروباوه‌ڕی سیاسی و دیموكراسی و به‌رنامه‌ی ئابووری و كۆمه‌ڵایه‌تی نین و كۆمه‌ڵانی خه‌ڵكی توركیا به‌چاوێكی نادۆستانه‌ ته‌ماشایان ده‌كات و هیچ كاتێ له‌ كه‌ش و هه‌وایه‌كی دیموكراسی و یه‌كسانی ناتوانن پله‌و ده‌ستكه‌وته‌كانی خۆیان بپارێزن، بێگومان ناشیانه‌وێ واز له‌ ده‌ستكه‌وته‌كانیان بهێنن و بچنه‌وه‌ ماڵه‌كانیان یان له‌ چایخانه‌كانی ئه‌نقه‌ره‌و ئه‌سته‌نبوڵ وه‌ك خانه‌نشینكراو درێژه‌ به‌ژیانیان بده‌ن، بۆیه‌ ئه‌م هێزه‌ گه‌وره‌ی ئێستای توركیا، واتا سوپای توركیا كه‌ ده‌توانێ له‌ هه‌ر كات و ساتێ كوده‌تا ده‌ستپێبكات به‌ مه‌رجێك ئه‌مریكا ڕه‌زامه‌ندی له‌سه‌ربێت. بۆیه‌ هه‌روه‌كو وتمان: تا ئێستاش سوپا سالاری له‌ توركیا به‌رقه‌راره‌، به‌ڵام بێده‌نگی و خۆ ماتكردنیان ته‌نها بۆ ئه‌وه‌یه‌، كه‌ نه‌یاره‌كانیان واتا حكومه‌ت و ئۆپۆزیسیۆن"پارتی گه‌لی كۆماری و جوڵانه‌وه‌ی نه‌ته‌وایه‌تی تورك"ن، دژی یه‌كتری بجه‌نگن و وه‌زعی وڵات ئاڵۆزتربێت و شه‌ڕو پێكدادانیش له‌گه‌ڵ كورد به‌رده‌وام بێت، بۆئه‌وه‌ی تاكه‌ چاره‌ ڕووخانی حكومه‌تی داد و گه‌شه‌پێدان بێت له‌گه‌ڵ دروستكردنی حكومه‌تێكی سه‌ربازی توندڕه‌وی سه‌ر به‌ ئه‌مریكاو ئیسرائیل و كۆنه‌ په‌رسته‌كانی ناوچه‌كه‌.

هه‌ربۆیه‌ش سوپای توركیا نایه‌وێت نه‌ك به‌ ئاشتی كێشه‌ی كورد چاره‌سه‌ر بكرێت به‌لای ئێمه‌وه‌ تا ڕاده‌یه‌ك شه‌ڕ له‌ كوردستان كۆتایی نه‌بێت، چونكه‌ پاره‌و پله‌و پایه‌كانیان له‌ده‌ست ده‌ده‌ن و نه‌وتیش به‌ ئاسووده‌یی ده‌ڕوات بۆ وڵاتانی ئه‌مریكاو ئه‌وروپا.

ده‌مێنێته‌وه‌ پارته‌ نه‌یاره‌كانی حكومه‌تی توركیا ئه‌مانه‌ واتا"پارتی گه‌لی كۆماری و جوڵانه‌وه‌ی نه‌ته‌وایه‌تی"پاشماوه‌ی پارته‌كه‌ی مسته‌فا كه‌مال"ئه‌تاتوركن"، كه‌ به‌خوێنی سه‌ری كورد توێنین و له‌ نه‌ته‌وه‌ی تورك به‌ولاوه‌ كه‌س به‌ نه‌ته‌وه‌ نازانن و هه‌میشه‌ خه‌ون ده‌بینن به‌ گه‌ڕانه‌وه‌ی ئیمپراتۆرییه‌تی توركیا، بۆیه‌ هه‌میشه‌ دژی كورد و هه‌موو نه‌ته‌وه‌كانی ناو توركیان ڕێگایان نادەن كه‌س به‌ زوبانی دایكی خۆی قسه‌ بكات، هه‌موو ئازادییه‌كان و مافه‌كانی مرۆڤ و یه‌كسانیان قه‌ده‌غه‌ كردووه‌ له‌ ڕۆژانی ده‌سه‌ڵاتی ئه‌تاتورك له‌ساڵی ١٩٢٣ تا ئێستا، بێگومان ئه‌م دوو حیزبه‌ دژی مرۆڤایه‌تی و گه‌لی تورك و وڵاتی توركیان به‌ هه‌موو نه‌ته‌وه‌كانیانه‌وه‌، بۆیه‌ ده‌بێ هه‌موو ئه‌ندامێكی كۆمه‌ڵگای توركیا هه‌وڵبدات ئه‌م پارتانه‌ به‌خۆیاندا بچنه‌وه‌و تێبگه‌ن كه‌ ڕۆژانی ئیمپراتۆرییه‌تی عوسمانی و ده‌سه‌ڵاتی ئه‌تاتورك ڕۆیشت و تازه‌ ناگه‌ڕێته‌وه‌، ده‌بێ تێیان بگه‌یه‌نین كه‌ ئێستا چه‌رخی ٢٠ و ٢١ی ژیانه‌، ڕۆژی ته‌بایی و یه‌كسانی و ئاشتی و خۆشگوزه‌رانییه‌، ڕۆژی دایه‌لۆگ و لێك تێگه‌یشتنن بۆ چاره‌سه‌ركردنی كێشه‌كانی ناو هه‌موو كۆمه‌ڵانی دنیا كاتی ئه‌وه‌ نه‌ماوه‌ به‌ تۆپ و فڕۆكه‌ و زرێپۆش وه‌ڵامی خاوه‌ن هه‌ق بده‌نه‌وه‌، ئه‌مه‌ش به‌ ئاسانی ده‌ستمان ناكه‌وێت، ده‌بێ هه‌وڵبده‌ین له‌ناو خراپه‌كان خراپتر دوور بخه‌ینه‌وه‌و نه‌هێڵین ده‌سه‌ڵات بگرنه‌ ده‌ست و له‌ناو باشه‌كانیش باشتره‌كان به‌هێز بكه‌ین و یارمه‌تیان بده‌ین بۆ مانه‌وه‌یان له‌ ده‌سه‌ڵات و به‌ دایه‌لۆگ و ئامۆژگاری باشتریان بكه‌ین.

پاش هه‌موو ئه‌و بۆچوونانه‌مان ئێمه‌ به‌ وردی و زانستیانه‌ پێگه‌و هه‌ڵوێست و توانای پارتی داد و گه‌شه‌پێدان ده‌زانین دۆست و نه‌یاره‌كانیان دیار و ئاشكران، دۆستیان كه‌مه‌و نه‌یاریان زۆره‌ له‌ناوه‌وه‌و ده‌ره‌وه‌ی توركیا، ئه‌گه‌ر له‌گه‌ڵ كورد و نه‌ته‌وه‌كانی ناو توركیا باش ڕه‌فتار بكه‌ن ده‌توانن زاڵبن به‌سه‌ر نه‌یاره‌كانیان و ئاسووده‌یی و خۆشگوزه‌رانی بگه‌ڕێننه‌وه‌ ناو توركیاو خۆشیان له‌ ده‌سه‌ڵات بمێننه‌وه‌، پێمان باشه‌ هێزه‌ بچووكه‌كانی ناو توركیاش پارت و ڕێكخراوه‌ نیشتیمانپه‌روه‌ر و دیموكراتخواز و مافپه‌روه‌ره‌كان له‌ناو هه‌موو چین و پیشه‌یه‌كان به‌ هه‌مان ته‌رازوو ته‌ماشای ڕه‌وشی وڵات و كاربه‌ده‌ستان بكه‌ن، ئه‌وه‌ی زۆر خراپه‌ له‌ناو خراپه‌كان سنوورداری بكه‌ن، له‌ناو باشه‌كانیش پشتی هه‌ره‌ باشه‌كان بگرن و له‌ ده‌سه‌ڵاتیان كه‌م نه‌كه‌نه‌وه‌.

به‌ برا دڵسۆز و كوردپه‌روه‌ره‌كانی توركیاش ده‌ڵێم ورده‌ ورده‌ پایه‌ پایه‌ قۆناغ قۆناغ ئه‌وه‌نده‌ له‌ كاربه‌ده‌ستان داوا بكه‌ین كه‌ توانای جێبه‌جێكردنیان هه‌یه‌و باجی ئێمه‌ش له‌م جێبه‌جێكردنانه‌ نابێ زیاتر بێت ئه‌وه‌ی ئه‌مڕۆ له‌ توركیا قه‌بووڵ ده‌كرێت ١٠ساڵ پێش ئێستا كوفر و مه‌حاڵ بوو، با ئه‌و كوفرو مه‌حاڵه‌ دووباره‌ نه‌بێته‌وه‌و ڕۆژگاریش دوورودرێژه‌و ڕه‌و ڕه‌وه‌ی جوڵانه‌وه‌ی ئازادیخوازانه‌ی كورد به‌رده‌وامه‌و كاروانی كوردایه‌تی ڕۆژانه‌ ڕێچكه‌كه‌ی درێژو ئاوه‌دانتر ده‌بێت و سه‌ركه‌وتنیش هه‌میشه‌ بۆ ڕاستی و دادپه‌روه‌ری و یه‌كسانییه‌، مردن و ڕووڕه‌شیش بۆ بازرگانه‌كانی شه‌ڕوپێكدادان و نه‌فامی و له‌خۆبایی و خۆپه‌رستییه‌.

## له‌ قسه‌ خۆشه‌كانی مه‌لا محه‌مه‌دی عه‌لیاوه‌یی

### ئه‌من ده‌ناسی سه‌ید ساڵح سه‌ید ساڵح ده‌ناسی خوا

له‌ ساڵی (1946)م فه‌قێیه‌ك وتی: مه‌لای مانگی ڕه‌مه‌زان بووم له‌ گوندی سماق شیرینی ده‌شتی كۆیێ گوندی حاجی سه‌ید كاكل كه‌ پیاوێكی زه‌ریف و به‌دین بوو، ڕه‌مه‌زان له‌ مانگی ته‌مووز بوو، دیتمان پاش نیوه‌ڕۆیه‌ك كابرایه‌كی ته‌نگ ئه‌ستووری چوارشانه‌ په‌یدا بوو به‌سواری ماینه‌كی شێ، ته‌مه‌نی له‌ده‌وری (60) ساڵی دابوو گه‌یشته‌ جێ، ماندوو بوونیان لێ كرد، كه‌وایه‌ك و سه‌ڵته‌كی به‌ خه‌رجه‌و قه‌تانی له‌به‌ر بوو دیار بوو حاجی سه‌ید كاكل و خه‌ڵكه‌كه‌ ده‌یاننناسی ناوی سه‌ید ساڵح بوو خه‌ڵكی شاری موسڵ بوو، له‌دوای ویش جه‌ره‌بێك گه‌یشته‌ جێ، یه‌كێكیان عاره‌ب بوو، به‌ڵام كوردییه‌كی خراپی ده‌زانی. منیش پرسیم ئه‌م سه‌ید ساڵحه‌ چییه‌، وتیان مووسرییه‌ "موسڵاوی"یه‌، ده‌مێكه‌ هاتوچۆی بێره‌ دایه‌، ده‌چی له‌ مه‌رگه‌و پشده‌رو بێتوێن و عه‌جه‌م جه‌ره‌ب (مه‌ڕ و بزن) ده‌كڕی زۆربه‌ی جه‌ره‌به‌كه‌شی ماری دزیارییه‌ ده‌یبا بۆ وڵاتی سوریا ساغی ده‌كاته‌وه‌.

عه‌سرێ نوێژ كرا و مه‌غریب فتار كراوه‌ چا لێندراو نوێژی عیشا جه‌ماعه‌ت و ته‌راویح كرا، جا دانیشتین ده‌ستمان به‌ قسه‌ كرد. سه‌ید ساڵح خۆی وا پێشان دا كه‌وا نوێژ ده‌كاو به‌ڕۆژووه‌ جا مه‌لایه‌كه‌ وتی: ڕووم له‌ شوانه‌ جه‌ره‌به‌كه‌ی عاره‌ب كردو لێم پرسی خه‌ڵكی كێنده‌ری وتی: هی ده‌وراو پشتی موسر، وتم نوێژ ده‌كه‌ی؟ وتی: لا والله‌. به‌ڕۆژوو ده‌بی وتی: لا والله‌. خوا چه‌نده‌و پێغه‌مبه‌ر كێیه‌ و مه‌زهه‌ب چه‌نده‌ وتی ئه‌من نازانی ئه‌م شتانه‌.



مه‌لا محه‌مه‌دی عه‌لیاوه‌یی

وتم: ئه‌دی كه‌ مردی و حه‌شرو حیسابیان له‌گه‌ڵ كردی ئه‌تو ده‌چی له‌ جه‌هه‌نده‌م، (مه‌جریسه‌كه‌ هه‌مووی له‌م گفتوگۆیه‌ ئاگادار بوون)، كابرا وه‌ڵامی دایه‌وه‌و وتی، ئه‌من نازانی ئه‌م چشتانه‌ ئه‌من ده‌چی له‌ به‌حشت، چونكه‌ ئه‌من ده‌ناسی سه‌ید ساڵح سه‌ید ساڵح ده‌ناسی خوا ئه‌مه‌نده‌ به‌سه‌ له‌بۆ من، بێ دین هه‌یه‌ له‌كن مه‌ هه‌م ناناسی هی وه‌كی سه‌ید ساڵح. جا بووه‌ پێكه‌نین و به‌زم.

ئه‌م قسه‌یه‌ بووه‌ په‌ند ئه‌من ده‌ناسی سه‌ید ساڵح سه‌ید ساڵح ده‌ناسی خوا، ئه‌مه‌نده‌ به‌سه‌ له‌بۆ من بێ دین هه‌یه‌ له‌كن مه‌ هه‌م ناناسی هی وه‌كی سه‌ید ساڵح، له‌م وتووێژه‌ش سه‌ید ساڵح خۆی مات كردبوو وه‌كی بڵێی ئه‌م جه‌وابه‌ی پێ خۆش بوو؟

### به‌گێی به‌دگۆیان مه‌كه‌

كابرایه‌ك ویستی له‌زێی بادینان بپه‌ڕێته‌وه‌، جاران پرد نه‌بووه‌، بڕ هه‌بووه‌، خه‌رك له‌بڕ په‌ڕیته‌وه‌.

بڕ ئه‌وه‌یه‌ زێیه‌كه‌ له‌و ڕاست پان و ته‌نك بێ، كابراش به‌ پاڵی ده‌په‌ڕیته‌وه‌، دارێك ده‌داته‌ به‌رخۆی، یاخۆ كلكی وڵاغێكی ده‌گرێ، ئه‌گه‌رچی تیژ بێت، به‌ڵام ده‌په‌ڕێته‌وه‌.

جا كابراش شاره‌زا نه‌بوو، هاته‌ سه‌ر زێ، وای زانی كه‌ ئه‌و ڕاسته‌ بڕه‌، ئه‌س قه‌زا كابرایه‌كیش له‌وكات له‌وێ بوو، له‌ ده‌و زێیه‌كه‌، كابرای تر لێی پرسی: برا ئێره‌ بڕه‌؟ وتی: به‌ڕێ.

وتی: ئه‌گه‌ر بردمی؟

ئه‌ویش وتی: ئه‌گه‌ر بڕ نه‌بوو تۆی برد دوو تفم لێ بكه‌، خۆ من درۆت له‌گه‌ڵ ناكه‌م.

جا كابرا ملی به‌ زێیه‌كه‌وه‌ نا، زێ تیژه‌، هاڕه‌ی دێ، قووڵ، به‌ردی لووس، كابرا كه‌ چووه‌ ناوی و زانی كه‌وته‌ هیلاكه‌ت.

كابرای ناو زێ هاواری كرد وتی: كوڕه‌ تۆ به‌ منت وت: بڕه‌ ئێستا ئه‌وا بردمی.

كابرای تریش وتی: مه‌رجی مه‌ دوو تف بووه‌ جا دوو تفی خۆت بكه‌ و خواحافیزت بێ، حه‌زده‌كه‌ی له‌ دوات دێمه‌ به‌غدا له‌وێ مه‌حكه‌مه‌ی خۆمان ده‌كه‌ین.

جا زێیه‌كه‌ كابرای ڕفاند و خنكاندی، كابرای تریش پێی پێده‌كه‌نی.

بۆ زانین: په‌سند نییه‌ یه‌كه‌و جار به‌گوێی خه‌ڵك بكه‌ی، چونكه‌ به‌دكار زۆره‌.

ئا: د. عه‌بدوڵڵا عه‌لیاوه‌یی

# حاجی مەمۆ : لە شەستەکانی سەدەی رابردوو زۆر کۆڵەوار بووین



**حاجی مەمۆ**

رۆژگاری شەستەکان، ناو شاری هەولێر لە چاو ئێستاکێ هەرلە شارە گوندێکی وەک قوشتەپەی دەکرد، ژمارەی دانیشتوانی هیچ کاتێک وەکو هەنووکە زۆر نەبووە، کارو کاسبی زۆر سنوردار بوو، بەشێکی زۆری خانووبەرەکانی گەڕەکە لاچەپەکان لە قوڕ دروستکرابوون، بە تایبەتی خەڵکە هەژارو نەدارەکان، کە بە زۆری کەوتبوونە گەڕەکی سەیداوەو گڵکەند و تەیراوە و سێتاقان و بەستەپیازەو کوران، بەڵام بەشێکی زۆری گەڕەکی ئازادی و ئیسکان و قەڵا و تەعجیل و عارەبان و مستەوفی و خانەقا و سەعدوناوە و گەڕەکی وێستگەی شەمەندەفەر و ڕۆناکی و شۆڕش و کانی، لەبەرد و کەرپووچ "خشتی کارگە" چیمەنتۆ بوون و هەر لە زووەوە گەڕەکەکانی هەولێر بە شێوەیەکی بازنەیی بەدەوری پیرە قەڵاتی هەولێر نەشونمایان کردووەو شار ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گەورەتربووە، خەڵکەکەی ناو شار بێجگە لە فەرمانبەر و مامۆستا و پۆلیس، بەشێکیان کارمەندی ماڵی خۆیان بوون، هەر لە دوکاندار و کرێکار و بگرە تادەگاتە زێرنگر و کەبابچی و چایچی و سەوزەفرۆش، لەوان ڕۆژاندا ئێستاکەش لەبەرچاومە و لە گوێم دەزرینگێتەوە، بەتایبەتی لە ڕۆژانی هاوین، کە لە جیاتی سەهۆڵ ئەو تاشە بەفرە بەستووەی شاخەکانی کوردستانیان بە سواری وڵاغی بەرزە دەهێنا لەسەر کوچەو کۆڵانەکان هاواریان دەکرد"بەفری سەفین" خەڵک بۆ شکاندنی تێنوێتی گەرمای هاوین و دڵ و دەروونی خۆیان پێ فێنک دەکردەوە، یاخود لە زستان و سەرما و سۆڵەی ڕۆژە ساردو سرەکاندا دەنگی زۆر پیاوو ژنی"لۆبیاو نۆک "فرۆشی بەیانیان بەناو کۆڵانە پڕ لە قوڕ و چڵپاوەکان، خەڵکی نووستوویان لەخەو بێداردەکردەوە و ئێستاکەش تام و لەزەتی تورشیاتی خۆکردی مام ڕەمەزان و مام عەباس و مام نادرم لە بیر نەچووە، کەلە ماڵەکانی خۆیان دروستیان دەرکردو هەر لە ماڵەوەش دەیانفرۆشت، هێشتا لە قۆناغی سەرەتایی بووم، واتە لە قوتابخانەی سیروان و دواتر لە خولەکان دەمخوێند و ماڵمان لە گەڕەکی سەعدوناوەوپشت ئاشی عوسمان بابش بوو، کە بەسەر گەڕەکی گڵکەندەوە بوو، دکتۆری ناسراوی گەڕەکەکەمان ئەحمەد تەبیب، کەهەر لە ماڵەکەی خۆیدا نیمچە مەڵبەندێکی فریاگوزاری بۆ خەڵکی نەدار و لێقەوماو هەتا خەڵکە قاچاخەکان دروست کردبوو، وەک پیاوێکی کوردپەروەرو وڵاتپارێز هەفتە نەبوو، پێشمەرگە بریندار و کادیری نەخۆش چارەسەرنەکات، من یەک بەخۆم، کە ئەوەی لەبیر مابێت بە دەیان شەو لە تاریکیدا بە هۆی منداڵیم کە جێگای گومان نەبووم، ئەو پێشمەرگە و کادیرانەی بە نهێنی هاتبوونە ماڵی ئێمەو لە تاریکی شەودا پێشیان دەکەوتم و بە پەنادزە خۆمان دەگەیاندە بەر دەرگای ماڵی ئەحمەد تەبیب، کە لە کوڕەکانی "ئازاد و نەوزاد" هاوپۆلی و هاوڕێی نزیکی کۆڵانمان بوون، کەلەوانە لەبیرم ماوە وەک"عەلی حەسەن" کادیر و پێشمەرگەی قارەمان"جەلال باداوەیی و عەزیز گوگە و عوسمانی حاجی سمایل و نوری حەمەد هەولێری و مەحمود سەلمانی"ی کادیر، کە لەوان ڕۆژە ناخۆشەکاندا"ئەحمەد تەبیب"بە جوان مەردییەوە بە دڵسۆزی و چاونەترسییەوە خۆبەخشانەو بەبێ پارە برینەکانی چارەسەردەکردن، کە دەبوو ئەمڕۆ بەلای کەمەوە ناوی بەسەر یەکێک لەو شەقامانەوە بوایە!!

من لەگەڵ باڵاکردنی تەمەنم و هەڵکشانی قۆناغەکانی خوێندنم ئەوەم لەبیر نەچووە چەندان مامۆستای وڵاتپەروەرەی وەک مامۆستایان "بەگۆک و ناسح و عومەر" لە قۆناغی سەرەتایی، کە بەداخەوە ناوی باوکیانم لە بیرنەماوە، کاریگەری کوردایەتیان بەسەر قوتابییەکانەوە دیار بووە، ڕۆڵی مامۆستایەکی بە وەفایان بۆ وڵات و نەتەوەکەیان گێڕاوە، کە لە پاڵ جێبەجێکردنی ئەرکی خوێندن و وانەگوتنەوە بەردەوام لە پەروەردەکردنی کوردانە جێی پەنجەیان بەسەر ڕەوتی ژیانمانەوەبەجێهێشت وچەندان قوتابی وەک منیان هانداوە بۆ هەنگاو هەڵگرتن لە کاروانی خەباتکردندا بەبێ ئەوەی من بای سەرەداوێک بەکاری نهێنی و خەباتی ڕێکخراوی ئەوێ ڕۆژێی ئەوان ناسیاربم، ئەو چەند مامۆستایەی بە یەکەم مامۆستای فێربوونی وانەکانی دڵسۆزی و ڕاستگۆیی و پاک و خاوێنی هەست و نەستی خۆشەویستی وڵات و نەتەوەکەم دەزانم، پاشان کە چوومە قۆناغی ناوەندی و لەڕێگای مامۆستایانی هێژای وەک: "مەجید ئاسنگەر و باکووری و فازڵ و زوبێر بیلال" سەرەتاکانی بیرو کرداری کوردانە زۆرتر لە مێشک و دەروونم چەسپان و بە دیرۆکی مێژوویی دروستبوونی قەڵای هەولێر و گۆڕەپانی ئەدەبیات و شیعری کوردی خەباتی جەماوەری و ڕەوتی گەشەکردنی مرۆڤایەتی کەتمە گاگلۆڵە و باشتر مێشکیان ئاودام، لەگەڵ دەستپێکردنی قۆناغی ئامادەییش لەلایەک بیر و هۆشم لە چاو جاران بەرچاوتر کەوتبووە نەشونماکردن، بەڵام کاریگەریی مامۆستایانی وەک مەلا عوسمان و حەمید یەعقوب و فاروق خەلیفە و حەیدەر هەمزە و جەلال شەریف، لەلایەکی دیکەوە بۆ من و سەرجەم ئەو قوتابیانەی لەگەڵ بیر و ڕێبازی کوردایەتی دەهاتنەوە، مایەی یەک وەچەرخانی نوێ بوو، لەوەی بە مەسەلە تیۆرییەکانی ئابووری و ڕەهەندەکانی مێژوو و باس و خواسەکانی جوگرافیاو تاوتوێکردن لە ڕێبازی ئەدەبیاتی دنیا و دەرچوونی گۆڤاری رزگاری و ڕۆژنامەی هاوکاری بۆ بەندە کرانەوەی جیهانێکی نوێ بوو، بەڵام بەهۆی کەم دەرامەتی و هەژاری گوزەرانی خێزانەکەمان و کارکردنی شەو خوێندنی ڕۆژ و کاری ڕێکخراوەیی قوتابیان و کاری حزبایەتی دەرفەتی ئەو تۆم بۆ نەمابۆوە، کەسێکی نزیک و دڵسۆز و ئەوتۆشم نەبوو، کە ببێتە هاندەر و ڕێپیشاندەرم، کە زۆرتر لە ڕووی تیۆری و ئایدۆلۆژییەوە سەرقاڵی خوێندنەوە و پێگەیاندنبم، لێرەدا نای شارمەوە ئەو چەپکە قوتابییە تێکۆشەرەی کۆتایی شەستەکان لەناو شاری هەولێر لە بواری هۆشیاری و سەرەتاکانی مەعریفییەوە تا بڵێی دەستکورت و کۆڵەوار بووین، ئەوەش کە هەبوو و دەکرا، کە زوتر خۆی لە بەرۆکی تاکە کەسی و کۆششی ئەو تاک و تەرایانە بوو، کە لە ڕووی باری گوزەرانیان خودا پێداو بوون، ئێمە زۆربەمان ئەو دەمانەی، کە هیچ کارو بارێکمان نەبوو بە کۆمەڵ لە چایەخانەکان کۆدەبووینەوە و بە شێوەیەکی زۆر ڕووکەش هەندێک دەمەتەقێمان لە ناوخۆ دەکرد و دواتر بە زۆری خەریکی دۆمینەکردن و تاوڵە و گەمەکردنی کاغەز دەبووین و چەندان سەعاتی ڕۆژانەمان بە خۆڕایی پێ پڕدەکردەوە و هەموو سەرچاوەکانی خوێندنەوە و زانیارییەکانمان، قوتابخانە و بڵاوکراوە کزۆڵەکانی ئەو ڕۆژەی خەباتی حزبایەتی و قوتابیان بوو، کە لە ڕووی ناوەرۆکی هۆشیارکردنەوە و مەبەستی کۆششی بوونی هۆشیاری تا بڵێی لاواز و کرچ و کاڵ بوون، دیارە بواری وەرزشی و چالاکییەکانی وەرزشی لەناو شاری هەولێردا تا کۆتایی شەستەکان لەلایەن چالاکوانە شیوعییەکان کۆنترۆڵ کرابوو، بە شێکی ئێجگار زۆری گەنج ڕۆژانە بەو بوارە سەرقاڵبوون و بەندە کەم و زۆر لێرە و لەوێ تێیدا بەشدار بوومە، ئێمەی یەکێتی قوتابیانی کوردستان هەوڵمان داوە لەو مەیدانەش بەشداری بکەین، بەڵام لەچاو چالاکی و بەشداری شیوعییەکان لەناو شاری هەولێردا زۆر لاواز و بێ نمود بووین، هەر بۆ نموونە جارێکیان وەک لە بیرم مابێت ساڵی"١٩٦٨" بوو، لەگەڵ هاندەرانیهەولێرچووینەشاری کەرکووک و یارییەکی تۆپی پێ لە نێوان هەڵبژاردەی هەولێر و هەڵبژاردەی کەرکووک، لە گۆڕەپانی کۆمپانیای نەوت کرا، لە تێکڕای یارییەکە هەڵبژاردەی کەرکووک کەتنە پەلاماردانی ئێمەو یاریزانەکانی هەولێر و شەڕ و پێکدادان گەیشتە ناو گۆڕەپانەکەوە و یارییەکە بە دۆڕانی هەولێر کۆتایی پێ هێنرا، لە تێکرای ڕووبەڕووبوونەوەکان هەر ئەو گروپەی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بەشی هەرە زۆری پەلاماردان و لێکدانەکانمان بەرکەوت زۆربەی هاندەرەکانی دیکەی هاوشاریمان ئێمەیان لە ناو ئاپۆرەی خەڵکی کەرکووک بەجێهێشت، بەناچاری ڕێی ڕاکردن و خۆدەربازکردنمان گرت، بەشەپۆڵ خەڵک بە "هۆیها. هۆیها" دوامان کەوتبوون، تاکو خۆمان لەناو شار دۆزییەوە و ڕزگارمان بوو.

**بەشی سی و یەک**

# ئێمەی پەرتەوازە چۆن کشاینەوە

**سەیفەدین عەلی ئەحمەد**

پێش ئەوەی بگەینە گوندی گولان یەک دوو پێشمەرگەی خۆمان بینی، وتم: کێ لە گولانە؟ وتی: هەر خەڵکی گوند و هەندێک پێشمەرگە، پێم وت: پێشمەرگەکان کامیان لێپرساوە؟ وتی: کەسیان، لێپرساویان لەگەڵدا نییە.

وتم: چۆن دەبێ لێپرساوێکیان لەگەڵدا نەبێ؟ وتی: متەفەرقەن، وتم: کاک کۆسرەت، ملازم عومەر لەوێ نین؟ وتی: نەخێر.

کە ئەو قسەی کرد دەستێکمان کەوتە پێش و دەستێکمان کەوتە پاش!!

باشە چی بکەین؟ تازە لە هێزەکە دابڕاین و نایان دۆزینەوە، دەبێ بڕیارێک بدەین، ئەوەبوو بەرەو گولان کەوتینەڕێ، دەوروبەری ڕۆژئاوا خۆمانکرد بەناو دێدا، شوێنێکمان دیاری کرد و پاش نان خواردنی ئێوارە خۆمان و پێشمەرگەکانی هەرسێ لامان ئامادە بین ڕوو لە لایەک بکەین.

من بەش بەحاڵی خۆم دڵم بەوە خۆش بوو (مستەفا)ی برای شەهید سمایل وەرتیم دەناسی، پێش ئەوەی بگەینە گولان، بە برادەرەکانم وت: ئەو دەدۆزمەوە و شارەزایە و چاوساغە ڕێگەمان بۆ دەکات، لەکاتی دابەشبوونی ئێوارە، من و شۆڕشی برام و فواد تەوزیع نەبووین بەسەر پێوە، هەندێ نانی وشکمان خوارد، شۆڕشم نارد بەدوای مستەفای برای شەهید سمایل وەرتی، تا ئەوان لە نان خواردن گەڕانەوە، بۆ سەلامەتترین ڕێگای دەرباز بوو، راوێژم لە گەڵ مستەفا کرد، ئەوەی ڕاستی بێت مستەفا ئامادەیی نیشاندا چاو ساغیمان بۆ بکات تا ئاوی (وێجی).

وتی: تا وێجی شارەزام، لەوێ بەدواوە شارەزا نیم، بەڵام لەوێ دەتوانن بچن بۆ گوندی (ماخۆ بزنان)، لەوێ خەڵکی لێیە و دەتوانن سوود لە شارەزایی ئەوان وەرگرن، بۆ بناری قەندیل پرسیاری ئەو ڕێگایەم لێکرد، کە دەچێتە وێجی، وتی: وەک شەقامەڕێیە، بەشەو و ڕۆژ هاتووچۆی لەسەرە، منیش لە دڵی خۆمدا وتم مادەم تا وێجی ڕێگاکە ڕوون و ئاشکرا بێ، لەوێشەوە شارەزا نەبێ بۆ ماندووی بکەم، بەڵام بڕیارم نەدا تا کاک تەحسین و دڵشاد گەڕانەوە بۆ کات و شوێنی دیاریکراو.

دوای ئەوە مەسەلەکەم بۆ باسکردن، ڕەئی ئەوانیش ئەوەبوو، کە ماندووی نەکەین تەنها لەگەڵمان بێت تا لە جادەی (دارەبەن)مان بپەڕێنێتەوە، بمان خاتە سەر ڕێگاکە و دواتر بگەڕێتەوە.

خەریک بوو بڕۆین چەکدارێک هات دەستی هاوێشتە ناو قەدی پشتێنەکەم وتی: مامۆستا نابێ لەخۆتم جیابکەیتەوە، ئەو پرسیارەم زۆر لاسەیر بوو، وتم: تۆ ناناسم مەبەستت چییە؟ وتی: تۆ مامۆستا سەیفەدین نیت؟ وتم: بەڵێ خۆیم، وتی: ماوەیەک لەمەوپێش من (......) و (......) هاتینە بارەگای ئێوە، تۆ کۆبوونەوەت بە پێشمەرگەکانی خۆتان دەکرد، دوای ئەوە کۆبوونەوەکە تەواوبوو، تۆ گەڕایتەوە بارەگاکەی تیپەکەتان، من پرسیاری تۆم کرد پێشمەرگەکانی تیپەکەتان پێیان وتم: ئەوە فلانە و لێپرساوی ڕێکخستنی کۆمەڵەی....... تیپەکەمانە، وتم: باشە چیت دەوێ؟ وتی: مامۆستا من هێرشی ئەنفالم دیوە، وەک ڕۆژی حەشر وایە، هەرکەس هەوڵ دەدات روحی خۆی دەرباز بکات، من متمانەم بە بەرپرسی ڕێکخستنەکان زیاترە لە کەسانی تر، ئێمە سێ کەسین کەس و کارمان هاتۆتە گولان بۆ یەکتر دیتن، ئێوەش لەسەر ڕۆیشتنن، دە دەقیقەیەک دەرفەت بدەن بچم دوو برادەرەکەی تریش لەگەڵ خۆم بێنم؟ منیش تەماشایەکی کاک دڵشاد و کاک تەحسینم کرد...کاک تەحسین وتی: پەلە بکە، ئەگینا بەجێ دەمێنین، کوڕەکە بە غاردان دەرپەڕی، پاش کەمێک دوو برادەرەکەی لەگەڵ خۆی هێنا، ئێستاش باشم لە بیرە، یەکێکیان چەک و تاقمی پێ بوو، ئەوەی دیکەیان چەکێکی کلاشینکۆفی پێ بوو، بێ تاقم بوو، سێیەمیان نە چەکی پێبوو نە تاقم و مەخزەن، ئەوە بوو ئەوانیشمان لەگەڵ خۆمان برد و کەوتینە ڕێگا بەرەو دارەبەن، کاک مستەفا وەک شێر کەوتە پێشمان، چەند کەسێک لەگەڵ ئەو لە پێشەوە بوون، چونکە لەوە دەترسان هێزی حکومەت لە دۆڵی سەرکەپانەوە بەرەو زینی ئەستێرۆکان دەڕۆیشت، بەرەو گولانیش بێت، ئەو دۆڵەی شاورێ لەبەر لایتی سەیارەی جاش و عەسکەر ببووە چراخان!!

لێرەدا ناکرێ باسی جوامێری و ئازایەتی چەکدارەکانی شەهید (عەلی نەبی) نەکەم، کە ئێمە گەیشتینە جادە قیرەکە، زۆر هاوکارییان کردین تا ئێمەیان لە جادە قیرەکە پەڕاندەوە، چاوساغیان کردین تا ئێمەیان گەیاندە سەر ڕێگاکەی بۆ (وێجی) دەچوو، لەوێوە کاک مستەفامان ئیزن دا و کەوتینەڕێ.

قسەکانی کاک مستەفا زۆر ڕاست بوو، ڕێگاکە زۆر قەڵەباڵغ بوو، خەڵکی زۆریشمان لە پێش بوو، خەڵکیشمان لە دواوە بوو، لە ڕێگا تووشی مامۆستا دەشتی و شەهید حاکم شێرزاد و چەندین پێشمەرگەی دیکەی ناسیاو نەناسیاو بووین، تاک تاک، کۆمەڵ کۆمەڵ یەک لەدوای یەکدا کەوتینە هەوراز بڕین، ئەو پێشمەرگانەی لە گولان بەگەڵمان کەوتن هەر لەگەڵ خۆم بوون، بووین بە شەش کەس، بەڵام لەڕاستیدا سێ کەس و نیو بووین، چونکە فواد وای لێهات لەسەر پشتی وڵاغیش خۆی بۆ نەدەگیرا، دەبوایە بە بەردەوام یەکێکمان دەستمان پێوە بوایە، واتە دووکەسمان فت و لە چوارەکەی دیکەشمان یەکێک تەنها کلاشینکۆفی پێبوو بێ مەخزەن..، بەڕاستی نەخۆشی فواد هەورازی شاخی لەبیربردبووینەوە، هەر داوای لێدەکردم، کە بە زیندوویی جێی بهێڵم، منیش وتم: مەگەر بتکوژم ئەگینا هەرگیز جێت ناهێڵم...بەکورتی شەوەکەمان بێ خەوتن بە ڕۆیشتن بەسەربرد، لەگەڵ یەکەم زەنگی ڕۆژی دواتر گەیشتینە سەر ئاوەکەی (وێجی).

وێجی کانیاوێکە لە دۆڵێکدایە هاوینەهەواری مەردارانە، ماوەیەک پشوومان دا، بینیم پێشمەرگەیەک دوو چەکداری خاوێن و باوێنی بۆ لای من هێنا و وتی: مامۆستا ئەوانە لە جاش دەچن، دووچەکدارەکە هەریەکە و کلاشینکۆفێکی مغللی و شەش مخغزەن و دەمانچەیەکیان پێبوو...ریشیان تاشی بوو، بۆنی گوڵاو و بۆنی شاریان لێدەهات، لێمپرسین: ئێوە پێشمەرگەن؟ یەکیان وتی: نەخێر، وتم: چی دەکەن لێرە؟ ئەوەی یەکەمجار وەڵامی پرسیارەکەمی داوە، هەر ئەویان وتی: ئێمە هاتووین بۆئەوەی ئەو ڕەشماڵە بگوازینەوە، چونکە حکومەت نیازی کێومال (تمشیگ)ی هەیە، بڕیارە ئێرە تۆپ باران بکات، وتم: چۆن دەزانی؟ وتی: خزممان چەکداری حکومەتە ئێمەی لە ئۆردووگای(.....) دادەنیشین و ئەوان ئێمەیان ئاگادار کردۆتەوە.

**بەشی دووەم**

روونـاکبیری

# پیاوی ئێمە



بەرهەم عەلی

ئەوەندەی پیاوی ئێمە بەپیاوەتیی خۆیەوە دەنازێ، ژن بەژنایەتیی خۆیەوە نانازێ، پیاوی ئێمە لە کن کچ و ژن و خوشکی خۆی ئەوەندە پیاوە پیاوەتیی لێ دەچۆڕێ، بەڵام لەبەردەم ئافرەتێکی نامەحرەمدا دەبێتە تنۆکێک ئاو، پیاوی ئێمە حەز دەکات ئەو کچەی دۆستایەتیی دەکات مێشک کراوە و بیرئازاد و قسەزان بێت، بەڵام خوشکەکەی خۆی نەخوێندەوار و لاڵ، پێی خۆشە ئەو ژنەی هاوڕێیەتیی دەکات هونەرمەند بێت، شاعیر بێت، نووسەر بێت، فەیلەسووف بێت، بەڵام ژنەکەی خۆی سەرە واوی لە قوڕگدا نەبێ، پیاوی ئێمە حەز دەکات دەنکەکەی یان (قلەکەی) باوەڕی بەدابونەریتە سواو و کۆن و ئێکسپایەرەکان نەبێت باوەڕی بەئایین نەبێ، بەڵام کچەکەی خۆی موحافزکار بێ و پێنج فەرزە نوێژ بکات، پیاوی ئێمە حەزی لێیە ئەو کچەی دڵداریی لەگەڵ دەکات ژنایەتیی لێ بچۆڕێ، بەڵام ژنانی مەحرەمی ماڵباتەکەی خۆی نێرە ژن بن نێرە ژن! پیاوی ئێمە لەنێو ماڵی خۆیدا مێشک داخراو و توندڕەوە و مافی ئافرەتی پێ شتێکی عەنتیکەیە، کەچی لە مەجلیسی ژنانی نامەحرەمی دەرەوەی خێزانی خۆیداوەک چالاکوانێکی بواری پاراستنی مافی ئافرەت دەردەکەوێ و پارێزەرێکی سەرسەختی بواری فیمینزمە، لە ماڵی خۆیدا کچ و ژن و خوشکی خۆی بە پەرژینی شەرەفی دەزانێ، بەڵام حەز ناکات پیاوانی بنەماڵەی کچەکەی هاوڕێی ئافرەتەکانیان بەشەرەفی خۆیان بزانن، گاڵتەی بەعەقڵی ئەو پیاوانە دێت "ها ها ها چەند موتەخەلیفن!".

پیاوی ئێمە حەز دەکات هەموو ژنانی دنیا شارەزای "ڕۆشنبیریی سێکسی" بن، بەڵام ژنانی مەحرەمی ماڵباتەکەی خۆی لەوبارەیەوە لە گوێی گادا نووستبن، پیاوی ئێمە تا پێی بکرێ ژن و کچ و خوشکی خۆی لە خزمەتگوزاریی مۆبایل بێ بەش دەکات، بەڵام لە جەژنی لەدایکبوونی کچەکەی دۆستیدا مۆبایلی بەدیاری بۆ دەکڕێت، پیاوی ئێمە پێی خۆشە ژنەکەی مانتۆ بپۆشێ و کچەکەی هاوڕێی کاوبۆ.

پیاوی ئێمە.. ئای لە پیاوی ئێمە، وای لە پیاوی ئێمە...

پیاوی ئێمە کە باس لە ڕووداوی "کوشتنی ژنێک لەلایەن مێردەکەیەوە" بۆ دەنکەکەی دەگێڕێتەوە، هەزار نەفرەت لە پیاوە بکوژەکە دەکات "ئاە ئەو پیاوە چ موجریمێکە!"، بەڵام کە هەمان ڕووداو بۆ ژنانی ماڵباتەکەی خۆی باس دەکات، نەفرەت لە ژنە کوژراوەکە دەکات و دەستخۆشی لە پیاوەکە دەکات. "بەخوا ژنیش بێ عەقڵە، ئاخر بۆ خیانەت لە مێردەکەت دەکەیت!".

ئەمە نەخۆشییەکی دەروونییە، شیزۆفرینیایە، ئیزدیواجییەتە، کاری دوو فاقی و بانێکە و دوو هەوایە، پەتایەکە وەختە بڵێم هەموو پیاوانی ڕۆژهەڵاتی گرتووەتەوە، بەهیوام ژنانی ڕۆژهەڵات لوقاحێک (ڤاکسین یان پێکوت)ێکی دژ بەو پەتایە پەیدا بکەن و هەموو پیاوانی ڕۆژهەڵاتی پێ بکوتن.

# ڕۆژ بە ڕۆژ

**هەڵبژاردەی تۆماری ڕووداوەکانە لە دەفتەرە تایبەتییەکانمدا، پاکنووسی دوو هەفتەیان بە بەردەوامی بڵاودەکەمەوە. لە ٢٢ ی یولیۆ تا ٨ ی ئۆگستی ساڵی ١٩٩٢**

**شێرزاد هەینی _ ستۆکهۆڵم**



شێرزاد هەینی

**٭ ٤ ی ئۆگستی ١٩٩٢**
* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ١٥٦ دەرچوو.
* ڕۆژنامەی (گەل) ی پارتی گەل ژمارە ٤٩ دەرچوو، کە هەشت لاپەڕەیە و بە زمانی عەرەبی بوو.
* کاک مەسعوود بارزانی بۆ ڕادیۆی دەنگی ئەمریکا دیمانەیەکی کردبوو، لەوێ وتبووی من خۆم کۆتاییم بە مفاوەزاتەکان لەگەڵ حکومەتی عێراقی هێناوە و من مەسەلەکەم براندووتەوە، سەبارەت بە دوارۆژی کورد و حکومەتیش بارزانی وتبووی، ئەوەیان پەرلەمانی کوردستان بڕیاری لەسەر دەدات.
* هەواڵی ئەوە هەیە، گوایە پێشمەرگەکانی یەکێتی تەقەیان لە پێشمەرگەکانی بزوتنەوەی ئیسلامی لە کەلار کردووە. لە ڕۆژنامەکانی بەغدا لە چەند پەیامنێرێکی دەرەوە بەتایبەتی لە ئیستگەی ئەنقەرە هەواڵی ئەوەیان بڵاوکردەوە کەوا ژمارەیەک لە ئیسلامییەکان کوژراون، کوردەکان ئەو بزوتنەوەیە لەناوچەکە بە مەترسی دەزانن.
* ئیمشەو (عومەر فەرهادی) شاعیری دوورە وڵات (جەلالی میرزا کەریم) ی لە یانەی ئەندازیارانی هەولێر داوەتکردبوو، منیش لە گەلیاندا بووم، دیارە میوانەکە دەشەلی، ئەو وتی من لە ساڵی ١٩٨٠ بە کارەساتی ئۆتومبێل قاچم شکاوە و دیارە زمانیشی زۆر تەواو نەبوو، نەخۆشی پێوە دیاربوو، ئەو وتی کە بەشی کوردی لە ئیستگەی دەنگی ئەمریکا کرایەوە، پرسییان پێکردم، ئەوانەی لەوێ کار دەکەن، لەوانە (خەلەف زیباری) یە ئەو ئاستی باشە، یەکێکی تریان کوردی لوبنانە، لە سەر ئاستی ڕۆژنامەگەری عەرەبیش کەسێکی ناسراوە ناوی (سالح یەحیا) یە. من کە دەبینیم ڕەوشی حزبی شیوعی بەو جۆرەیە نارەحەتم، پێم ناخۆشە، دەستیان لە خۆیان بەر داوە، بەڵێنیان داوە دیمانەیەکی ئەدەبی دوورودرێژم لەگەڵدا ساز بکەن.
* لە دەڤەری ئاکری تەقە لە دکتۆرێکی بێگانەی سەر بە ڕێکخراوی پزیشکانی بێ سنوور کراوە، دکتۆرە بریندارەکە عەرەبی سودانی بوو، ئەوان وتوویانە دەستی حکومەتی عێراقی تێدایە، بەڵام سوورین لەسەر ئەوەی کارەکانمان لە کوردستان بەردەوام بکەین و خزمەتگوازییەکانمان بە جوانی پێشکەشی هاوڵاتیانی ئەو دەڤەرە دەکەین، ئەو ڕووداوە کاریگەری لەسەر بەرنامەکانمان ناکات.

**٭ ٥ ی ئۆگستی ١٩٩٢**
* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ١٥٧ دەرچوو.
* لە لاپەڕەی هەشتەم کورتە نووسینێکی من بە ناوی (با لە بیرمان نەچێ) بڵاوکرایەوە.
* ڕۆژنامەی (خەبات) ی ژمارە ٦٢٩ دەرچوو، لەو ژمارەیەدا دیارە کەوا هێرش دەکاتە سەر حکومەتی عێراق، دیارە ڕۆژنامەکە باش بووە و بەڵام هێشتا لە ڕووی هونەرییەوە لاوازە و ماویەتی باش بێت.
* ئەمشەو بە ئار پی چی لە ماڵی فەرهادی کاکڵ ئاغا دەرابوو، لە هێرشەکەدا زیانی گیانی نەبوو، ڕەنگە دەستی حکومەتی تێدا بێت، چونکە ئەوەی بیەوێت ئەوان بکوژێت، بە شەو و لە دوورەوە تەقەیان لێ ناکات، دیارە تەنها بۆ ئاژاوەیە. مەبەستیش ئەوەیە حکومەت ئەوانە بگێڕێتەوە ناو باوەشی خۆی.
* بەشی کوردی دەنگی ئەمریکا بەشی یەکەمی دیمانەیەکی کاک مەسعوودی بڵاوکردەوە.
* بەشی کوردی دەنگی ئەمریکاش ڕایگەیاند کەوا پەخشی بەشە کوردییەکەیان ڕۆژانە ماوەکەی دەبێتە نیو سەعات.

**٭ ٦ ی ئۆگستی ١٩٩٢**
* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ١٥٨ دەرچوو.
* لەسەر زاری وەزیری ڕاگەیاندنی حکومەتی عێراقی ڕاگەیاندرا کەوا تیمێکی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان کەوا ئەو تیمەی بەیانی دەگەنە بەغدا بۆیان نییە وەزارەتەکان بپشکنن، چونکە ئەوەیان باندۆری لەسەر سەروەری وڵاتەکەمان دەبێت. لە ئەمریکاش لەسەر زاری سەرۆکی ئەمریکی جۆرج بۆش ڕاگەیاندرا کەوا ئەگەر عێراق بەو بەرنامەیە ڕازی نەبێت، خۆی تووشی سزا دەکات، دەبێ ئەو تیمە کارەکانی خۆی بکات، ناکرێ ڕێگایان لێ بگیرێت، بواری قسە و کات بەفیرۆدان نەماوە.
* ئەنجومەنی وەزیران بەیانێکی دژ بە کردەوەکانی پەکەکە دەرکرد، بەیانەکە زۆر توندبوو، لە بەیانەکەدا هاتبوو کەوا ئەوان دەست لە سنوورەکان وەردەدەن، بەوەش دووبەرەکی دەخوڵقێنن.
* گالۆنی بەنزین هەر بە ٢٠ دینارە، یەک سەندووقی تەماتە بە حەوت دینارە، میوە و سەوزە هەرزانە. هەزار دیناری ئەسڵی بە ١٣٠٥ دیناری عادییە، شیشی ئاسن ڕەوانەی موسل دەکرێت، یەک تۆن بە شەش هەزار دینارە، دەڵێن لە موسل ئەو شیشە ئاسنە نرخەکەی دەگاتە ١٤ هەزار دینار.
* هێشتا وەزارەتی ناوخۆ ساردە لە کارەکانیدا، وەزارەتی پێشمەرگە کارەکانی دیار نییە، ئەوانیش ساردن.
* هاتوچۆ بۆ ئێران کەمە، لەسەر سنوورەکان ئێرانییەکان بواری عێراقییەکانی ناو ئێران نادەن بگەڕێنەوە ناو عێراق.
* ئیمڕۆ بەشی دووەمی دیمانەکەی کاک مەسعوود لە بەشێ کوردی دەنگی ئەمریکا بڵاوکرایەوە.

**٭ ٧ ی ئۆگستی ١٩٩٢**
* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ١٥٩ دەرچوو.
* گۆڤاری (الثقافة الجديدة) ی ژمارە ٤٢٧ دەرچوو.
* بە ئۆتومبێل لەگەڵ مناڵەکان چووینە ئۆردوگای بەنسڵاوە، لەوێ وتیان ڕیمەکانی ئەو هێڵە مانیان گرتووە، شوفێرەکان داوا دەکەن حکومەت بوار بدات کرێ یەک نەفەر بکەنە یەک دینار و بیانووکەش ئەوەیە کەوا نرخی گاز گرانە، ڕیمەکانیش زۆریان دروستکراوی عێراقین زۆر کۆنن.
* مەحەمەد مەلا قادر وەک وەزیری ئەوقاف نیو سەعات پێش خوتبەی مەلای مزگەوتەکەی ئازادی قسەکرد، لێدوانەکە لەلایەن تەلەفزیۆنی گەلی کوردستانەوە نیشاندرا، لەوێ ئەو وتی: کوردیش وەک هەموو میللەتانی ئەو جیهانە مافی چارەنووسی خۆیان هەیە و مافی خۆیان بڕیار لەسەر دوارۆژیان بدەن، وا میللەتانی ناو یەکێتی سۆڤیەت بڕیاری خۆیاندا، میللەتانی چیکۆسلۆڤاکیا و یۆگۆسلاڤیا بڕیاری خۆیان لەسەر چارەنووسیاندا، حکومەتی عێراقی بە هەموو شێوەیەک شەڕمان دەکات، ئازووخەمان لێ دەگرێت، ئێمە لەگەڵ دیکتاتۆرەکانی ناو عێراق نەفەسمان درێژ بوو. سەبارەت بە کوردەکانی تری پارچەکانی تری ئێمە هاوشانی ئەوانین، بەڵام دەبێ ئەوانیش چاویان لە ڕەوش و ئەزموونەکەی ئێمە بێت و تەگەرەمان نەخەنە پێش. وەک موسلمانیش هیوام وایە لە ڕووی ئەخلاقەوە بە خۆماندا بچینەوە و ڕەووشت بەرز بین، کوردەواری پاک و چاک بێت.

**٭ ٨ ی ئۆگستی ١٩٩٢**
* دەڵێن لە موسل و شارەکانی تری عێراق خواردەمەنی کەمە و برنج و ڕوون بەدەست ناکەوێت.
* ئیمڕۆ ڕۆژی کۆتایی شەڕی عێراق ئێران بوو، لەناو حکومەت پشوودان بوو، بەڵام لە دائیرەکانی کوردستان ئاسایی بوو دەوام هەبوو، لە دەزگاکانی حکومەت باسی سەرکەوتن دەکرا، ستایش بۆ سەدام حوسێن دەگوترایەوە. لەبەرئەوەی ڕۆژەکەش پشوودان بوو بۆیە ئەو تیمەی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پشکنینەکان لەوێ بوون، کارەکانیان دوا خرا، لەو ڕۆژەدا سەدام حوسێنیش وتاری بەو بۆنەیە هەبوو، هەموو میدیاکان وتیان سەرۆکی عێراق باسی ئەمریکا و نەتەوە یەکگرتووەکانی نەکردووە.
* وەزیری دەرەوەی عێراق موحەمەد سەعید ئەلسحاف وتی: ئەو ڕاپۆرتەی سەبارەت بە داپلۆسینی شیعەکانی خوارووی عێراق کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان ئامادە کراوە، هەمووی درۆیە و دوورە لە ڕاستی. نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەیانەکەیاندا بەنیاز بوون بۆ ئەو مەبەستە چەند تیمێکیان سەردانی عێراق بکەن.

**دووەم نیوە هەیڤ**

**لە ٩ ی ئۆگستی تا ٢٢ ی ئۆگستی ١٩٩٢**

**ڕۆژی ٩ ی ئۆگستی ساڵی ١٩٩٢**
* ڕۆژنامەی (ئاڵای ئازادی) ی ژمارە ٣٢ دەرچوو، ئەو ڕیپۆرتاژەی لەگەڵ قادر وەرتی لە دادگای هەولێر سازمان کردبوو، لە یەک لاپەڕەدا بڵاوکرایەوە.
* ڕۆژنامەی (کوردستانی بوێ) ی ژمارە ١٦٠ دەرچوو.

**ڕۆژی ١٠ ی ئۆگستی ساڵی ١٩٩٢**
* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ١٦١ دەرچوو.
* ئیمڕۆ دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان هەبوو، چەند دیمانەم بۆ ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی لەگەڵ پەرلەمانتارەکان سازکرد.
* شەش فڕۆکەی کوێتی کە حکومەتی عێراق ڕەوانەی ئێرانی کردبوون، تەسلیمی کوێت کرانەوە.

**ڕۆژی ١١ ی ئۆگستی ساڵی ١٩٩٢**
* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ١٦٢ دەرچوو.
* ڕۆژنامەی (گەل) بە زمانی عەرەبی ژمارە ٥٠ دەرچوو.
* ڕۆژنامەی (یەکگرتن) ی ژمارە ٥ دەرچوو.
* ئیمڕۆ برادەرێک لە ئێران گەڕابۆوە، دەیووت بەئاشکرا شەڕ بە کوردەکانی خۆمان دەفرۆشن، ئەو خەڵکەی کەرەستە و ئۆتومبێلیان بۆ فرۆشتن ئاودیوکردووە نافرۆشرێن، دیارە ئێرانییەکان لەگەڵ ئێمە نیازیان باش نییە.
* لەسەر داوای نوێنەرانی ئەمریکا و بریتانیا و بەلژیکا ئەنجومەنی ئاسایش کۆ دەبێتەوە، باس لەو ڕاپۆرتە دەکەن کە وەزیری دەرەوەی هۆلەندای پێشوو و کارمەندانی نەتەوەیەکگرتووەکان لەسەر ڕەوشی مافی مرۆڤ لە عێراق داوایانە بە ئەنجومەنی ئاسایش. لەلایەن خۆیشەوە وەزیری دەرەوەی عێراقی تەواوی ڕاپۆرتەکەی بە درۆ خستەوەو هەموو بڕگەکانی بە هەڵبەستراو لە قەڵەم داوە.

**ڕۆژی ١٢ ی ئۆگستی ساڵی ١٩٩٢**
* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ١٦٣ دەرچوو.
* ڕۆژنامەی (خەبات) ی ژمارە ٦٣٠ دەرچوو.
* بۆ یەکەم جارە ڕۆژنامەی العراق لە بەغدا بە قسەی ناشیرین جنێویان بە کەسایەتی مام جەلال دابوو.
* گۆڤاری (پەڕەسێلکە) ی مناڵان کە لەلایەن مەولوود ئیبراهیم حەسەن و هەڵگورد جوندیانی سەرپەرشتی دەکرێت، ژمارەی دووەمی دەرچوو. قەوارەی گۆڤارەکە مامناوەندییە و لاپەڕەی ڕەنگاورەنگی تێدایە.
* ئیمڕۆ گەمارۆیەکەی سەر وڵاتی لیبیا بۆ ماوەی چوار مانگی تر نوێ دەکرێتەوە.
* ئەنجومەنی ئاسایش کار دەکەن تا بڕیارێک دژ بە سربیەکان دەربکەن، دیارە ئەوەش پێشگرتنە لەو کوشتارەی سربییەکان کە لە بۆسنەو هزرگۆڤینا دەیکەن.

**ڕۆژی ١٣ ی ئۆگستی ساڵی ١٩٩٢**
* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ١٦٤ دەرچوو.
* نرخی یەک ڕوون بە ٢٢ دینارە و کیلۆ شەکر بە ١٠ دینارە، تۆچا کیلۆی بە ٤٤ دینارە، برنج کیلۆی بە ٧،٥ دینارە، کیلۆی تەماتەش بە ٤٠٠ فلسە و شفتی بە ٧٥٠ فلسە و کیلۆی خیاریش بە یەک دینارە و بازاری کۆنەفرۆشی لەنگەش گەرمە. یەک گالۆن بنزین بە ٢٠ دینارە.
* حکومەتی عیراقی هەڕەشەیان لە جوتیاران کردبوو، ئەوەی گەنم و جۆیان تەسلیم بە سایلۆییەکانی حکومەت نەکات، چارەنووسیان وەک بازرگانەکان دەبێت. ئەوەش لە دەزگاکانی جیهانیش بە گەرمی باس دەکرا.
* مردنی پێشەوا و زانای گەورەی شیعەکان ئایەتولا ئەبو ئەلقاسم ئەلخوئی لە عیراق، سەردێری هەموو ئاژانسەکان بوو، دەزگاکانی ڕژێمیش باسیان کرد، سەرکردایەتی کوردستانیش بروسکەی پرسەیان بەو بۆنەیە ئاراستەی هەموو شیعەکانی ناو عیراق و جیهان کردبوو.

**ڕۆژی ١٤ ی ئۆگستی ساڵی ١٩٩٢**
* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ١٦٥ دەرچوو. لەو ژمارەیەدا هەواڵی تیرۆرکردنی پزیشک و نووسەر (نافیع ئاکرەیی) تێدابوو، کە لە ڕێگای چوونی بۆ بەغدا کوژرا، ئەو بەڕێوەبەری نووسینگەی هەولێری خاچی سووری عیراقی بوو.
* ڕۆژنامەی (ڕێگای کوردستان) ی ژمارە ٩ دەرچوو.
* ڕێگای موسل نییە، ژمارەیەکی کەمی نەفەرهەڵگری کۆستەر لەو هێڵەدا هاتوچۆ دەکەن، بۆیەش نرخی گالۆنێک بەنزین گەیشتووتە ٣٠ دینار، نەوتیش نییە، خەڵکەکە پەرۆشی سوتەمەنییە ترسی ئەوەیان هەیە بەیەکجاری تەنکەرەکانی سوتەمەنی نەگەڕێنەوە.

**ڕۆژی ١٥ یئۆگستی ١٩٩٢**
* یەکەم وەفدی کوردستان سەردانی تورکیا دەکەن، وەفدەکە موحەمەد تۆفیق ڕەحیم وەزیری یارمەتییە مرۆڤایەتییەکانی تێدا بوو، مەبەست لەو سەردانە باسکردنی پێویستییە خزمەتگوزرارییەکان بوو، دیارە تورکیا دەروازەیەکی گرنگ بوو بۆ هاتنی خواردەمەنی. هەروەها وەفدێکی پەرلەمانیش بە ئەندامایەتی فەلەکەدین کاکەیی و عەبدولخالیق زەنگنە بوو.
* ڕاگەیاندنی پارتی و یەکێتی هێرشیان کردبووە سەر هەڵسوکەوت و سیاسەتەکەی پەکەکە لە کوردستان، دەیانووت چەکدارەکانی ئەو حزبە لە سنوورەکان ڕێگا بە هاتنی ئازووخە دەگرن، بواریش نادەن جوتیارەکانی گوندەکانی سەر سنوور بگەڕێنەوە سەر مەزرا و کێڵگەکانیان و گوندە خاپوورەکانیان ئاوەدان بکەنەوە. پەکەکەش بەیانی دەرکردبوو کەوا خەڵکی شارەکان لە سیاسەتی ئەوان بێزارن، لە گرانی خواردەمەنییەکان ئەوانیان تاوانبار کردبوو و ئەو سەرکردایەتیە پشت بە دوژمنەکان دەبەستن.
* لە ژێر چاودێری کۆسرەت ڕەسول کارەبا گەیشتەوە چۆمان، دەڵێن خەڵکی ناوچەکەش ئازایانە و بە سەرپەرشتی ئەنجومەنەکەیان کۆششیان کرد و پارەی مولدەیەکیان کۆ کردەوە و ئەوانیش بە ئیشەکە هەڵسابوون.

**ڕۆژی ١٦ ی ئۆگستی ساڵی ١٩٩٢**
* ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ی ژمارە ١٦٦ دەرچوو.
* ڕۆژنامەی (ئاڵای ئازادی) ی ژمارە ٣٣ دەرچوو.
* مام جەلال و کاک مەسعوود لە گەڕانەوەیان دواکەوتن، خەڵکەکە نیگەرانە. هەردوو مەکتەبی سیاسییش بۆ بنبڕکردنی دیاردەی چەکداری و ڕاوڕووت لە شارەکان کۆبونەوە دەکەن، داواکارن دەزگاکانی پۆلیس و پێشمەرگە گەرمتر و باشتر بکەوێتە کار و چالاکی.
* گۆڤاری (ڕابوون) کە لە وڵاتی سوید دەردەچوو، ژمارە ٤ ی گەیشتە کوردستان، سەرنووسەر و سەرپەرشتیارەکەی دکتۆر ڕەفیق سابیر بوو.
* گۆڤاری (ئەلعربی) ی ناوداری کوێتی، لە ئامادەکردنی نووسەر و ڕۆژنامەنووسی عەرەبی عیراقی دوورە وڵات (عەدنان حوسێن)، دۆسێیەکی لەسەر کوردستان بڵاوکردەوە، تێدا ئاماژەی تراژیدیای میللەتی کوردستان دابوو، باسی گەمارۆییە ئابوورییەکەی سەر کوردستانی کردبوو، هەروەها سوتماکی چوار هەزار گوند و کیمیابارانکردنی ئەو میللەتەش بە دەستی ڕژێمی بەغداش بەشێکی دۆسێیەکە بوو.
* تیمەکەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان خەریکی پشکنینی وەزارەتەکانی عیراقن، نۆرە گەیشتووتە سەر وەزارەتی پیشەسازی و پیشەسازی سەربازییش، ئەگەری ئەوە هەیە، حکومەتی عیراقی بواریان نەدات ئەو تیمە بچێتە ناو ئەو وەزارەتە گرنگە، بەوەش ئەمریکا توورە دەبێت، بەوەش گورزێکی سەربازی لە بەغدا دەدەن، بەڵام وەزیری بەرگری ئەمریکی ئەوەی بە درۆ خستەوە. قسەش هەیە گوایە ئەمریکا چەند فڕۆکەیەکی بە نهێنی ڕەوانە وڵاتی سعوودیە کردووە، ئەوەش ئامادەباشییەکە بۆ لێدانی ڕژێمەکەی بەغدا.

**ڕۆژانەکە بەردەوامە**

**بەشی دووەم**



دیمەنێک لە شاری هەولێر - بەکامێرای جیهانگیر کوردی

# حەسەن مستەفا: من مەئموون دەباغم هێنایە ریزی پارتی دیموکراتی کوردستان

* مەسەلەی ئەو ٣ دینار و روبعەی چۆنە؟

– لە کۆتایی ساڵی ١٩٥٩ نەخۆش بووم، لەگەڵ کاک نوری شاوێس و کاک عومەر دەبابەی چووینە دەشتی هەولێر هەڵبژاردنی ئەندامانمان دەکرد بۆ کۆنگرەی چوار، خوێن لە قورگ و لووتم هات، نەخۆش کەوتم، لیژنەی پزیشکی ئێرە بڕیاریاندا و گوتیان ئەگەر نەیبەنە بەغدا ئەو کابرایە فەوتایە، منیان بردە بەغدا، لە بەغدا ئوتێلێک هەبوو "فندق شعبە الفراح" لە شەقامی رەشید بەرامبەر حەیدەرخانە، شەوی بە ٢ درهەم بوو، ئەگەر بە مانگیش بە کرێت بگرتایە شەوی بە درهەمێک بوو، من و قادر مەنتک و ئەو محەمەدەی مەلا شەریف کە ئێستا مامۆستای زانکۆیە ژوورێکمان گرتبوو لەو ئوتێلە، بینیم مام جەلال هاتە لام، گوتی محەمەد، قادر مەنتک بۆ لای ئێوە نەهاتووم، هاتمە لای حەسەن، بەمنی گوت مەترسە و مەڵێ پارەم نییە و بەو نەخۆشییەوە دەمرم، دەتنێرمە روسیا ناهێڵم بەو نەخۆشییە بمری، دانی ئێوارەش حەبیب فەیلی دەنێرم بتباتە لای باشترین دکتۆر، چونکە ئەو منداڵی بەغدایە و دەزانێ چ دکتۆرێک باشە، گوتم باشە، ئیتر کە هەڵسا دەستی لە بەرکی راکرد ٣ دینار و روبعێکی پێ بوو، ٣ دینارەکەی بۆمن دانا و روبعەکەش گوتی ئەوە بۆ نانخواردن و ئامانە، ئەوجا مام جەلال گوتی هەر لەبیرتە، گوتم ئەرێ وەڵا هەر لە بیرمە، ئەوجا کاک عیماد ئەحمەد جێگری ئێستای نێچیرڤان و مەلا بەختیار و ئەرسەلان بایز و سەفین مەلا قەرەو بەهرۆز گەلالی و ئەوانە هەموویان دانیشتبوون، هەر قسەی لەگەڵ من دەکرد، گوتم مام جەلال بەو خودایەی گوێم گران بووە لە قسەکانت ناگەم، کاک عەدنان موفتی لەولا بوو، کورسییەکی دیکەی تەنیشت مام جەلال چۆڵ بوو، گوتی هەستە وەرە ئێرە، چووم لە تەنیشتی دانیشتم، گوتم مام جەلال ئاواتم بوو نەمرم ئەوجارە لە تەنیشتت دابنیشم هەندێک قسەت لەگەڵ بکەم و وێنەیەکیشت لەگەڵ بگرم، چونکە کتێبێکم بەدەستەوەیە تێیدا بڵاوبکەمەوە، گووتی: مامۆستا بەکر، گوتی: بەڵێ مامە، گوتی کامیرا بانگ بکە، وەڵا کامیرای بانگ کرد هات و وێنەی من و مام جەلالی گرت، گوتم مام جەلال ئەوجا ئەو وێنەیەی چۆن وەرگرمەوە، گوتی ئەرسەلان، ئەویش گوتی بەڵێ مامە عایدی من، من بۆی وەردەگرمەوە، دوای ٢٠ شەوێک لە مەڵبەند تەلەفۆنێکیان کرد و گوتیان وەرە، چووم ئەرسەلان بایز نووسیبووی بەدەستی خاوەنی بگا، جگە لەوە دوو دانەشیان گەورە کردووە و بۆیان ناردوومە.

* مام جەلال پیاوێکی چۆنە، بە وەفایە؟

– مام جەلال پیاوێکی بە وەفاو ئازاو نەترسە، پیاوێکی بێ تەماحە، سێ شت کاریگەری ناخاتە سەر مام جەلال، یەکەم: کیژی جوان، هەرچەند کیژی جوان لە کوردستان هەیە لای وایە هەمووی زەلامە، دووەم لە کەس ناترسێ، سێیەم پارەی لەلا قونکە جغارەیە، بە پارە هیچ شتێکی لەگەڵ ناکرێ، نزیکەی ٥٧ ساڵە دەیناسم ئەوە سیفەتەکانی مام جەلالە.

* جگە لەوانە چ یادەوەرییەکی دیکەی سەردەمانی پێشووت هەیە هی ساڵی حەفتاکان؟

– لە حەفتاکان ئێمە هەر تەنزیمی بووین، پاش ساڵی ١٩٧٥، ئێمە لە ساڵی ١٩٧٤ لە سەرەوە بووین، من بە تایبەتی لەگەڵ کاک عەدنان موفتی و شەمسەدین موفتی هەرسێکمان بە یەکەوە بووین.

* شەمسەدینت چۆن ناسی؟



حەسەن مستەفا - هەولێر ٢٠٠٩

– لە ساڵی ١٩٥٥ لە بەغدا خوێندنی تەواو کرد، کاغەزێکی لای مام جەلال هێنابوو، کە مام جەلال دەڵێ برۆ هەولێر پەیوەندی بە حەسەن مستەفاوە بکە، ئەوکات مەلا عەوڵا گیرابوو، من لە شوێنی ئەو بەرپرسی لقی دووی هەولێر بووم، ئەوجا شەمسەدین ئەندام نەبوو، هەتا ساڵی ١٩٥٨ ئەوجا کردمانە ئەندامی حزبی.

* ئەی مەئموون دەباغت چۆن ناسی؟

– مەئموون دەباغیش بە هەمان شێوە کاغەزی لە مام جەلال وەرگرتبوو بۆ من، ئەویشم ناسی، محەلی باوکی لە شوێنی کەباب تاجریان بوو کە خرا کراوە.

* تۆ مەئموون دەباغت هێنا ناو ریز یان حەیدەر هەمزە؟

– من مەئموونم هێناوەتە ریزی حزب، بە کاغەزی مام جەلال پەیوەندی بەمنەوە کرد، خوا قەبووڵ ناکا حەیدەر هەمزەش کۆن بوو لە حزب، بەڵام لەرێگای منەوە بوو، چونکە نیشانەیەک هەبوو کە ئەمن هەروەکو لە کتێبەکە باسمکردووە شەرێکی عائیلی کرا ئەشیای پارتی هەمووی لە ماڵم گیرا، منیان گرت، ئەوجا لە هەولێر ئەوەی بەناوبانگ بوو یەکەم کەس مەئموون چەلەبیان گرت، مەئموون دەباغ کوڕی هاشم چەلەبییە و مەئموون چەلەبی ئەو مەئموون دەباغەیە، دوایی فازڵ پیرداودیان گرت، عەریف سلێمان ناوی دەرچووبوو بۆ گرتن.

* کێ فارس باوەی هێنا ناو حزب؟

– فارس باوەش من هێنامە ناو حزب.

* لە کەسە ناودارەکانی کورد تۆ کێ و کێت هێناوەتە ناو ریزی حزب؟

– لە بەناوبانگەکان: فارس باوە، مەلا مەجیدی گوێڕی، شەمسەدین موفتی، ئیمزام کردووە لەسەر فۆڕمی شەمسەدین موفتی، سەید مەجید، خورشید شێرە و سەبارەت بە "ساڵح شێرە"، ساڵح بەخۆی ئەندام بوو، بەڵام جارێکیان من و مەلا عەوڵا هەموو چوارشەممەیەک دەچووینە ماڵی کاک عەونی یوسف، ئەویش تەعلیمات و شتی دەدراینێ، بڵاوکراوەی دەدراینێ و دەگەڕاینەوە، جارێکیان چووین کوڕێکی جاحێڵ لەوێ بوو رانکوچۆغەڵێکی سیسەی لەبەر بوو، قسە بە قسە قسەمان لەگەڵ یەکتر کرد، گوتم خەڵکی کوێی، گوتی: ئەمن خەڵکی دیبەگەیمە و ناوم ساڵح شێرەیە، ئەی ئێوە، گوتم خەڵکی سۆربەشی خدرم و ناوم حەسەن مستەفایە، گوتی: کاک عەونی لە حزب تەجمیدە، کاک رەشید قادر لە شوێنی ئەوە وەرە با بچینە ماڵی ئەو، هەڵستاین چووینە ماڵی کاک رەشید قادر و پەیوەندیمان بە کاک رەشیدەوە بوو، ئەوجا دوای کاک رەشید کاک جەلیل هۆشیار برای عەونی ئەو بووە بەرپرسی هەولێر و پەیوەندیمان بەویەوە کرد، دوای ئەو قادر رۆژباش ئەو بووە بەرپرسی هەولێر، لەدوای قادر مەلا عەوڵا لە "٥٤"ەوە تا "٥٦" بووە بەرپرسی هەولێر، لە "٥٦" تا کۆتایی "٥٧" من بوومە بەرپرسی هەولێر، لە مانگی ١٠ و ١٩٥٦/١١ رووداوەکە روویدا و هەولێرم بەجێهێشت ئەوجا ساڵح یوسفی و جەماعەتێک بوون ئەوانە پەیوەندیان بە پارتییەوە کرد، کە ناویان لێنا پارتی دیموکراتی یەکگرتوو، ئەوە جەماعەتی حزبی شیوعی ئەوکاتی لە ١٩٥٧ ئیلتیحاقیان بە پارتی کرد، حەمید عوسمان و ساڵح حەیدەری و خەسرۆ تۆفیق و نەژادی عەزیز ئاغا.

بەشی دەیەم

# مەحموود سەعید: خەڵکی قەزای شامیەی سەر بە پارێزگای نەجەف زۆر رێزیان لێگرتم



مەحموود سەعید

قەزای شامیە:

قەزای شامیە کە نزیکبوو لە نەجەفەوە "٢٥" کیلۆمەتر دووربوو لە دیوانییەوە، قەزایەکی زۆر گرنگ بوو لە ناوچەی فوراتی ناوەراست.

دانیشتوانی ئەم ناوچەیە هەموو شیعە مەزهەب بوون، منیش کارمەندێکی کوردی سوونە مەزهەب بووم، دەبوایە زۆر کێشەم تووش ببوایە، بەڵام من هەڵسوکەوتم وەکو کارمەندێکی ئیداری ئەکرد.

لەپێش هەموو شتێکدا ئەم قەزایە لە باکوور سنوورێکی ناحیەی عەباسییە بوو، کە سەر بە کەربەلا بوو، لە باشوورەوە ناحیەی "رميثة" سەر بە سەماوە بوو، لە رۆژهەڵاتەوە ناحیەی شافیعیەو سنیە و حەمزە سەر بە قەزای مەرکەزی دیوانیە بوو، لە رۆژئاواوە قەزای "ابو صخير"، مێژووی ئەم قەزایە کۆنە بۆ سەردەمی عوسمانییەکان لە عێراقدا دەگەڕێتەوە. زەوییەکانی ئەم قەزایە دەشتەو زۆربەی کشتوکاڵی برنج دەکەن، کە پێیان دەوت "برنجی عەنبەر".

دانیشتوانی هەموو قەزای شامیە بە گوێرەی سەرژمێری ١٩٦٥ "١٢٥٠٠٠" سەد و بیست و پێنج هەزار کەس بوو، پێکهاتبوو لە ٤ ناحیە: ١– ناحیەی غماس.

٢– ناحیەی شنافية.

٣– ناحیەی صلاحية.

٤– ناحیەی مهناوية.

هەموو موسڵمانن و زۆر لە ئیمامەکان و پیاوچاک ئیمانیان پێی هەیە و لە نەجەف و کەربەلا و کازمیە و سامەڕا زیارەتیان دەکەن.

ناوچەی شامیە زۆربەی دانیشتوانی عەشایرن، وەکو "ال فتلە، العوابد، الحميدات، الخزاعل، ال شبل، الكرد، البدير، ال ابراهيم، كعب بني سلامة، السادة ال مكوطر، السادة الياسر، البوطبيخ، ال زياد".

لە پیاوماقوڵانی ناوچەی شامیە ئەو سەرۆک عەشیرەتانەن، کە دانیشتوانی ناحیەکان بوون وەکو:

١– حاجی رايح العطية سەرۆک عەشیرەتی حەمیدات بوو، براکانی حاجی عەبدولکەریم، حاج ودای، حاج سوادی، حاج ئەبازز کوڕانی حاج عطية الغضبان ئەم پیاوانە هەموویان لە عەشیرەتی حەمیدات بوون خاوەنی زەوی و زارێکی زۆربوون، لە قەراغ رووباری شامیە، سەلاحیە، غەماس.

٢– عەبدولکازم مرزوک لە عەشیرەتی عوابد بوو، براکانی ناویان: جیاد، حەمید، محەمەد، حاج ردام، عەسکەر ئەولادی مرزوک ئەلعوابد خاوەنی زەوی لە ناحیەی سەلاحیە.

٣– صكبان الحاج عبادی، براکانی ئەرکان و عەبدولکازم لە سەرۆکەکانی عەشیرەتی ال فەتلە لە ناحیەی مهناویە بوون.

٤– جەعفەر ابوطبيخ براکانی کە لە ناحیەی غەماس نیشتەجێن.

٥– جەعفەر ئەلمکوطر لە ناحیەی شنافیە نیشتەجێن.

٦– حوسێن ئەلزغیر سەرۆکی ال شبل بوو.

لەپیاوماقوڵانی ئەم ناوچەیە سەید شنین سەید عبود ئەلیاسری لە ناوچەی "حفار" نیشتەجێن و سەید ساحب شەرع لە مەرکەزی شامیەی نیشتەجێن. هەروەها لە مەرکەزی قەزای شامیە تاقمێک گەنجی خوێندەوار و پارێزەر دادەنیشتن، وەکو "حەسەن ئەلحاجی ودای، شاکر ودای، جبار ئەبو ناسریە، غالب سەباح الشيباني، یوسف الشريفي، مەقسد ئەلسافی، ربیع ئەلحاج شلتاغ". لەو ماوەیەی کە من بەرپرسیارێکی ئیداری قەزای شامیە بووم هیچ جۆرە کێشەیەکی ئیداری رووی نەدا، هەموو کاروبارێکیان بە پێی یاسا چارەسەر دەکرد.

رۆژی یەکەم کە گەیشتمە شامیە تەلەفۆنم بۆ پارێزگاری دیوانیە کرد، کەوا من دەستبەکاربووم. دەبوایە من برۆیشتمایە بۆ دیوانیە لەوێ یەکترمان بینیبا، وتی: من بەیانی دێم بۆ شامیە دەتبینم، چونکە تۆ کێشەی موحەرەمت هەیە دەمەوێت چەند شتێکت تێبگەیەنم.

پارێزگاری دیوانیە "خەلیل ئیسماعیل" بوو، پیاوێکی عەسکەری بوو هەر کە گەیشتە شامیە معاون ئەمن و یاریدەدەری پۆلیس دەوریان گرت، وتی چۆنن لەگەڵ موحەرەمدا، وتیان سەیدی زۆر باشین، ئەو کابرایەی کە لە نەجەفەوە دێت بۆ شامیە فازل ئەلرادود خەڵک کۆدەکاتەوەو وتاریان بۆ دەدات، کە پێی دەڵێن "قرايە" هەر کە هات دەیخەینە شەتی شامیەوە، ئەوی دیکەیان وتی: منیش پەتێک دەخەمە ملی و دەیخنکێنم.

کە گوێم لەم قسانە بوو کتوپڕ وتم جەنابی موتەسەریف چۆن قبوڵ دەکەیت ئەم دووانە بەم شێوەیە قسەت لەگەڵدا دەکەن، دیارە ئەمانە هەموو شتێکیان بە دەستە، منیش هاتووم بۆ ئەم قەزایە وەکو رەمزێکی ئیداری و هیچ جۆرە رایەکم نییە.

وتی: نا، تۆ لەبەرئەوەی لە باکوورەوە هاتوویت و نەشارەزای، لەم رووەوە رۆژانی موحەرەم زۆر ناسکە کێشە دروست دەبێت، لەبەرئەوە ئەوان شارەزان و دەبێت لەسەر ئەم بابەتە هاوکاری یەکتری بکەن، وتم یانی چی؟ وتی: ئەو کابرایە، کە ناوی "فازل ئەلرادود"ە لە نەجەفەوە دێت لە موحەرەمدا خەڵک کۆدەکاتەوەو لە دژی حکومەت و کاربەدەستان قسەدەکات، لەبەرئەوە دەبێت قەدەغە بکرێت و نەیەڵین بێت، وتم: جەنابی موتەسەریف من ئەگەر بە توانا نەبوومایەو وەزارەتی ناوخۆ رابردووی منی نەزانیبایە، دای نەدەمەزراندم و نەدەکرام بە قائیمقامی ئەم قەزایە، کە زۆر گرنگە لە هەموو روویێکەوە، ئەگەرچی یاریدەدەری ئەمن و یاریدەدەری پۆلیس عەرەبن و شارەزان لەم ناوچەیەدا، ئەوان حەقی قسە کردنیان نییە هەتا من هەبم، من قائیمقام، بەپێی قانوونی ئیدارە ئەوانە لە دەسەڵاتی راپەڕاندن دادەنرێن، دەبێت هەرچیەک من وتم و کردم جێبەجێی بکەن، بەڵام ئەگەر خراپەیەک یا غەڵەتێک رووبدات من بەرپرسیارم، ئەمانە نابێت بە هیچ جۆرێک قسە بکەن!

لەبەرئەوە ئەم ئیشە لە ژێر دەستی مندایە ئینشاڵڵا حەق و عەدالەت و یاساو رێنمایی چی بێ ئەوە، دەکەم ئەگەر بە پێچەوانەی قسەکانم ئەمانە خاوەنی دەسەڵات بن ئەوا من لە ئێستاوە باردەکەم و لەم قەزایەدا ئیش ناکەم. موتەسەریف زۆر قسەکانی منی پێ سەیر بوو، نەیتوانی هیچ بڵێ، ئەوە نەبێت خۆت بەرپرسی بزانم چی دەکەیت، لێیدا گەڕایەوە بۆ دیوانیە.

لە پاش ئەم قسانە وا دیار بوو لە خەڵکی شامیەو نەجەف دادوەر و ئەندازیاری رێگا ئاگاداری قسەکانی من بوون، کە چووم بۆ ماڵەوە، هەموو ئەو جۆرە کەسانەی کە قسەکانی معاون ئەمن معاون پۆلیسیان پێ ناخۆش بوو بە ناوی بەخێرهاتنم هاتن بۆ ماڵەوە، کە یەکەم رۆژ بوو من پەیوەندیم کردبوو، وتیان ئێمە زۆر سوپاسی تۆ دەکەین، کە ئەو قسانەت کرد لەگەڵ جەنابی موتەسەریفدا، بەڵام ئەم دوو سوڵتەیە ئەمن و شوورتە ئیش تێکدەدەن.

بەشی یانزدەم



یادەوەری

## گەڕەکێک لە پارک و چەند گەڕەکێکی بێ پارک

هەندێ گەڕەکی هەولێر دەبینی باخچەیەکی وای لێ نییە کە خەڵکی گەڕەکەکە رووی تێ بکەن و تیایدا بحەسێنەوە و هەوایەکی پاکی لێ هەڵمژن. بە پێچەوانەی ئەمەوە لەلایەکی شار قورساییەکی زۆری چەند پارکێکی کەوتۆتە سەر و ئەگەر میوانێکی بیانی بێت و تەنها ئەو ناوچەیە ببینێ، رەنگە بڵێ: باشە لە گەڕەکێکی ئەم شارە، ئەو هەموو پارکە گەورەیە هەبێت، دەبێ لە گەڕەکەکانی دیکە چی هەبێت؟! بەڵام ئەگەر تەنها گەڕەکەکانی دیکە ببینێ، تەواو بە پێچەوانەوە دەڵێت: ئەم شارە بۆ پارکێکی لێ نییە؟! من زۆر سەرم لە باکوور و باشوور و رۆژهەڵات و رۆژئاوا و پاشکۆکانیان دەرناچێت، بەڵام لێرەدا مەبەستم ئەو ناوچەیەیە کە دەکەوێتە لایەکی نێوان هەردوو شەقامی "شەست مەتری" و "سی مەتری" هەولێر و چەند پارکێکی لێیە، ئەوانیش: پارکەکانی "منارە، شانەدەر، ئەکوا پارک" و ئەگەر بە پێوەری رووبەری تەواوی شاری هەولێریش وەریبگرین، ئەوا پارکی "شەهید سامی عەبدول رەحمان"یش هێندە لەوانەوە دوور نییە، کەواتە ئەم چوار پارکە لە گەورەترین پارکەکانی هەولێرن، زۆر لەیەکەوە نزیکن.



سەنگەر زراری

ئەم قسانەی من بۆ کەمکردنەوە نییە لەو پارکانە و لە گرنگی هەبوونی ئەم پارکانە، بەڵکو هەبوونی ئەم پارکانە جێگای ستایشن و خەڵکانێکی زۆر هاتووچۆی دەکەن و چێژی لێ وەردەگرن، بەڵام دەکرا ئەو چەند پارکەی هەیە و ئەوانەشی لە داهاتوودا دروست دەکرێن، بە پەرشوبڵاوی بەسەر شار دابەش بکرێن، ئەمە هەم بۆ ئەوە بەسوود دەبێت ئەو بڕە سەوزاییەی کە لەئەنجامی ئەو پارکانەوە دروست دەبن، سوود بەتەواوی شار دەگەیەنن (هەرچەندە پانتاییە سەوزەکە کەمیش بێت، چونکە وەک پسپۆرانی بوارەکە دەڵێن: رێژەی سەوزایی لە هەولێر بە دوو تا سێ لە سەد مەزەندە دەکرێت و ئەمەش بە پێوەری جیهانی رێژەیەکی کەمە و هەر شارێک بەلایەنی کەم پێویستی بەوەیە لە سەدا (30) سەوزایی بێ). هەم هەموو خەڵکێکیش لە هەموو لایەکی شار لە پارکەکان بێبەش نەدەبوون و سەردانیان دەکرد، چونکە بۆنموونە رەنگە هەندێ خێزان بەهۆی دووری نەتوانن وەکو پێویست سەردانی ئەو پارکانە بکەن، یانیش ئەو پارکانە باشترین شوێنن بۆ حەوانەوەی مرۆڤە بەتەمەنەکان و ئەوانیش بەهۆی دوورییەوە ناتوانن سەردانی بکەن.

لە لایەکی دیکە دەبێ ئەوەش بڵێین کە هەندێ خەڵک هاوکار نین لە پاراستن و پاکڕاگرتنی باخچە و پارکەکان، ئەمەش پێویستی بەوە هەیە کە خەڵکەکە چاوکراوەتر بن و بەماڵی خۆیانی بزانن، پێویستیشە هەڵمەتێکی راگەیاندن دەست پێبکرێت و لەو رووەوە خەڵکی زیاتر وشیار بکرێتەوە.

## لە تاراوگەوە

# وەڵامی پرسیارەکان زەحمەتن

بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری ئەوەی کاندیدەکانی لیستی کوردستانی چۆن و لەسەر چ بنەمایەک دانراون، بێگومـان وەڵامـەکان زەحمەتترن، وەڵامێکی پر لە چەواشـەکاری و بەلا ڕێدابردن وەر دەگری، فەرموون سەیری بکەن تابلۆکە بەم شێوەیە: خوێندنەوەی پێکهاتەی کەسایەتییەکانی لیستەکە پێویستە، بەدەر لە کەسـانی پسپۆر و خانەوادەی شـەهیدان، بوونی پەرلەمانتاری خولی پێشـتر و سیمای نوێ دەبینرێن، جۆری دانانەکەیان لەم لیستە راستە لە لایەن حزبەوە دانراون بـەڵام خزمایەتـی و کوتلەگـەری و بنەماڵەیی و پیاوپیاوێنی تـەوای پێوە دیارە، کە ئامانج مانـەوەی دەسـەڵات و رازیکردنی کەسانێک هەر لێپرسراوەو بەشی خۆی داناوە، وەک میراتگری، ئەوەش پێوەر نییە بۆ ئەوەی بەرنامەی لیستەکە بەباشی هەڵبسەنگێنرێ و بلێ تەواو بەرنامە لە رابردوودا تەنها مەرەکەبی سەر کاغەز بووە، بێگوومانم لەوەی لە داهاتووشدا هـەر وادەبێ!. پێـوەر بـۆ خودی کەسـایەتییەکانیش گرنگـە بوێـری و لێهاتویی و پسپۆری و مسـتەحەقی و دلسۆزی کەسـەکانە بۆ گەل و نیشتمان، تا چەند دەتوانن بەوپەڕی ئـازادی کار بکەن دوور لـە کۆنترۆلی حزب و پاراستنی بەرژەوەندی حزبی و شەخسی، دەبێ ئەوە باش بزانن لە پێناو دەرخسـتنی راسـتیەکان و پاراسـتنی



یوسف مەنتک - ئەڵمانیا

بەرژەوەندی گشـتی نابێ لە کورسـییەکانیان بترسـێن، بـەڵام بینینـی هەنـدێ سـیمای پەرلەمانتاری دووبارە، مرۆڤ بێ تاقەت و بێ هیوادەکات، لەکاتێکدا دەبینین کە خاوەنی هیچ کەفائەتێک و لێهاتوییەک نین لە رووی کایەی مەعریفی سیاسی و رۆشنبیریدا لە چوار ساڵی رابردوودا هیچ پرۆژەیەکیان نەبووەو بۆ تەنها جارێکیش قسـەیان نەبووە، تەنها بت ئاسـا کورسییەکانی پەرلەمانیان پێ پرکردونەتەوە یا بۆ رازیکردن و دڵ نەشکانیان دانراون، ئەوەش ئەم راستییەمان بۆ ئاشکرا دەکات، کە دەسەڵاتی کوردی تا ئێستا نەی توانیوە لە ژێر کاریگەریی مۆتەکـەی ئاغا و بەگ و شـێخ و حەفید زادەو خزم خزمێنەو کوتلەگـەری و بەرژەوەندخوازی رزگاری ببێت، پێکهاتەی لیسـتەکە بەئاشکرا بانگەشـەی ئـەوە دەکات، کوردسـتانیش تەنهـا لەم کەسـانەی نێو لیسـتەکە پێـک نەهاتووە، هەر ئەوانەش بەتەنهـا خەباتیان نەکردووە، بەڵام لەگەڵ ئـەوەش بوونی چەند کەسایەتییەکی بەتواناو لێهاتوی نێو لیستەکە تروسکایەکی زەحیفۆکەی پێوە دیارە، ئەوەش تەنها بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن دانراون ئەگینا کۆنترۆلەکە هەر بەدەست حزبە!، گرنگتر لەوە رۆژانی داهاتوی کاری پەلەمان باشترین سەنگی مەحەکە. ئەوکات وەڵامەکان ئاسـانتر دەسـت دەکەون لە ئێستا.

هەڵبژاردن بۆ گۆڕینی دەسـەڵاتە لەنێو گروپە سیاسییەکانی وڵات بەمەبەسـتی بەڕێوەبردنی سیستمێکی نوێ لەحوکمرانی داهاتوو، ئێمە دەڵێن هەڵبژاردن بەشێکە لە پرۆسەی دیموکراسیەت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا لەوانەیە هەڵبژاردنەکە دیموکراسی نەبێت لە زۆرێک لە وڵاتانی دنیا ئەم پرۆسیەیە ئەنجام دەدرێ، بەڵام دەسەڵاتی حاکم دەبینین زۆرینەی کورسییەکان دەهێنێت، بۆیە بۆ پراکتیزەکردنی سیستمەکانی دیموکراسیەت یا روونتر بڵێین رۆڵـی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بۆ پرۆسـەی دیموکراسیی، سەرەتا دەبێ بزانین رادەی هۆشیاری جەماوەر و پارتە سیاسـییەکان یا پارتی دەسەڵاتدار تا چەند لە ئاستی تێگەیشـتنی دیموکراسییە و بە عەمەلی قبولیەتی، بوونـی کۆمەڵگەیەکـی لیبـرال و ئازادو کراوە زەمینەی پرۆسەکانی دیموکراسی لەبارو گونجاوە، ئایـا کۆمەلی کوردەواری تا ئەو رادەیە کراوەیە بەرامبەر بیروڕای جیاوازو یەکتر قبولکردن، بـە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن رازیبن؟، نەبونی عەدالەتی کۆمەڵایەتی، ئازادیە مەدەنییـەکان وەک چاپەمەنـی و رادەربرین و دەنگدان و بەشـداری یەکسـانی لەهەڵبژاردن و نەکرینـی دەنگەکان و رازیکردنـی ئەم و ئەو بەیاداشت و چاوسـوورنەکردنەوەو هەڕەشەو توندوتیژی سـووکایەتی پێکردن و ناوزڕاندنی بەرامبەرەکەت لە کاتی هەلمەتەکانی پروپاگەندە و دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی، پابەندی یاساکانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بن، دوای ئەم ئەگەرانەی باسمانکردن گرنکترینیان هەڵبژاردنێکـی پـاک و بـێ دەسـتێوەردان و تەزویـر بێت و ئەنجامەکەی قبولکراو بێت، بە ئەمانەتەوە دەسەڵات تەسـلیمی براوە بکرێت، ئەوکاتە دەتوانین بڵێین پرۆسەی دیموکراسیەت بەڕێوەیە، پرسـیار ئەوەیە: ئایـا نوێنەرانی پیشـمەرگەی کەم ئەندام و زیندانیانی سیاسی و ڕێکخسـتنە دێرینە نهێنییەکانی نێوشارەکان و چینی هەژارانی کوردسـتان نوێنەریان دەبێت لە پەرلەمانی داهاتووی کوردسـتان؟ حەتمەن نەخێر، بەشـێوەیەکی ئاسایی چیرۆکی گۆلکە سۆرێ و هەقایەتی مێشێمان دووبارەو دووبارە بۆ دەڵێنەوە.



## گەرماوە کلتوورییەکانی کوردستان و هەولێر

# گەرماوە کلتوورییەکانی کوردستانی عێراق لە کۆتایی سەدەی (١٨ و ١٩ز)دا



**د. نەرمین عەلی محەمەد ئەمین**

گەرماوە کلتوورییەکانی کوردسـتان ژمارەیان و جۆریان باشە لە شارەکانی هەولێـر، کەرکووک، سـلێمانی و ناوچەکانی تر. لایەنی بیناسازی و پلان و شێوازی بیناسازییان وەک بەشێک لە بیناسـازی خزمەتگوزارییەکان کە هەیە لەگەڵ شـەڕی جەمـی عێراقدا دادەنـرێ. ئەم شـێوازانە بەردەوامی شێوازە کۆنەکانی پێش سەدەیەک یان زیاتر کە باوبـووە لە ناوچەکە و تا ئێستا ماوەتەوە.

گەرماو شـوێنێکی تایبـەت بووە بۆ خۆ شووشـتن یان بسمیل کردن و خۆ حازرکردن بـۆ ئاهەنگ و زەماوەند و خەنەکردن و شـووکردن تایبەت بووە بۆ پیاو و ئافرەت.

لەبەرئـەوەی گەرمـاو لـە زۆربەی ماڵەکان نەبووە، یان بە شـێوەیەکی کەم کە هەمـوو مەرجەکانی گەرماوی بـازاڕی تێدابـێ "حەمامـی شـار" جێگای گەرمـاوی تایبەتی ماڵەوەی گرتۆتەوە، ئـاوی گەرمی تێدابووە و جێگاو ئیشکەرەکانی گەرماو خزمەتی ئەوانەیـان کـردووە، کـە خۆیان شوشتووە. بێجگە لەوە گەرماو شوێنی کۆبوونەوە و باس و هەواڵ گۆڕینەوە و پەیوەندیکردن و گواستنەوەی هەواڵ و دەنگوبـاس و بەسـەربردنی کاتی خۆش بووە بۆ لەش پاک و خاوێنی.

زۆربەی ئەو گەرماوانەی کە لە ناوچە کوردییەکان هەیە لە لایەنی بیناسازی و شێوازیان و شـێوەی هۆڵەکانیان لەیەک دەچن، کە زۆربەیان لە هۆڵی هەشـت لایی دروست کراون و شێوەی حـەوزەکان و پەنجـەرەو گومبەت و کەرەستەی دروستکردنیان دەگەڕێنەوە هەمان سـەردەم. بۆ نموونە گەرماوی قـەڵای هەولێر لە هەنـدێ گەرماوی ناوچەی شاری موسڵ دەچێت، چونکە هەولێر نزیک بووە لە موسڵ، هەروەها گەرماوەکانی ناوچەی سلێمانی نزیکن لە گەرماوەکانی سـنەو کوردستانی ئێران، لەیـەک چوونی ژینگەو زەوق و گۆڕینـەوەی وەسـتاو و کرێکار و شارەزاکان باو بووە لەو سەردەمە.

بەڕێوەبردنـی گەرمـاو پێویسـتی بەڕێکخستن و ئامادەکردن و دابینکردنی کەرەستەی سووتان "دار" و ئاوە. ئەم میکانیزمە دەبوا هەبووایە، چونکە بۆ بەڕێوەبردنی گەرماو پێویست بوو.

ئـەو گەشـتە مەیدانییـەی کـە لە هەرسێ شاری "هەولێر، کەرکووک، سـلێمانی" کردمان لێکۆڵینەوەیەکی سـەرەتایی بووە بۆ زانین و بینینی ئەو گەرماوانە و شێوازی بیناسازییان و مێژووەکانیـان بۆ ئـەوەی لەناو پرۆگرامێکی گەورە لەسەر گەرماوەکانی رۆژهەڵات لە لایەن ifpo کە پەیمانگای فەرەنسـی لە رۆژهەڵات سەرپەرشتی دەکات لە عەممـان، ئەو زانیارییانە شایەنی پەرەسەندن و لێکۆڵینەوە و چارەسـەرکردنی هەر مەوقیعێک بوو بەپێی پێویسـت وەک بیناو مێژوو لە ناوچەیەک دووچاری تێکدان و شـەڕ بووە، کە ئەم شوێنەوارانە پێویستییان بە پاراسـتن و چاککردنـەوە هەیە و پێویسـتییان بە پاراسـتن لە تێکدان و لەناوچوون هەیە. هەندێ سـیمای تایبەتی و لێکچووی ئەم گەرماوانەم بۆ دەرکەوت بەو شێوەیەی خوارەوە:

**١- هەولێر:**

گەرماوی قـەڵای هەولێر مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتـایی سـەدەی ١٨ی زایینی و بەڕێوەبەرایەتی شـوێنەوار تەملیکی کردووە و ئێستا بەکار نایەت. بریتییە لە دوو هۆڵی پێکەوە گرێدراو بەڕێگەی ملحقی سـانەوی و شێوەی لاکێشە. لەسـەری گومبەتێکی شێوە بازنەیی دروسـت کراوە، کە لەساڵی ١٩٨٠ نۆژەن کراوەتەوە، لە لایەن ژن و پیاوانەوە بەکارهاتووە.

گەرماوی عەلـی ئاغا: لـە گەڕەکی خانەقایە، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سـەدەی ١٨ و بریتییە لە دوو هۆڵی هەشت لایی، کە بە گومبەتێکی شـێوە بازنەیی داپۆشـراوە و ئەمڕۆ نەماوە، بەڵکـو وەک دوکانی مافوور فرۆشـتن بەکاردێت. هی ماڵی عەلی ئاغا و نەوەکانییەتی.

**٢- کەرکووک:**

گەرمـاوی دەدە حەمدی لـە گەڕەکی "موسەڵلا"یە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی ١٨ز، لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری کەرکووک تەملیک کراوە. ئەمـڕۆ کەلاوەیـە و وەک شـوێنی حەوانەوەی مانگاو ئەسپ بەکاردێ، وەک ئاخوڕ. لایەنی بیناسازی گرنگە چاک بکرێتەوە و بایەخی پێ بدرێ.

گەرمـاوی عەبدولباقـی: لەگەڕەکی قەڵایـە مێژووەکـەی دەگەڕێتەوە بۆ سـاڵی ١٩٢٠، "تەملیـک شـخصی" بەشـێکی بۆ ئافرەتان بەکار دەهات و بەشێکی بۆ پیاو، کە پێکهاتبوو لە دوو هۆڵی هەشت لایی بە گومبەتی شێوە بازنەیی داپۆشرابوو.

گەرماوی شەباب: لە گەڕەکی قەڵایە، مێژووەکەی دەگەڕێتـەوە بۆ ١٩٦٠ز، "تملیک شـخصی" ئەم دوو گەرماوە پێکدەچن لە لایەنی تەختیت و شێوازی بیناسازی.

**٣- سلێمانی:**

حەمامـی سـوورەت: لـە گەڕەکـی ئاسنگەرانە، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دروستکردنی شاری سلێمانی لە لایەن بابانەکان. موڵکیەتەکەشـی دەگەڕێتـەوە بـۆ بنەماڵـەی کەریم عەلەکە، ئەم گەرماوە تەنها لەلایەن پیاوانـەوە بەکاردەهـات، یەکێکـە لـە گەرماوە گرنگەکانی سـلێمانی، گەرماوەکـە لە لایەنی بیناسـازی و گەورەیی بە گەورەیی دەژمێردرێت.

حەمامـی موفتی: لـە گەڕەکـی سـابوونکەرانە، مێژووەکـەی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی "١٩ز"، گەرماوەکـە لە لایـەن ئافرەتانەوە بەکاردێ، ئەوەی سەرنجڕاکێش بێت کوڵخانەکەی "الموقـد" ئاگردانەکەی کە لـە شـێوازی بیناسـازییەکەی شێوەی عەفری مدبب بەکارهاتووە و لە کەرپووچ دروستکراوە. "موڵکیەتی شەخسییە".

حەمامی شـێخ مارف: شـوێنەکەی کەوتۆتـە نـاو بـازاڕ لای مامـەر فرۆشـەکان، تەنها پیـاوان بەکاری دێنن "ملکیەتی شـخصیە". شێوازی گەرماوەکـە پێکهاتووە لـە هۆڵێکی هەشت لایی کە بە گومبەت داپۆشراوە.

حەمام سلێمانی و سەیوان: مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی ١٩ی ز، تەنها بۆ پیـاوان بەکاردێت و شـوێنەکەی لەناو بازاڕە "ملکیەتی شـخصیە" لە لایەنی بیناسازی و شێوازی هۆڵەکان ئەم دوو گەرماوە لە یەک دەچن.

**التخطیط- پلان:**

بەشێکی زۆری ئەم گەرماوانە لە دوو بەش پێکهاتووە لەگەڵ پاشـکۆکانی: ژوور، هۆڵی سـانەوی، هۆڵی یەکەم ناسراوە بە "المنزع یان المشلح" یان "القاعـە البرانی" شـوێنی داکەندنی جلوبەرگە. لە وەرزی هاوین بەکاردێت "هۆڵێکـی سـاردە" لە ناوەڕاسـتی نافورەی ئاو هەیە.

هۆڵـی دووەم: هۆڵی خۆشووشـتن "الجوانی" یان "الداخلی"یە، ئەمەش لە زستانان بۆ خۆشووشتن بەکاردێت، چونکە ئاگردانەکەی تێدایە.

ئەم قاعانە شێوەی هەشت لایان هەیە، زۆربەیان لە ناوەڕاستی نافوورەی ئاو هەیە "قاعەی یەکـەم" و بە گومبەت داپۆشراوە لە ناو دیواری گومبەتەکە پەنجـەرەی شـێوە بازنەیی بچووک هەیـە بـە شووشـەی ڕەنگاوڕەنگ داپۆشـراوە کە پێی دەڵێن "القمریە" ئەمەش لـەوەوە هاتـووە کە مانگ سـەرچاوەی رووناکی بووە لە کاتی بەدردا، بۆیە بەم شێوە پەنجەرانەیان گوتووە قمریە.

ئاگردان یـان الموقد- السـخان کە بەکارهاتووە بـۆ گەرمکردنی ئاو یان بەشێوەیەکی سـەربەخۆ بووە وەک حەمامی موفتی لە سـلێمانی، کە لە تەنیشـتی بووە یان بەشێک بووە لە پشـتی گەرماوەکان یان لە تەنیشتی دروسـت کراوە بەپێی سیسـتەمێکی تایبەت کە لە ژێرەوە گەرماوەکە گەرم بکات و ئاوی گەرم لەڕێگای بۆڕی مخاز "انابیب الفخاریـە" کە بەکاردەهات، لەبەرئەوە لەو بۆڕیانە ئاوەکە درەنگ سـارد دەبووەوە، کە لە قوڕ دروست کرابوو وەک لە گەرماوی دەدە حمامی بەکار هاتبوو. ئـەم گەرماوانە یەک دەرگای چوونە ژوورەوەی سەرەکییان هەیە.

**لایەنی بیناسازی:**

ئـەو دەگـەزە بیناسـازییەی کـە بەکارهاتووە لەم گەرماوانەدا بریتییە لە عقد کەواتە شـێوەی "عقد مدبب" ناڵەی ئەسپ، شێوەی نیمچە بازنەی عامود و توسی بەکارهاتووە بەشێوازی جیا و قەبارەی جیاواز لەسەر بنکەی چوارگۆشـە و لاکێشـە و ئەستوور. زۆربەی "بنمیچە"کانی ئەم گەرماوانە "قبـو- voute" شـێوەی لانکـی داپۆشراوە. ئەو کەرستە بیناسازییەی کە لـە گەرماوەکە بەکارهاتووە ئەوە لە ناوچەکە هەبووە وەک بەرد، گەچ، کەرپووچ لەگـەڵ بەکارهێنانی مادەی قیر بۆ عزل کردنی دڵۆپە و سەرما.

**زەخرەف و دیکۆر:**

بەشـێکی زۆر لەو گەرماوانە تووشی تێکدان هاتـوون، ئـەوە عەناصر و زەخـرەف و نەخـش و دیکـۆر و وێنە کە تێیدا هەبـووە لە ئەنجامی چاککردنەوەیەکـی کوێرانـە بەبـێ "میتۆد- اسلوب علمي" داپۆشینی بە گەچ یان بە رەنگ و تێکدانی شێوازی دیکۆرەکـەی. نموونـەی گەرماوی "سوورەت" کە ناوەکەی لەوە هاتووە کە وێنە و رەسمی تێدابووە و شێوەی ئەندازیاری ئاژەڵی و رووەکی لەگەڵ بورجەکان "الابراج الفلكية"ی تێدا بووە و ئێستا هیچی تێدا نەماوە.

لـە گەرماوی قەڵای هەولێر لەسـەر مەدخەلـە رەئیسـییەکەی هەنـدێ عەناصـری زەخرەفـی ئەندازیاری شێوە ئەستێرەی هەشت لایی "معین" شێوەی رووەکی، گۆزە و گەڵاو شێوەی لاکێشە و سـێتی لای هەیە لەناوەوە چوارچێوەیەکـی ئەندازەیـی "اطار الهندسـي المزدوج". بە شـێوەیەکی گشـتی ئـەم گەرماوانە لـە لایەنی زەخرەفە و دیکۆر هەژارن.

**کەلوپەل و ئامێری بەکارهاتوو لە گەرماو:**

زۆربەی ئەو ئامێرانەی بەکارهاتوون لەلایەن ئەوانەی خۆیان شوشـتووە بـە تایبەتی ئافرەتان بریتی بووە لە "تاسی حەمام" کە شێوەیەکی هێلکەیی یان بازنەیی هەبـووە، لە دوو بەش پێکهاتووە، تێیدا سابوون و لیفکەیان داناوە و قەپات کراوە.

ئەم تاسانە هەندێکیان لە "نحاس" یان مس دروست کراوە و تێیدا زەخرەفەی شێوە سـادە هەبووە وەک گەڵاو گوڵ یان شێوەی ئەندازەیی.

ئافرەتـان مقەس و شـانەی دار یان بەردیان بەکارهێناوە بۆ خۆشووشتن.

**کرێکارانی گەرماوەکان:**

حەمامچی: ئەو کەسە "المیارز-المیرز" یان خاولی پەشتەماڵ کۆ دەکاتەوە، کە خوارەوەی ناوک دادەپۆشێ.

ساقی: ئاوگێر لە گەرماو.

القیم: ئەو کەسە پیسی خڕ دەکردەوە لـە گەرمـاو، هەنـدێ جـار کاری "العقاد"دەکـرد ئاگـری گەرماوەکە دادەگیرسێنێ.

البـلان یان الحلاق: بـە تایبەتی لە گەرماوی پیاوان هەبووە، کە ئامێرێکی بەکاردەهێنـا "مووس بـووە لەناو دەسـکی دار" لەگـەڵ بـەردە مووس تیژکەرەکە.

دەلاک: ئەو کەسـە پشـتی ئەوانەی دەشووشـت کە خۆیان دەشووشـت، شوێنێکی تایبەت هەبووە وەک سەکۆیەک لەسەری دادەنیشتن بۆ خۆشووشتن. لە گەرماوی ژنان و پیاوان ئەو "ناتر یان دەلاک"ە هەبووە.

**سەردەم و مێژووەکەی:**

بەداخەوە لەبەر نەبوونی سـەرچاوە و بەڵگەی نووسـراو دەربـارەی ئەم گەرماوانە یان ئەوەتە ئەو وەسـتاو کرێکارانـەی کە دروسـتیان کردووە زۆر زانیاری تەواومان نییە، کە تێیدا سـاڵی دروسـتکردنی ئەو گەرماوانە دەستنیشـان بکات، ئەوەی لەسـەر زاران و لەنـاو خەڵـک هەیـە یان گێڕدراوەتەوە، ئەوە بەس نییە بەڵکو پێویستە لە تۆماری تاپۆ و بەڵەدیە و بەڵگەکان لە "مەحکەمە" دیاری بکرێت و مێژووەکەیان بە شـێوەیەکی راست تۆمار بکرێت.

**ئەنجام و پێشبینی:**

* کردنـی "مسـح میدانـی" توتیقی مێژووی بۆ هەریـەک لەم گەرماوانە لێکۆڵینەوەی هەموو یەکەی بیناسازی و تەختیتی تێدایە.

* پاراسـتنی ئـەم بینایـە لای "بەڕێوەبەرایەتی شـوێنەوار" لەگەڵ وەزارەتی گەشـتوگوزار و شوێنەوار وەک بەشێک لە گەنجینەی بیناسازی ناوچە کوردییـەکان لە لەناوچوون، چونکە ئەوانە بەهـۆی تازەکردنەوە کوێرانە تێکدەدرێ بۆ دروسـتکردنی بازاڕ و دوکانی تازە لە جێگایان.

* ئەو گەرماوانەی لە ناوچەی سلێمانی هەیە شـێوازێکی تایبەتییان هەیە لە داپۆشـینی گومبەتـەکان ئەویش بە بەکارهێنانـی قوڕ و خـۆڵ و کا، کە جیاوازی هەیە لەگەڵ ناوچەکانی تر، کە ئەمە تایبەتە بە ناوچە ساردەکان، چونکە ئاسـتی گەرماوەکان لە ١،٥م نزمترە لە ئاستی شەقامی ئێستا.



یەکێک لە گەرماوەکانی قەڵای هەولێر

# ڕوونکردنەوەیەک دەربارەی تەوەری "هەڵکشان و داکشانی حزبی شیوعی"

**مەغدید حاجی**

ڕۆژنامەی بەدرخان لە ژمارە "١٢٣"یدا کە ڕۆژی ٢٠٠٩/٨/٨ دەرچووە، تەوەرێکی دەربارەی حزبی شیوعی تەرخانکردووە. من لە کاتێکدا سوپاسی بەڕێوبەری بەرپرسی ڕۆژنامەکە دەکەم، کە وەڵامەکانی منی وەکو خۆی بڵاوکردوونەتەوە، بەڵام بەوە نیگەران بووم کە چەندین هەڵەی مێژوویی لەپێشەکی تەوەرەکەداو هەندێ لە وەڵامەکاندا هاتووە. بۆیە بۆ ڕاستکردنەوەی ئەم هەڵانە بە پێویستم زانی ئەم ڕوونکردنەوەیە بنووسم.

١- حزبی شیوعی کوردستان- عێراق بەرەسمی "١٩٩٣/٦/٣٠"لە پێنجەمین کۆنگرەی حزبی شیوعی ڕاگەیەنراوە. نەک لە ١٩٩٣/٦/١٨ هەر وەکو لە بەدرخاندا هاتووە.

٢- یەکەمین سکرتێری حزبی شیوعی کوردستان کەریم ئەحمەد نەبوو، بەڵکو عومەر عەلی شێخ بوو. لە حزبی شیوعیش ناوترێ "سەرۆکی حزب" بەڵکو "سکرتێر" بەکاردێت.

٣-حزبی شیوعی عێراق بە ڕەسمی لە ١٩٣٤/٣/٣١ دامەزراوە نەک لە ساڵی ١٩٣٣. هەموو ساڵێک "حشع" لە ٣١ی ئاداردا لە ڕۆژی دامەزراندنی ئاهەنگ دەگێڕێت.

٤- عەزیز محەمەد، عامر عەبدوڵڵا، موکەڕەم تاڵەبانی و کەریم ئەحمەد. لەسەرەتایی دامەزراندنی حزبی شیوعی عێراقدا لە سەرکردایەتی نەبوون هەر وەکو لە "بەدرخان"دا هاتووە. بەڵکو ئەوانە لە چلەکاندا چوونەتەرێزی حزبی شیوعی و لە پەنجاکان بە سەرەوە گەیشتوونەتە سەرکردایەتی.

٥- لێژنەی هەرێمی کوردستانی حزبی شیوعی عێراق لایەنێک بووە لەو شەش حزبەی لە ١٩٨٨/٥/٧ بەرەی کوردستانییان پێکهێناوە. سەرەتا شەش حزب بوون نەک هەشت.

٦- لە دوای ڕاپەڕین و لە یەکەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا لە ١٩٩٢/٥/١٩ حزبی شیوعی ٢٪ دەنگی هێناوە، نەک "٠٢،٠٪" !! هەر وەکو لە بەدرخاندا هاتووە.

بە داخەوە بۆ ئەم جۆرە هەڵەیە. هەروەها نووسراوە: "لە دوای ڕاپەڕین و داڕمانی شیوعیەت"!! هەمووﻻ باش دەزانن کە لە ساڵی ١٩٩١دا بلۆکی سوسیالیستی ئەورووپای ڕۆژهەڵات و یەکێتی سۆڤییەت لە ئەنجامی کۆمەڵێک هۆکار هەرەسی هێنا. تاکو ئێستا تاکو ململانێی چینایەتی و چەوساندنەوە بەردەوام بێت شیوعییەکان و چەپە پێشکەوتن خوازەکان لە ئەورووپا و لە ئاسیا و ئەمەریکای لاتینی لە ئەفریقیا لە تێکۆشان بەردەوامن و تاکو ئێستا حزبی شیوعی لە چینی میللی فەرمانڕەوایە، کە ژمارەی دانیشتووانی زیاتر لە ملیارێک و ٢٠٠ملیۆنە.

تاکو ئێستا لە خودی ڕووسیا حزبی شیوعی دووەمین هێزی سیاسییە. لە کوردستانیش سەرەڕای دەنگەکانی هەڵبژاردن تاکو ئێستا شیوعییەکان لە خەباتی چینایەتی و نیشتیمانی بەردەوامن دڵسۆزی کێشەی ڕەوای کوردن، نازانم بۆ بەشێک لە "هەڤاڵان" ئەوەندە کەیفیان دێت بڵێی "داڕمانی شیوعیەت"! لە هەمان کاتیشدا کۆنە بەعسی و ئەنفالچی لە ئامێز دەگیرێن؟!

٧- لە وەڵامێکی کاک کەمال محێدیندا هاتووە "زۆر لە سەرکردەکانی حزبی شیوعی جوولەکە بوون کە بێکون"!!" لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیل پەیوەندییان هەبووە".

ئەم قسەیەش دوورە لە ڕاستی و هیچ سەرچاوەیەکی مێژوویی باوەڕ پێکراوی زانستی ئاماژەی بۆ نەکراوە. تەنیا ئەگەر لە سەرچاوەکانی ئەمنی گشتی و موخابەراتی ڕژێمەکانی دیکتاتۆری کۆنەپەرستی بەغدا بۆ شێواندنی سیاسەتەکانی حزبی شیوعی عێراق شتی وایان نووسیبێت. تکا لە کاک کەمال محێددین و خوێنەرانی بەڕێز دەکەم، ئەوانەی دەیانەوێ لەسەرچاوەیەکی زانستی مێژوویی لە حزبی شیوعی و سیاسەتەکانی بگەن بگەڕێنەوە سەر هەردوو بەرگی دووەم و سێیەمی کتێبەکەی حەننا بەتا تۆ "العراق" کە تایبەتە بە مێژووی حزبی شیوعی عێراق و پەیوەندییەکانی نێوان شیوعییەکان و بەعسییەکان..

لەم کتێبەدا بەپشت بەستنی بە سەرچاوەکانی باوەڕپێکراو ناوو ئایینی و ڕەگەزی هەموو ئەندامەکانی کۆمیتەکانی ناوەندی حزبی شیوعی عێراق هەر لە ساڵی ١٩٣٥ تاکو حەفتاکان بڵاوکراونەتەوە. دەردەکەوێت کە هەرگیز لە هیچ خولێکدا زۆرینەی ئەندامانی سەرکردایەتی حزبی شیوعی جوولەکە نەبووینەو هەرگیز حزبی شیوعی پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیلدا نەبووە.

سەرنج و تێبینی تریشم دەربارەی وەڵامەکانی دیکە هەیە بەڵام هەر کەسێک ئازادە لە ڕەئی دەربڕین و هەڵەی مێژوویش دەبێ ڕاستبکرێتەوە.

هەولێر ٢٠٠٩/٨/١٤




ژمارە ١٢٣ هەفتەنامەی بەدرخان ٢٠٠٩/٨/٨

# ژنەکەی بۆ جگەرەیەک تەڵاقدا

**ڕاپۆرتی: شاخەوان عەلی تاڵەبانی**

"عەلی" تەمەنی بیست و حەوت ساڵە، ژنی هێناوە و خاوەنی دوو منداڵە. پیشەی ڕۆژانەی، دار تەختەیەکی بەرێزی ڕاچنیوە و پاکەت دەفرۆشێ. ئەو داهاتەی دێتە دەستی، بەشێکی بۆ ماڵەوە خەرج دەکاو بەشێکی کەمیشی لێ پاشەکەوت دەکات، کە ئەو پاشەکەوتە نییە بتوانێ لە دەرفەتێکی زۆر نزیکدا خەون و ئارەوزوەکانی پێ بێنێتە دی، کە هەمیشە لەگەڵ کەژاڵی خێزانیدا باس لە ئایندەیەکی گەش و پرشنگدار دەکەن و خۆزگەیان زۆرە لەوانە دابینکردنی خانوویێکی سەربەخۆ بۆ خۆیان.

**ئامۆژگاری**

هەرچی دۆست و ناسیاوێک بهاتبایەتە ماڵی عەلی و لە نزیکەوە چاوی بەو ماڵە بکەوتایە وا کرێچییە، لە ژوورێکی تاریک وشک و برینگ کەوتووەو لە زۆربەی پێداویستییەکانی ژیان بێ بەشن، کەچی لە ماڵەوە عەلی جگەرەیەکی بێ ئەندازە دەکێشێ، ئەمە خۆی لە خۆیدا زیانێکە بە باری دارایی دەکەوێت، بۆیە وەکو خەمخۆرێک ئەوەی خەرج دەکات باشترە بیدات بەخۆراک بۆ منداڵەکانی.

**بڕیار**

عەلی دوای بیرکردنەوە و وردبوونەوە لە خۆی و خێزانەکەی، بە هۆی بێ برایی و نەبوونی متمانە بە خۆی، بۆ وازهێنانی جگەرە هەر سێ تەڵاقی فڕێ دەدات، ئەگەر جارێکی تر بگەڕێتەوە سەری و ئەو پاکەتەی لە باخەڵی دابوو دەریهێناو شکاندی. هەڵبەتە ئەو تەڵاقفڕێدانەی تەنها جارێک نەبووەو بەس، بەڵکو هەر یەکێ سەری لێداباو کاتێک دەینۆڕی ئەوە عەلی جگەرە ناکێشێ، دوای سەرسام بوون، بە تەوسەوە پرسیاری ئەو وازهێنانەی لێ دەکرد، ئەویش وەکو باوەڕێکی پتەو بەخۆ هەم دیسان سێ تەڵاقەی فرێدەدا، دەتگوت تەڵاق ئاوخواردنەوەیە دەیوت: "ئێستاش دووبارەی دەکەمەوە هەر سێ تەڵاقم لە کەژاڵ کەوتبێ گەر جارێکی تر جگەرە بکێشم". دیارە ئەو دەربڕینەی نە جارێک و نە دووان و نە دە، چەندی ڕێنمایی دەکرێ واز لەو وشە بڤانە بێنێ، چونکە ئەوە مرۆڤە ئەگەر پەیمان و بەڵێنەکەی نەگەیاندە سەر، ئەو کاتە چ وەڵامی خۆی دەداتەوە، بەڵام ئەو ڕێنمایی و ئامۆژگارییانە بە هەند هەڵناگرێ.

**شکاندنی بڕیار**

عەلی سێ مانگ و چەند ڕۆژێک خۆی لە جگەرەکیشان بە دوور دەگرێ و بەرگرییەکی باش دەکات، ئیتر وردە وردە ئارەزووی دەکەوێتەوە سەر تا ڕۆژێکیان لە نێو ناندینەکەیاندا بە دزی کەژاڵەوە جگەرەیەک هەڵدەکاو چەند مژێکی لێدەدا. کاتێک کەژاڵ دێتە ناندینەکەو بەو شێوەیە چاوی بە عەلی دەکەوێ ئەوە خەریکی جگەرەکێشانە، چاو ئەبڵەق، دەتاسێ و دەداتە قیژەیەکی بەرزو هەر بە خێرایی خۆی دەپێچێتەوە و دەچێتەوە ماڵی باوکی.

دەست بەسەرداگرتنی کەژاڵ و نەدانەوەی عەلی هەمان ڕۆژ ئێوارەیەکی درەنگ بە خۆی و منداڵەکانییەوە دەچێتە ماڵی باوکی کەژاڵ، بەڵکو ئەوە خوایە دڵی کەژاڵ نەرمکاو لە گەڵ خۆیدا بیهێنێتەوە، وەلێ باوکی کەژاڵ منداڵەکانی لە دەست دەردێنێ و بە تووڕەییەوە پێی دەڵێ: "دوای ئەو قەباحەتەی کردووتە، جارێکی تر لێرەت نەبینمەوە".

عەلی بە دڵی پڕ لەخەم و جەخارو خەفەتەوە ماڵی خەزووری بە جێدەهێڵێ و هانا دەباتە بەر خزمەکانی، بۆ ئەو مەبەستە چەند ریش سپیەک دەنێرێتە لای باوکی کەژاڵ، بەڵام هیچ سوودێکی نابێ، دوا شت بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو کێشەیە، کەژاڵ و باوکی و عەلی و چەند خزمێکی دەچنە لای مامۆستایەکی ئایینی، لەڕووی یاساو ڕێساوە ئەو مەسەلەیە دەخەنە ڕوو، ئەویش پێیان ڕادەگەیەنێ عەلی هیچ مافێکی بەسەر کەژاڵ نەماوە تەنها ئەوەی دەمێنێتەوە منداڵەکانن یەکێکیان لەخۆی بگرێ. عەلیش وەکو دەداتە قوڵپی گریان و فرمێسک هۆن هۆن بە چاوانیدا دەبارێ..عەلیش وەکو تاوانێکی گەورەی ئەنجام دابێت، بێ ئاگا لەخۆی، مێشکی نقومی جیهانێکی تر ببوو، کاتێک هەڵسا ئاهێکی قووڵی هەڵکێشاو دەستی خستە باخەڵی و جگەرەیەکی پێکرد.



هەرگیز جگەرە ناتوانێ نێوانی دوو مرۆڤ تێکبدا، ئەگەر لێکگەیشتن لەنێوانیاندا هەبێ

## تەنز

ئەو قسە گەلێک ڕاستە کە دەڵێ: "دڵ ئاوێنەی دڵە"یان دەڵێ "دڵ ئاگای لە دڵە، ئەگەر ئەم وتەیە وردکەینەوە و خوێندنەوەیەکی لەسەر بکەوین بۆمان دەردەکەوێ، کە تۆ چۆن بڕوانییە بەرامبەرەکەت، چۆن سەیریکەیت، ئەویش بەو چاوە بۆت دەڕوانێ و تەماشات دەکا. ئەو کەسەی شتێ لەخۆی شک ببا، کە هەموو شتەکان دەکەوێتە گومان. زۆر سەیرە مار حەزی بەسیر نەدەکرد، کەچی سیریش لە پێش دەرگەی شین دەبوو. هەندێ شت هەیە لە توانای مرۆڤ بە دەرە، دەوەرە زۆرجار لە هیچ و خۆڕایی ڕقت لە کابرایەک دەبێتەوە بەدەست تۆ بێ نەی بینی و نەیدوێنی، کەچی وەکو مووی کونە لووت پێتەوە دەنووسێ و لێت جیا نابێتەوە، دەچییە هەر شوێنێ، جێگەیێ دەڵێی بانگت کردووە، دەڵێی دەستی خۆی بۆن کردووە، یەکسەر لێت قیت دەبێتەوە، لووتی بە لووتت دەکەوێ:



شاخەوان عەلی حەمەد

"ئەسسەلامو عەلەیکوم". ڕەنگە لە دەروونەوە حەزبکەیت هەزارو یەک جنێوت پێبدات، نەک ئەو سەلامە بکاو بە دەم زەردەخەنەیەکی درۆزنەوە لێت بێتە پێش و لە هەواڵت بپرسێ.

من یەک لەو کەسانەم جار هەبووە حەزم بە بیچم و چڕو چاوی کابرایەک نەبووە کاتێک بە کۆڵانێک تێپەڕیوم، سەیرم کردووە جەنابیان بە ئای ناخێری قەلبیان لەوسەری کۆڵان وەستاوە، پێم گوناهبووە بە تەکیدا بڕۆم و سەلامی لێبکەم، بۆیە ڕێ و ڕێ گەڕاومەتەوە، جار هەبووە دوو سێ کۆڵان بەولاتر ڕۆیشتووم بەس ئەوەندە کابرا نەبینم.

بۆرە خزمێکم هەیە زوو زوو قسەکەیم لە گوێ دەزرینگێتەوە، دەیگوت: "من بەینم لەگەڵ پۆلیسێک ناخۆش بوو، دوای ئەو ناخۆشییە، لەڕێی چەند خزمێکەوە پێکیان هێنانەوە، ئاشت بووینەوە بەو ناوەی کەسمان هیچمان لەبەر دڵ نەمێنێ. ڕازیم. ڕازیە. لاپەڕەیەکی تازەمان هەڵدایەوە. بە ئێرادەی ئەو خوایە دوو چاوم بەو پۆلیسە هەڵنەدەهات بە من بوایە کوێربم نەک بیبینم، نەک سەلامم لێبکاو لێم بێتە پێش، تەنانەت ڕقم لە هەموو ئەوانەش دەبۆوە، کە جلی پۆلیسیان لەبەر بوو، هەر ئەو حەزنەکردنە وایلێکرد بووم چاو بە هەر زەلامێک بکەوتایە، کە جلی پۆلیسی لەبەرە، خۆم لێی دەشاردەوە. ئەو خزمانەشم سەرزەنشتیان دەکردم، دەیان گوت: تۆ کابرایەکی سەیری، ئەوە حەز بە چاوی ئەو پۆلیسە ناکەی، ئەی بۆچی هەر پۆلیسێکی تر ببینی خۆتی لێ دەشاریەوە؟ پێیانم گوت: "ئامۆژگاریتان دەکەم نە سە بینن و نەسەی بتانبینێ".

منیش دەمزانی بەینی لەگەڵ مارفی عەولاغا دا خۆش نییە، بە هەڵپەیەکەوە پێم گوت: "باشە بۆچی کە مارفی عەولاغا دەبینی ڕووی لێ وەردەگێری، ئەو لە مەجلیسێک بێ تۆ ناچییە ئەو مەجلیسە و ئەو بێتە مەجلیسێک تۆی لێبێ، بە هێواشی هەڵدەستی و ئەوێ جێ دێڵی؟ دەنا ئەوەی من گوێم لە دەم و لفت و قسەی مارفی عەولاغا بووبێ، ئەو تۆی زۆر خۆش دەوێ، بە پێکەنینەوە گوتی: "فیتەی حەرامزادە لە دوورەوە دیارە، هێشتا ئەو کابرایە ناناسی، هەناوی چەندە ڕەشەو قسەی سەر زاری و بنی زمانی وەک یەک نییە، من چەند لەدڵەوە حەز بە چارەی ئەو کابرایە ناکەم، ئەو دوو هێندە حەزم پێناکا، ئەو قسەیەش زۆر ڕاستە، کە دەڵێ: دڵ ئاگای لە دڵە

بڵاوکراوەیەکی هونەریی گشتییە لەگەڵ بەدرخان دەردەچێ
بەسەرپەرشتی: مەسعودی مەلا هەمزە
masoud.press@yahoo.com
ژمارە ٣٥ - ١٢٤ - شەممە ٢٠٠٩/٨/٢٢ی زایینی



# یاسین قادر بەرزنجی و ڕەخنەی شانۆیی کوردی

**ڕەخنە بەشێکی هەرە گرنگە لەهەر بوارێکدا، ڕەخنە چییە، چەند جۆری هەیە، ئایا ئێمەی کورد لە بواری شانۆدا ڕەخنەگری جدیمان هەیە، ئایا ئەو شتانەی لە بڵاوکراوەکان بڵاودەکرێنەوە چەندە دەچنە قاڵبی ڕەخنەوە، ڕەخنە چەندە کاریگەری هەیە لە پێشخستنی بواری شانۆ، ئەو پرسیارانە و چەند پرسیارێکی دیکەمان ڕووبەڕووی یاسین قادر بەرزنجی ڕەخنەگر و هونەرمەند کردەوە...**

**ئا: تیمی بەدرخان - سلێمانی**

*** بەچی دەگوترێ ڕەخنەی شانۆیی؟**

– ڕەخنەی شانۆیی بەو ژانرە ئەدەبییە هونەرییە زانستییە دەگوترێ کەوا بەدوای هەر نمایشێکی شانۆییدا دەخرێتەڕوو، بینینەوە و خوێندنەوەیەکی تازەیە بۆ نمایش، بە جۆرێکی تر بڵێم دۆزینەوەی هەموو شتە نادیارەکانە، کە نمایشێکی شانۆیی لەگەڵ خۆیدا دەیخاتە بەرچاو، چاو و هزری ڕەخنەگر و لێکدانەوەکانی کە پشت دەبەستن بە باگراوندێکی ڕۆشنبیری و پسپۆڕی لە بواری ڕەخنەدا، ئەوانە جۆری ئەو ڕەخنەیە دەستنیشان دەکەن.

*** دەگوترێ ڕەخنە چەند جۆرێکی هەیە، لەوانە: "ڕەخنەی زانستی، ڕەخنەی ڕۆژنامەوانی...هتد"، ئەو بۆچوونە چەندە ڕاستە و جۆرەکانی ڕەخنە چییە؟**

–باگەڕانەوەو پێداچوونەوەیەکمان هەبێ بە کاری ڕەخنەگر لە مەیدانی شانۆی کوردیدا، دەبێ ئاماژە سەرەتاییەکان بەرینەوە بۆ لای پیرەمێردی نەمر، کە هەر لە سییەکانی سەدەی ڕابردوودا لەگەڵ پەیدابوونی نمایشی شانۆیی و لەگەڵ دەرکەوتنی جموجۆڵی شانۆییدا، ئەو زاتە وەک ئەدیب و ڕۆژنامەوانێکی بیرتیژی خاوەن قەڵەمی هەڵکەوتوو هەستی بەوە کردبوو کەوا ئەو نمایشانە هەرچەندە نمایشی سەرەتایین و زیاتر لە گەمەیەکی شانۆیی و تابلۆیەکی نواندن چوونە، کە لەسەر سەکۆیەک یان شانۆیەکی بچووکی نێو قوتابخانەکانی ئەو دەمدا پێشکەش کراون، ئەو زاتە هەستی بەوە کردووە کە دەبێ قسەکردن هەبێ لەسەر هەموو شتەکانی، چۆن قسە لەسەر چیرۆک و شیعر و کەلەپوور و فۆلکلۆر و زمان دەکرێ، بابەتە هونەرییەکانیش دەبێ قسە هەبێ لەسەریان، لەبەرئەوەدەتوانین لەو مەیدانەشدا پیرەمێرد بەسەرئامەد دابنێین، دواتر لەگەڵ گەرموگوڕ بوونی بزاڤی شانۆییدا قەڵەمی ڕەخنەنووس یان وتارنووسی ڕەخنەیی پەیدابوون، هەڵبەتە ئەو قەڵەمانە هەرگیز ناتوانرێ موبالەغە بکەین و بڵێین ڕەخنەگری زانستی بوون، ڕەخنەگرێک بوون کە توانیویانە ئیزافە بکەن بۆ سەر خودی نمایشە شانۆییەکان، بەڵام دەربڕینی هەست و سۆزی خۆیان و لێکدانەوەکانی خۆیان بووە بۆ نمایشێک، ڕەخنەی ئەکتیڤ یان ئەوەی ناوت نا ڕەخنەی زانستی لە حەفتاکانا دەرکەوت.

*** ڕابەرانی ئەوکاتە کێ بوون؟**

– ڕەنگە ڕیزبەندی ئەو ناوانە لە وتوێژێکی ئاوادا کارێکی مەحاڵ بێ، بەڵام هەندێ ناو هەن ئەوانەی بیرم مابێ چەند قەڵەمێک هەبوون بۆ ڕەخنەنووسین، لە پێش هەموویانەوە مامۆستا محەمەد تەیموور لە هەولێر، هەر لە هەولێر کاک سەباح هورمز، جگە لە عەرەبەکان کە نمایشی کوردیان دەبینی و شتیان دەنووسی وەکو "حەسەبوڵڵا یەحیا و مامۆستا یاسین نەسیر کە ڕەخنەگرێکی بەناوبانگی عێراقییە، ڕەخنەگری کورد هەبوون لەپێش هەموویانەوە کاک ئەنوەر قادر ڕەشید، کاک ئەحمەد محەمەد ئابڵاخی، هەر لەو سەردەمدا هونەرمەند فازڵ قەساب، چەندانی تر لە مەیدانی ڕەخنەدا بەرهەمیان خستەڕوو، خەڵکی وەکو هونەرمەند دانا ڕەئووف کە خوێندنەوەی هەبوو بۆ بابەتەکان، پاشانیش کەسانی وەکو مامۆستا ئازاد بەرزنجی کە بابەتی ڕەخنەیی نووسیوە، من بۆ خۆشم چەندین جار چەند وتارێکی ڕەخنەییم نووسیوە دەربارەی نمایشە شانۆییەکان و لایەنەکانی پێکهاتەی کاری شانۆیی بە نمایشیشەوە، دەمێنێتەوە ئەو ڕەخنەنووسانەی لەم دواییەدا خەڵکی جدی تر هاتن یەک هاوڕێی خۆشەویستمان محەمەد سدیق سەعید، کە خۆی دەرچووی ئەکادیمیایە لقی ڕەخنە، ئەوە پسپۆڕییەکەی دەگمەنە، بۆیە ڕەخنەی ئەو جۆرە خەڵکانە بەردەوام بە هەند وەردەگیرێ و بە چەند کارێکی ڕەخنەیی سەلماندی کە شانۆی کوردی پێویستی بە لێکدانەوەی زانستی هەیە و چۆتە قۆناغێکەوە کە هەڵسەنگاندنی زانستیانەتری بۆ بکرێ لەو وتارانەی کە پێش خۆیان نووسراون، هەر لە هەولێریش کاک حەیدەر عەبدولڕەحمان ساڵانێکە سەرقاڵی ڕەخنە نووسینە و لەو بوارەدا کاریگەری خۆی هەبووە، پاشانیش بەڕێز و خۆشەویست حەمەسوار عەزیز، بەڕاستی ئامادەبوونێکی باشی هەیە، کەم نمایشی شانۆیی دەکرێ ئەو قسەی لەسەر نەکا، داوای لێبووردنیش دەکەم گەر ناوی خەڵکی دیکەم بیرچووبێ.

*** زۆرجار گلەیی ئەوە دەکرێ کە نمایشی شانۆگەرییە کوردییەکان دێن و بە پەلە تێپەڕدەبن، بێ ئەوەی هیچ شتێکی وایان لەسەر بنووسرێ، ئەو خاڵە چەندە کاری کردۆتە سەر ئاستی شانۆی کوردی؟**

– ڕەخنە ئەگەر وەک بابەتێکی ئەدەبی تەماشا بکرێت، هەڵبەتە ئێمەی شانۆکاری کورد ناتوانین خۆمانی لێ بەدەر کەین یان لەرۆڵی ڕەخنە چاو بنوقێنین، ئێستا بەشێک لە قەیرانەکەی شانۆی ئێمە قەیرانی کەمی ڕەخنەو هەڵسەنگاندنە، یانی زۆرجار نمایش دەکرێ و تێدەپەڕێت ١–٢ وتار بەس نییە، خوێندنەوەی ١–٢ کەس لەوانەی ڕەخنە دەنووسن بەس نییە بۆ نمایشێکی شانۆیی کە هەزاران خەڵک بینەریەتی.

*** پێتوانییە لەوەدا تەلەفزیۆنەکان کەمتەرخەمن لەوەی بەرنامەی ڕەخنەی شانۆییان نییە؟**

– جاران سیمینار دەکرا لە فێستیڤاڵەکان، بە تایبەتی فێستیڤاڵەکانی ڕۆشنبیری، پاشان ئەوەی من ئاگادارم لێی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆکیش شتی وایان کردووە، قسەکردنی جدی هەبوو لەسەر نمایشە شانۆییەکان، ئێستا غیابی ئەو دیالۆژە کاریگەری نێگەتیڤی هەیە لەسەر بەرهەمە شانۆییەکان و تێپەڕاندنی هونەرمەندێک لە کارێکەوە بۆ کارێکی تر، کە باسی ڕەخنە بکەین، هەڵبەتە کۆمەڵێک مەودا دەگرێتە خۆ، یەک لەوانە قسەکردن لەسەر تێکستی نمایش زۆر گرنگە، پاشان لەکاری دەرهێنەر و ئەکتەر و سینۆگرافیاو داڕشتنەوەی هونەری نمایش بۆ خۆی قسەکردنی زۆری پێویستە، تا ئەمڕۆش کە قسەی تیادەکەین هەرچۆن قەیران و پاشەکشێ هەیە لە بەرهەمی شانۆییدا، زۆربەی شانۆکارەکانی کورد ڕوویان کردۆتە درامای تەلەفزیۆنی، ئەوەش بابەتی باسەکەمان نییە، کە کۆمەڵێک فاکتەر و هۆکاری خۆی هەیە، کە شانۆکاری کورد بوونەتە دراماکار، هەرچەندە بەبڕوای من تا ئێستا پیشەسازییەکی گەرموگوڕی درامای کوردی و فیلمسازیش لە کوردستان نەهاتۆتە ئاراوە، هەمووی هەوڵی چەند کەناڵێکی تەلەفزیۆنە، هەمووی کۆششی کۆمەڵە هونەرمەند و گروپ و تیپێکە، کە یەکەکەون بۆ پێشکەشکردنی بابەتێکی درامی، بەڵام دیسان ڕەخنە هەر لە سەردەمی ئەرستۆوە لێکدانەوەی ڕەخنەگرانە کراوە دەربارەی ئەدەبیات و هونەر تا دەگاتە ئەو قۆناغانەی لە شانۆی خۆمان باسمان کرد، تا دەگاتە ئەو ساتە دەبێ لەو حەقیقەتە حاڵی بین کە ڕەخنە تەواوکەری نمایشی شانۆییە، یان پردێکە لەنێوان هونەرمەند و وەرگر کە بینەرانی شانۆ دەگرێتەوە، ئەو پردە لای ئێمە زۆرجار نابینرێتەوە، ئەو پەیوەندییە توند و تۆڵە نییە لەنێوان ڕەخنەگری خاوەن لێکدانەوەی زانستی و کارە هونەرییەکان، هێندەی ئەوەی چەند وتارێک لێرەو لەوێ دەنووسرێن، بەڵام کاریگەری ئەوتۆیان نییە و نەیانتوانیوە ئەو کاریگەریە بکەن کە ڕەوتی شانۆکە بە ئاقارێکی پێشکەوتووتردا بەرن.



هونەرمەند یاسین قادر بەرزنجی

جگە لەوانە ئێستا دوو گەنج هەن کە دوو هونەرمەندی لاون و بە تایبەتی لەسەر نمایشەکانی سلێمانی قسەیان هەیە، ئەوانیش کامەران سوبحان و دلێر ئەحمەدن، ئەوانە وەک دوو گەنجی پسپۆڕ کە دەرچووی پەیمانگای هونەرەجوانەکانن لەپاڵ کاری هونەریاندا خوێندنەوەی ڕەخنەگرانەیان هەیە بۆ نمایشەکان، بەردەوام بوونی ئەوان ئەنجامی باشی لێدەکەوێتەوە، بەڵام دیسان جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە هەر نمایشێک لەسەر هەر چ ئاستێکی هونەریدا بێ، سەر بە قوتابخانەیەکی شانۆیی و ڕێبازێکی هونەری بێ پێویستە قەڵەمی ڕەخنەنووسی کورد قسەی هەبێ لەسەریان، مەرج نییە من کە چوومە بینینی شانۆگەرییەک لەگەڵ بیرکردنەوە و مەزاج و تەماشاکردنی مندا بگونجێ ئینجا بڕیاردەم وتارێکی لەسەر بنووسم، با ئەو کارانەش کە بە کاری نا شانۆیی یان ئاسانیشیان دەبینیتەوە با قسە و لێکدانەوەت هەبێ لەسەریان، بۆ ئەوەی بۆ بینەری بسەلمێنی ئەوە چ نمایشێکە پێشکەش کراوە، دیسانەوە دەبێ قسە لەسەر ئەوە بکەینەوە بوونی ئەو دیالۆژە کە ماوەیەکە ئامادەبوونی نییە، پێویستە بێتەوە مەیدانی کاری شانۆیی ئێمە.

*** ئێستا دەبینین کەسانێک هەن بە میزاجی شەخسی شت دەنووسن، ئەو نووسینانە چەند کاریگەری کردۆتەوە سەر ئەوەی هونەرمەندان گوێ بە ڕەخنەی جددی نەدەن؟**

– هەڵبەتە ئەوە حەقیقەتێکە ناتوانین نکۆڵی لێ بکەین یان پاساوی بۆ بێنینەوە، بەڵام بە بڕوای من ئەو جۆرە ڕەخنانە تەمەنیان درێژ نییە، زۆرجار هەر لەگەڵ نووسینیاندا ئاوا دەبن، کە مەزاج و پەیوەندی شەخسی ڕەنگ بداتەوە لەسەر کارەکە، کە گەیاندنی پەیامێکی گرنگە و وەزیفەیەکی گەورەیە بۆ بینینەوە و خوێندنەوەی نمایشێکی شانۆیی، من بەهیچ جۆرێک لەگەڵ ئەوانەدا نیم کە ستایشی زیاد لەڕادەی بەرهەمێکی ئەوتۆ دەکەن، کە خودی بەرهەمەکە وانالێ، لەگەڵ ئەوانەشدا نیم کە زوڵم بکەن لە کارێکی شانۆیی لەبەر هەر هۆکارێک بێ بیانەوێ قەڵەمی خۆیان وابخەنە بەرچاو کە ئەوە کارێکە نەکردنی باشتربوو لە کردنی یان لە ئاستێکی لاوازدایە، بەهەموو جۆرێک من لەگەڵ ئەو نووسینە ڕەخنەییانەدا چێژ نابینم کە سەرچاوەکەی میزاجی شەخسی و پەیوەندی شەخسی بێ.

*** لە ڕووی بڵاوکردنەوە دەبینین تاکە گۆڤارێکی شانۆییمان هەیە ئەویش شانۆی "تیپی شانۆی ساڵارە"، دەکرێ بپرسین نەبوونی گۆڤاری جدی ئاوا چەندە بۆشایی ڕەخنەیی دروست کردووە، لە کاتێکدا لەوانەیە ستافی ئەو گۆڤارە نەتوانن وەکو پێویست بایەخ بە کارەکانی شارەکانی تر بدەن لەبەر دووری شارەکان لە یەکتر و نەبوونی ستاف لەوێدا؟**

– بە پێچەوانەوە ئێمە لە گۆڤاری شانۆدا کە من یەکێکم لە کارگێڕانی گۆڤارەکە، لەو بڕوایەدام هەرچ نمایشێکی شانۆیی لە هەولێر کرابێ یان لە شوێنی تر نووسینمان بۆ هاتبێ دوو دڵ نەبووین لە بڵاوکردنەوەی، بەپێویستمانزانیوە و بڵاویشمان کردۆتەوە، بەڵام دەبێ گۆڤارێکی ئەکادیمی وەکو شانۆ ئەو بابەتانە هەڵبژێرێ کە دەچنە خانەی بابەتی هونەرییەوە، نەک شتێکی سەرپێی و نووسینێکی وابێ، چونکە لەسەر خودی گۆڤارەکە دەکەوێ، جاری وا هەبووە فایلمان هەبووە دەربارەی "٥" شانۆگەری کە لێرەو لەوێ نمایش کراون وتارەکانمان بڵاوکردۆتەوە و لە ژمارەکانی پێشوودا ئەوانە بەڕوونی دەبیننەوە تیایدا، بەڵام شانۆش تەنیا دەروازە نییە گۆڤاری شاکاریش نووسینی ڕەخنەیی گرتۆتە خۆی بە شێوەیەکی بەردەوام کە هەبووبێ و بۆی هاتبێ، لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی دیکەشدا لاپەڕەی واڵا هەیە بۆ ڕەخنە، بەڵام دیسانەوە ئەوانیش وەکو گۆڤاری شانۆ و شاکار حیسابی ئەوە دەکەن کە کامە ڕەخنەیەکی زانستی ئەوتۆیە کە پێویست بکا خوێنەری کورد و خوێنەری ئەو چاپکراوانە بیانبینێ.

*** لەو نەوە نوێیەی کە ئێستا کاری شانۆیی دەکەن، چەندە گەشبینی بە بوونی ڕەخنەگر تیایاندا؟**

– سەرەتا دەبێ تێڕوانینەکەمان وابێ دەبێ خودی هونەرمەندە شانۆکارەکان لە پێش هەموو کەسێک ئەرک و وەزیفەی ڕەخنە تێبگەن و لایان شتێکی باش بێ و بە هەموو شێوەیەک خوێندنەوە بۆ نمایشەکانیان بکرێ، هەڵبەت نامانەوێ بچینە درێژەی ئەوەی ڕەخنە چەند جۆری هەیە و ڕەخنەنووس دەتوانێ لەکام جۆرەیان نەخش بێنێ یان هەر کارێکی شانۆیی بە چ پێودانێک ڕەخنەی لەسەر دەنووسێ، نمایشێک بۆ نمایشێکی دیکەی شانۆیی جیاوازە، ڕەنگە جۆرێک لە ڕێبازی ڕەخنەیی قبوڵ بکا، ڕەخنەگرەکانیش هەریەکەیان بەپێی بیرکردنەوە و ئەو ڕێبازەی کە قەناعەتیان پێیەتی ڕەخنەکانیان دەنووسن، بەڵام ئایا شانۆکاری کورد بەردەوام پێی خۆشە ڕەخنە لەسەر کارەکانیان بنووسرێ، من پێموایە دەبێ شانۆکاری ئێمە لەو ڕاستییە بگات کە ئەگەر خوێندنەوە و قسەکردن لەسەر بەرهەمەکانیان نەبێ بۆ خۆی ئەوە جۆرە خەلەلێکە و خەوشێکە لە خودی نمایشەکاندا، کە پێویستە وا نەبێ، بە هەموو جۆرێک لێکدانەوە و قسەکردن لەسەر بەرهەمە شانۆییەکان بە تایبەتی ئەوەی گەنجان پێوەی خەریکن، من وای دەبینم ئاکامێکی باشی دەبێ، پێش هەموو کەسێکیش دەبێ ئەوان بانگهێشتی ڕەخنەگران بکەن و دیالۆژیان لەگەڵدا بکەن و ڕەخنەکانیان بە هەند وەربگرن و دەبێ منی شانۆکار وەک ئەکتەرێک کە لە بەرهەمێکی شانۆییدا بەشدار بم پێش خەڵکی دیکە لە ڕۆڵی ڕەخنە بگەم و بزانم ئەو کارەی من کردوومە لە دیدی ئەو ڕەخنەگرەوە چەندە ئیزافەم پێ دەگەیەنێ و دەبێ سوود لە دێر بەدێری ئەو نووسینە وەربگرم کە دەرهەق بە نمایشەکەو خودی ئەو ڕۆڵەی منی ئەکتەر بینیومە قسەیان لەسەر کراوە، ئەکتەریش پێویستی بەوەیە لێکدانەوە هەبێ دەربارەی کارەکانی، وەک چۆن تیپ و گروپ و دەرهێنەرێک پێویستیانە، ئەکتەریش زۆر پێویستی بەوەیە بۆ ئەوەی ئاوڕ لە بەرهەمەکانی ڕابردووی بداتەوە و بزانێ لە چ ئاستێکدا بەخششی خۆی کردووە و ئایا گەیشتووە بەو حاڵەتەی پێی دەگوترێ ئەفراندن، یان لە سێبەری کارەکانی تردا ئیشی کردووە یاخود ئایا ئەم ڕۆڵەی کە بینیویەتی تێپەڕاندنی تیایە یان جۆرە ستایلێکی نواندنی توانیوە پێشکەش بە بینەر بکا، ڕەخنەگر بینەرێکی دەستەبژێری ناو جەماوەری بینەرە کە دەنووسێ، ئەگەر ئەکتەری کورد تا ئێستا لەو حەقیقەتە غافڵ بێ، بەلای من ئەوە قەیرانێکی گەورەیە لە ناوەندی نواندن و ئەکتەرانی ئێمەدا، بەهەرحاڵ ڕەخنە هەرچۆن لە بەرەبەیانی کاری هونەرییەوە ڕۆڵی خۆی بینیوە و هەرچۆن ئێستاش لێکدانەوەی نوێ و جیاواز دەکرێ لەسەر شانۆییەکانی شکسپیر یان هێپسن یان مۆلێر و دەیان نووسەری درەوشەداری تری شانۆی جیهانی، ئاساییە لێکدانەوە بە هەموو جۆرێک هەبێ لەسەر نمایشە شانۆییەکانی ئێمە، بە بڕوای من بەشێک لە قەیرانی شانۆی کوردی نا ئامادەبوونی ڕەخنەگری شانۆییە.

*** ڕات لەسەر بەدرخان؟**

– من دووجار لە بەدرخان گۆشەم هەبووە، یەکیان هەر لەسەر هونەری نواندن و ئەکتەری کورد بووە، یەکێشیان کۆمەڵێ ستوون و گۆشەم نووسی دەربارەی ڕاگەیاندن و بواری ڕۆژنامەوانی، بەدرخان توانیویەتی هەر لە ژمارە بەراییەکانییەوە ستایلێکی تایبەت بەخۆی هەبێ، ڕۆژنامەیەکی ڕووناکبیری هەمەڕەنگ بەواتایەکی فراوان کە کۆمەڵێک بابەتی جیا جیا دەگرێتەخۆ، بەشە هونەرییەکەشی کەم تا زۆر توانیویەتی شوێن بەرهەمە هونەرییەکان بکەوێ، بەڵام من هەمیشە گوتوومە و نووسیومە حاڵەتێک هەیە ڕەنگە بەدرخانیش لەوە دوور نەبێ، زۆرجار زیادەڕۆیی دەکرێ دەربارەی بەرهەمی کۆمەڵێک کەس، کە ڕەنگە کارەکەیان زۆر سنووردار بێ، بەڵام تیشکی زیاتر لە توانا و بەخششی خۆیان دەخرێتە سەر، هەقوایە وێستگەکانی ژیانی هونەرمەندی کورد وردبینانەتر بەسەر بکرێتەوە، نەک دیسانەوە پەیوەندی شەخسی ڕۆڵ ببینێ، من زۆر لە بەرگی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بە بەدرخانیشەوە کۆمەڵێک ئەکتەر و هونەرمەندی کورد دەبینم کە لەسەریان دەنووسرێ یاخود دیدار و دیمانەی ڕۆژنامەوانیان لەگەڵ سازدەکرێ، لە ئەنجامدا دەردەکەوێ بەشێکی ئەو بەڕێزانە بە ڕێبواری پەڕیونەتە کاری هونەرییەوە، یانی زۆرجار ڕۆژنامەوانی کورد پێش ڕووداوەکان دەکەوێت، زووتر قسە لەسەر کۆمەڵێک خەڵکان دەکا، کە هێشتا لە پانتاییە هونەرییەکەدا جێ پێی خۆیان باش نەکردۆتەوە.

## پرۆفیشناڵ
# بەڕاستی داهێنانە

لای هەموومان ڕوونە لە ئێستای پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و عەولەمەدا، دراما و سینەما بایەخێکی یەکجار گرنگیان هەیە و زۆرجار دەگوترێ دراما و سینەما جێیان بە شانۆ لەق کردووە، ئایا ئێمە خاوەنی دراما و سینەماین یان نا، مەبەستیشم نییە بڵێم ئەو کارانەی بەرهەم هاتوون چەندە داهێنانیان تێدایە و بوونەتە بەرهەمێکی تەواو پرۆفیشناڵ و جیهانی، وەلێ مەبەستمە باسی ئەمساڵ بکەم و بزانین کەناڵە کوردییەکان چەندە بەرهەمی درامیان هەیە و بەرهەمیان هێناوە.

شوکر بۆ خوا ئەوا ئەمساڵیش ڕەمەزان هاتەوە و هەر هیچ نەبێ دەبێ وەکو ساڵانی پێشوو بەوە ڕانەگەین سەیری دراما کوردییەکان بکەین، هەموومان دەزانین لە ساڵانی ڕابردوودا زۆرترین ڕەخنە کە بەرەو ڕووی کەناڵە کوردییەکان بۆوە ئەوەبوو کە ئەو کەناڵانە تەنها لە مانگی ڕەمەزاندا دراما بەرهەم دێنن و لە ١١ مانگەکەی دیکەشدا بینەری کورد دەبێ سەیری دراما غەیرە کوردییەکان بکا، لەبەر ئەوەی هیچ درامایەکی کوردی نییە سەیری بکا، تەنها دووبارە پەخش کردنەوەی دراماکان نەبێ.



مەسعودی مەلا هەمزە

ئەوەی سەیرە و ئەمساڵ بەدی دەکرێ داهێنانی زۆرێک لە کەناڵە کوردییەکانە، ئەویش بەوەی هیچ یەک لە کەناڵە کوردییەکان درامایەکیان بەرهەم نەهێناوە تا لە مانگی ڕەمەزان نمایشی بکەن، تەنها هەندێ کەناڵ نەبێ درامای تورکی و بیانیان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و بەنیازی نمایش کردنین، ئەو هەوڵەی ئەو کەناڵە کوردییانە لەلایەکدا جێگای دەستخۆشییە، لە لایەکیشدا جێگای پرسیارە، جێگای پرسیارە کە ئایا ئەو کەناڵانە کە لە ڕەمەزاندا درامایان بەرهەم نەهێنا بەنیازن لە مانگەکانی دیکە بەرهەمی بێنن، یان تەواو درامای کوردی "الفاتحة"، ئەگەریشنا جێگای ڕێزە کە کەناڵە کوردییەکان ئەو کارەیان کردووە و ڕەخنەی هونەرمەندان و بینەرانیان لەبەرچاو گرتیە.

بەهەرحاڵ وا ڕەمەزان هات و نازانین سەیری چ بکەین، بە ناشوکری ناڵێم خۆ حوسێن میسریشمان نەماوە تا بێ ئومێد نەبین لە بینینی دراماکان، چونکە میسری بوو توانی ئەو کلتوورە بسەپێنێ و بە تایبەتی لە مانگی ڕەمەزاندا وا لە بینەری کورد بکا چاوەڕێی درامای کوردی بکا، بەڵام داخەکەم چی بکەم مەرگە و کەسمان لە بەرامبەری دەسەڵاتمان نییە، هەر ئەوە نەبێ بیر لەوە بکەینەوە چۆن بۆشایی میسری پڕ دەکرێتەوە و لە مانگی ڕەمەزان و تەواوی مانگەکانی دیکە بەرهەمی درامیمان دەبێ.

ئاگاداریشم چەند دەرهێنەرێکی کورد لە ڕێگای کۆمپانیاکانیان و کەرتی تایبەتەوە چەند درامایەکیان بەرهەم هێناوە، بەڵام ئایا کام کەناڵ ئامادەیە ئەو بەرهەمانەیان لێ بکڕێ و نمایشیان بکا؟

# بەدرخان لەنێو کاستی درامای نامەکانی ئەشرەف

**ئا: تیمی بەدرخان - سلێمانی**

زنجیرە درامای "نامەکانی ئەشرەف" لە سیناریۆ و دەرهێنانی هونەرمەند لوقمان غەریبە، کە سیناریۆکەی لە چیرۆکی ئیبراهیم زەبۆکی عەزیز نەسین وەرگیراوە و ئامادەکراوەتەوە، لە وێنەگرتنی رێبین جەلال و مۆنتاژی کەیوان ئەحمەد و بەڕێوەبەری بەرهەمی کەمال چالاک و دەنگ شکار فەخرەدینە و بەرهەمی کۆمپانیای "گاف"ە، هەریەک لە هونەرمەندان: "تەها خەلیل، ماهیر حەسەن، بەیان زەریفی، نیاز جەمال، کەمال چالاک، رێزان فەرەج، بەکر مستەفا، حەمەسەعید ئیبراهیم، حیکمەت هیندی، قادر جەلال، مەروە حەمەدەمین، ئەحمەد جۆلا، ئەحمەد رەئوف، زاهیر عەلی، عوسمان مەعروف، بەهادین نوری، مەریوان ئیبراهیم و چەندین هونەرمەندی تر لەو کارە بەشدارن.

چیرۆکی سەرەکی ئەو درامایە باس لە سالانی پەنجا و شەستەکان دەکا و دەرهێنەر لە رێگای ئەو کارەوە دەیەوێ چەند رووداوێکی مێژوویی هەن بیانگێڕێتەوە و بە شێوەیەکی کوردانە لەگەڵ کۆمەڵگای کوردی بیگونجێنێ، هونەرمەندی کۆمیدی و ناسراو ماهیر حەسەن، کە لەو درامایەدا رۆڵی سەرەکی دەبینێ سەبارەت بە رۆڵەکەی گوتی: لە درامای نامەکانی ئەشرەفدا من رۆڵی سەرەکیم هەیە، کە کەسایەتی ئەشرەفە، کەسایەتییەکە کە جۆرێکە لەو کەسانەی لەناو کۆمەڵگای کوردەواریدا بە هەزاران کەسی وەکو ئەشرەف بەدی دەکرێ، کە بە زمانی لووس و ئەقڵیەتی خۆی توانیویەتی کەسانی دەوروپشتی دەستەمۆ بکا بە کۆمەڵێک گفتی نادروست و بەو مەبەستەی کە گوایە ئەم هەموو کاتێ لە دەسەڵاتدار و کاربەدەستانی ئەو سەردەمە زۆر نزیکە، ئەمەش بۆ مەبەستی دەسکەوتنی ماددی، یان بۆ چەواشەکردنی خەڵکی، ئەویش لەپێناوی بەرژەوەندی تایبەتی خۆی، کە کۆمەڵێک خەڵکی دەستەمۆ کردووە بە کۆمەڵێک پەیمانی درۆ، بۆیە دەبینین ئەوەش دەلالەت لەوە دەکا کەوا خەڵکانێک هەن تەنها بەرووکەش یا قسەی زل و باق و بریق دەستەمۆ دەبن لەلایەن چەند کەسانێک، ئەوەشی کەوا زەرەرمەندی سەرەکی دەبێ خەڵکەکەیە و ئەوەی سوودمەندی سەرەکییە تەنها کەسایەتی ئەشرەفە.



دیمەنێک لە درامای نامەکانی ئەشرەف

سەبارەت بە چۆنیەتی بڕیاردانی بەشداریکردنی لەوکارەکۆمیدییە، دوای بەشداریکردنی لە درامای گەردەلوول بە رۆڵێکی تراژیدی ماهیر گوتی: بە قەناعەتی من ئەکتەر دەبێ بتوانێ هەموو رۆڵێک بەرجەستە بکا، چ کۆمیدیا بێ چ تراژیدیا، ئەگەر ئەکتەر نەیتوانی لە هەردوو بوارەکە سەرکەوتوو بێ مانای وایە ئەو ئەکتەرە لە کەسایەتی خۆی تێنەگەیشتووە و نەیتوانیوە رۆڵەکەی بەرجەستە بکا، لەبەرئەوە هەمیشە دەڵێم ئەکتەر دەبێ وەکو ئەو قوڕە دەستکردە بێ، کە دەرهێنەر وەکو پێویست بتوانێ کەسایەتییەکانی تێدا دروست بکا، بۆیە سەبارەت بە خۆم دەتوانم بڵێم گەردەلوول قەفزە و هەنگاوێکی گەورە بوو، کەوا بتوانم کەسایەتییەک لە دوو دیوی جیاوازدا دیوێکی بە تراژیدیا و ئەوی تر بە کۆمیدیا توانیم بەرجەستەی ئەو کەسایەتییە بکەم بەشێوەیەکی زۆر سەرکەوتووانە.

ماهیر حەسەن لە درێژەی گوتەکانیدا گوتی: ئەوە سێیەم جارمە کار لەگەڵ لوقمان غەریبی دەرهێنەر کار دەکەم، یەکەم کارم درامای سندوقە چاڵ بوو، دووەمیان زنجیرە درامای لە گوڵێک کاڵتر بوو، کە لە هەردووکیان رۆڵی سەرەکیم بینی، لە کاری سێیەمیشمدا هەر رۆڵی سەرەکیم هەیە لە دراماکە، ئیشەکان زۆر بە باشی دەڕۆن، هەرچەندە ئەو ئیشە زۆر زۆر گرانترە لە ئیشەکانی پێشووتر، چونکە دەگەڕێینەوە بۆ زەمەنێکی دوور، هیچ ئیشێکیش بێ کەموکورتی نابێ، بەڵام ئەوەی زیاتر هیلاکمان دەکا و ئاستەنگیمان دەخاتەڕێ ئەو لۆکەیشنانەیە، کە کاری تێدا دەکەین و وەکو پێویست ناتوانین بە ئازادی کاربکەین لەو شوێنانە، کە هەڵمان بژاردووە و لە وەرزی هاوینیشدا کارەکانمان دەکەین، بۆیە ناتوانین هەموو کاتێک خۆمان بدەین بەسەر چەند ماڵێکدا، چونکە دەبێ ماڵەکان و کۆڵانەکان هەمووی کۆن بێ و بگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمانە، ئەگەر کەموکورتییەکیش هەبێ، ئەوە بەڵگەی ئەوەیە، کە شوێنەکان بۆتە بەربەستێک بۆمان و ناتوانین زیاتر بە ئازادی کارەکانی خۆمان بکەین.

دوای ماهیر حەسەن، لوقمان غەریبی دەرهێنەر سەبارەت بە دراماکە و هۆکاری گەڕانەوە و باسکردنی سالانی پەنجا و شەستەکان گوتی: خۆی چیرۆکەکە لەو کاتەدا نووسراوە، لەبەرئەوەی ئیشێکی کۆمیدی رەخنەییە و رەخنە لە دامودەزگای دەوڵەت دەگرێ، کە ئەو وەختە لاواز بووە و کۆمەڵگاش لە ئاستێکی سادە و ساکار بووە.

سەبارەت بەوەی ئامانجی دەرهێنەر لەو کارە ئایا بریتییە لەوەی خەڵک ئاگادار بکاتەوە لەو سەردەم یاخود ئێستاش دەسەڵات بە لاواز دەبینێ بۆیە ئەوکارەی کردووە؟ گوتی: گەڕانەوە بۆ مێژوو بە تایبەتی لە بواری بەرهەمهێنانی هونەریدا کە تۆ مێژوویەک پیشان دەدەی، ئەمە جۆرێک لە جوانی و سەرنجڕاکێشان لای خەڵک دروست دەکا، لایەنی سەرەکی کارەکە ئەوەیە، لایەنێکی تریشی واقیعی رووداوەکان لەوسەردەمەدا روویداوە و بەشبەحاڵی خۆشم نامەوێ کارەکە خوێندنەوەی تازە وەربگرێ، کە بڵێن ئەوە رەخنەیەکی راستەوخۆیە لە دەسەڵاتی ئەمڕۆ، بێگومان هونەر رەنگدانەوەی واقیعە، هونەرمەندیش دەبێ لەسەر واقیعیەتی خۆی ئیش بکا بۆ ئەوەی ئەو کەم و کورتی و خەوش و نالەبارییانەی هەیە بەرجەستە بکرێ و کۆمەڵگا سوودی لێ وەربگرێ.

دەرهێنەری کارەکە سەبارەت بە لۆکەیشنی کارەکە و هەوڵدانی بۆ رووبەڕوونەبوونەوەی رەخنە لەکاتی نمایشی کارەکەیدا گوتی: بە تەئکید مەسەلەی لۆکەیشن کێشەیەکی گەورەیە بۆ ئیشێک کە باگراوندێکی مێژوویی هەیە، بەڵام بە هەوڵ و توانای خەڵکی ئەو شارە و بەشداربووان توانیومانە تا رادەیەکی زۆر ئەو لۆکەیشنانە چارەسەر بکەین، هەرچەندە دەبوو حکومەت و لایەنە بەرپرسەکان کۆمەڵێک شوێنیان دابین بکردایە بۆ لایەنی تۆمارکردنی بابەتی هونەری.

سەبارەت بەو سیستەمەی کە رۆژانە دراماکە مۆنتاژ دەکرێ، دەرهێنەر گوتی: ئێمە هەر بەرهەمهێنانەکەمان بە سیستەمێکی تازەیە، ئەم سیستەمە زۆربەی زنجیرە دراميیەکان لە دەوروبەری ئێمە وەکو سوریا و میسر و ئێرانیش بەو شێوەیەیە، مەشهەدەکان یەک یەک مۆنتاژ دەکرێ، ئەو جۆرە کارە کاری مۆنتاژکردن ئاسانتر دەکا و خێراییش دەکا بە ئیشەکە، لە هەمان کاتیشدا رۆژانە ئەو کەموکورتییانەی کە هەیە لە ئیشەکەدا لە بەردەمت ناهێڵێ، کارەکە خۆشی بەرهەمی کۆمپانیای گافی ئەهلییە، کە خۆم دامەزراندووە، هەم وەکو شێوازی ئیشکردنیش لە شێوازی درامی و بەرهەمهێنانی کاری درامیش تازەیە، خۆشم حەزدەکەم شێوازی کارکردنمان بگۆڕین و بتوانین خێرایی بدەینە کاری بەرهەمهێنانی فیلم.

مێژوو بە کۆمیدیا بۆ؟ لە وەڵامدا لوقمان غەریب گوتی: خۆی ئەوە مێژوویەکی دیاریکراو و دیکۆمێنتاری نییە، ئەمە مێژوویێکە گەڕانەوەیە بۆ سەردەمێکی پێشووتر، یانی مێژوویەک نییە بە دەقیقی و دیکۆمێنت و کۆمەڵێ شتی مێژوویی بێ، ئێمە تەنها بۆ لایەنی جوانی و فەنتازی کارەکە دەگەڕێینەوە بۆ ئەو مێژووە و لە بنەماشەوە کارەکە لەو سەردەمدا نووسراوە و جوانی کارەکەش لەوەدایە بەرهەمهێنانی بگەڕێنیەوە سەر ساتەوەختی خۆی.

بەکر مستەفای هونەرمەند هەم وەکو یاریدەدەری دەرهێنەر هەمیش وەکو کاراکتەری قائیمقام لەو کارە بەشدارە، سەبارەت بە هۆکاری بڕیاردانی کارکردنی لەو درامایە گوتی: لەو کاتەی ئێمە شانۆگەری مەملەکەتی عیللەتمان نمایش دەکرد، لەگەڵ کاک لوقمان غەریب بڕیارماندابوو کارێکی درامی بکەین، کە ئێستا لە تەلەفزیۆنەکان ئەو سیستەمە هاتۆتە کایەوە، کە دەبێ کارەکان بەرهەم بهێنرێت، ئینجا لە تەلەفزیۆنەکان بە گرێبەست پەخش دەکرێ.

نیاز جەمالیش وەک کچە هونەرمەندێکی بەشداربوو لەوکارە سەبارەت بە رۆڵەکەی خۆی گوتی: رۆڵی گوڵەباخم هەیە، کە یەکێکم لە کچەکانی عومەرەفەندی، کە لەم درامایە ئەشرەفی تیایە و حەزم لێدەکا و حەزی لێدەکەم، لە دواتردا ئەشرەف کەسێکی هەڵخەڵەتێنەرە و من و کچێکی تر و ئەو و ئەو هەڵدەخەڵەتێنێ و لە دواییدا بۆ ئەو نابم.

ئەحمەد رەئووفیش دەربارەی رۆڵەکەی خۆی لەو درامایە گوتی: من رۆڵی قادری قەساب دەبینم لەو درامایە، کەسێکی بەرژەوەندیخوازە و حەزی لەخۆ دەرخستنە و کابرایەکی مێبازە، زیاتر لە ئەشرەف نزیک دەبێتەوە بۆ ئەوەی کە بیگەیەنێتە بەغدا، بۆ خاتری ئەوەی بگا بە چەند مەرامێکی خۆی.

رێزان فەرەج لەو درامایەدا بەشدارە، ئەو لە باسی رۆڵەکەی خۆیدا دەڵێ: من رۆڵی دایکی ئەشرەفم هەیە، کوڕەکەم کوڕێکی بەرژەوەندیخوازە و دەستی خەڵکان زۆر دەبڕێ، منیش دایکیم دەبێ لێی قبوڵ بکەم.

ئەوەی ماوە بگوترێ لە ئێستادا ئەو درامایە بەشێکی زۆری وێنەی گیراوە و رۆژانەش کاری مۆنتاژی بۆ دەکرێ و لۆکەیشنی کارەکەش لەناو شاری سلێمانی و چەند ناوچە و دێهاتێکی دەوروبەری سلێمانی جێبەجێ دەکرێ.

---

# هەفتەی فیلمی کوردی هۆکارێک بۆ ئاشتکردنەوەی بینەر بەفیلمە سینەماییە کوردییەکان

**شیکاری: هونەری بەدرخان**

**فیلمە سینەماییە کوردییەکان**

لای هەمووومان روونە سینەما هونەرێکی یەکجار پێشکەوتووە و یەکێکە لەو هۆکارانەی دەتوانێ بە دنیات بناسێنێ، ئێمەی کوردیش بە تایبەتی لەدوای ئازادکردنی عێراقەوە دەستمان داوەتە بەرهەمهێنانی ئەو فیلمانە، هەروەکو دەبینین تا ئێستا دەرهێنەرانی کورد چەندین فیلمی سینەماییان بەرهەمهێناوە، بەشێکیش لەو فیلمانە لە فێستیڤاڵە جیهانییەکان خەڵاتیان بەدەست هێناوە.

**کێشەی نەبوونی هۆڵ**

زۆرجار بینەری کورد دەیناڵاند بەدەست نەبوونی هۆڵی سینەمایی، لەبەرئەوەی زۆربەی ئەو فیلمانەی بەرهەم دەهاتن و لە فێستیڤاڵە جیهانییەکان نمایش دەکران و خەڵاتیان بەدەست دەهێنا، بەهۆی نەبوونی هۆڵەوە بینەری کورد ئەو فیلمانەی نەدەبینی، یاخود بۆ جارێک و بە شێوەی سکرین لە نمایشێکی تایبەتدا فیلمەکە نمایش دەکرا، کە ئەوەش وایکردبوو هەموو کەسێک ئەو فیلمانە نەبینێ.

**بەڕێوەبەرایەتی سینەما و هەوڵی دروستکردنی هۆڵ**

لە سەردەمی هەر بەڕێوەبەرێکدا لە بەڕێوەبەرایەتی سینەما سەیردەکەین بەڕێوەبەران رایاندەگەیاند کە لە هەوڵی دروستکردنی هۆڵێکی سینەماییدان، بەڵام تا ئەمڕۆش دەبینین ئەو هەوڵانە نەگەیشتۆتە ئامانجی خۆی و هیچ ئەنجامێکی نەبووە و هیچ هۆڵێکی سینەماییش دروست نەکراوە، جگە لە هۆڵی پێشەوا نەبێ، کە ئەویش بە بیروڕای هەندێ لە دەرهێنەران و شارەزایانی بواری فیلمسازی ئەو هۆڵە هۆڵێکی پرۆفیشناڵ نییە بۆ سینەما، لەبەرئەوەی فیلمەکان بە سیستەمی جیاواز نمایش دەکرێن.

**نمایش بە DVD و کێشەکان**

زۆرجار لە نمایشکردنی فیلمە سینەماییەکان بە شێوەی سکرین یان بە DVD دەمانبینی کوالێتی فیلمەکە دادەبەزی و رەنگ و دەنگ و شتە تەکنیکییەکانی دیکە وەکو پێویست دەرنەدەکەوتن، کە ئەوەش نیگەرانی لای دەرهێنەران دروستدەکرد و هەستیان دەکرد بینەری کورد فیلمەکەیان بە شێوەی ناکامل دەبینێ، بۆیە بەشێک لە دەرهێنەران خۆیان لەوە دەدزنەوە کە، فیلمەکەیان بە DVD نمایش بکرێ.

**هەفتەی فیلمی کوردی**

دوابەدوای گۆڕانکارییەکان لە بەڕێوەبەرایەتی سینەما، بینیمان بۆ یەکەمجار بەڕێوەبەرایەتی سینەمای هەولێر و بەڕێوەبەرایەتی گشتی سینەما هەفتەیەکی فیلمی کوردیان سازکرد و تێیدا چەندین فیلم لە هۆڵی پێشەوا و ناو پارکی منارەی شاری هەولێر نمایش کران، کە ئەوەش جۆرێک لە دڵخۆشی لای بینەری کورد دروستکرد، ئەگەرچی نمایشکردنی فیلمەکان بەشێوەیەکی تەواو پرۆفیشناڵ نەبوو، بەڵام لەو نەبوونی هۆڵەدا ئەو جۆرە نمایشکردنانەش هەر باشن، چونکە لە هەفتەیەکی ئاواداو لە ماوەی ١٩ تا ٢٢ی مانگ بینیمان چەندان فیلم نمایش کران، کە هەموو ئەو فیلمانە لەو ساڵانەی دواییدا بەرهەم هاتوون.

**رەخنە و راگەیاندن و فیلمە کوردییەکان**

دوابەدوای سازکردنی ئەو هەفتەیەی فیلمی کوردی بینیمان، کە راگەیاندنەکان بە شێوەیەکی زۆرباش بایەخیان بەو کارە دا و بەردەوام لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ نەوەستان، جگە لەوەش لەو سەردەمی نەبوون یا کەمی رەخنەیەدا بینیمان هەر لە رۆژنامە و گۆڤارەکان کەسانی شارەزا لە بواری فیلمسازی و سینەمادا چەندین بابەتی تێروتەسەلی رەخنەییان لەسەر ئەو فیلمانە نووسی، کە ئەوە جێگای دڵخۆشییە و هەوڵێکیشە بۆ ئەوەی رەخنەی سینەمایی دروست بێ، چونکە هەموومان دەزانین بوونی نمایشی سینەمایی نووسینی بابەت بەرهەم دێنێ و لەوێشەوە دەرگایەک دەبێتەوە بۆ دروستبوونی رەخنەگری سینەمایی.

**بەردەوامی هەفتەی فیلمی کوردی**

هەروەکو ئاگادارین بەڕێوەبەری هونەری سینەمای شاری هەولێریش هەواڵەکەی بۆ پشتڕاستکردینەوە نمایشکردنی فیلمە سینەماییە کوردییەکان و سازکردنی ئەو جۆرە لە هەفتەی فیلمی کوردی بەردەوام دەبێ، ئەوەش جۆرێک لە دڵخۆشیمان پێ دەبەخشێ و پێمان دەڵێ، کە ئیتر بینەری کورد لە بینینی فیلمە سینەماییە کوردییەکان بێ بەش نابێ، بەڵام گرنگتر لەوە هەوڵدانە بۆ دروستکردنی هۆڵی سینەمایی.



دیمەنێک لە فیلمی (سرتە لەگەڵ با)

کەلچەری بەدرخان
Bedirxan
بڵاوکراوەیەکی ڕووناکبیریی گشتییە لەگەڵ بەدرخان دەردەچێ

سەرپەرشتیاری کەلچەری بەدرخان:
عەبدولڕەحمان مەعروف: awrahman2000@yahoo.com
ستاف: سەعدوڵلا نووری، جەوهەر شێخانی
بە هاوکاری ڕاوێژکاری ڕووناکبیریی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان: د.هیمداد حوسێن

ژمارە ٥٦ - ١٢٤، شەممە ٢٠٠٩/٨/٢٢ی زایینی

## بەئەسپایی

### قەشەکەی کوردستان؟!!

هەست نەکردن بە بەرامبەر، ئازارو ئێشەکانی زیاترو برینەکانیش قووڵترو پڕ سوێتر دەبن، بەوەی یەکێک لە پێناوی تۆ یان گرووپێک دەسووتێ و هەموو بەرنامەی ژیان و بیرکردنەوەو خەبتینی لەو دەلیڤەو زەمینەو پێدەشتە وەگەڕدەخاو وەڕێ دەکا، هەرگیز چاوەڕێی پاداشت و دەست و دیاری ناکات، خەمی گەورەی گۆڕان و پێشڤەچوون و سەوزبوونی خەونەکانە، کەوا ئەو گوڵەی بە خوێنی دڵ و شادەمارەکان و ئارەقەی شەکەتی و هەناسەبڕکێ پەروەردەی دەکات، چەکەرە بکات و بۆن پڕژینی مرۆڤەکان و دەوروبەری بکات، بەرەکەی تووترک نەبێت، بەر لە باڵاکردن داینەپاچن و سەری نەبڕن....

چاوی پڕ خوێ و خۆڵ نەکەن. ئەو کانییەی بۆ پاراوکردن و تەڕکردنی قوڕگی پڕتاسەو وشکی دارو گوڵ و منداڵ...خەمە قورس و سەرشێتەکان، شەڕی مان و نەمانی لەبناری لێوەکانی کردووەو لە ژێر پێڵوەکانی سەرخەوی ئارامی شکاندووە، نەیتەقێننەوە و پڕ "t.n.t" و ژەهری نەکەن.


عەبدولڕەحمان مەعروف

هەمیشە لەهەمبەر ئەوانەی ئەوە خەون‌وبەرنامەو بیرکردنەوەو ستراتیژی ژیانیانە، دەستەی دووەم، باڵی شەڕانگێزو ئاشووبنانەوە و ڕەشکردنی سپییەکان و پێش پێگرتن و تەگەرە و گرفت دروستکردن و تەپکەنانەوە. لە سەنگەری قێزەونی و زۆنگاوی نارەوایی و شەرعیەت بە خۆدان لە بزاڤ و خۆتیژکردنەوەو جووڵەدان!!

ئەم دووباڵە لە ژیان و ڕۆژانە لە ململانێ و کێبەرکێدان. لە نێو ئەدەب و نووسین و لاپەڕەی کتێبەکانیش بەرچاودەکەون، لای زۆربەی – بەتایبەتی– چیرۆکنووس و ڕۆماننووسەکان دووبارەو چەندبارە لە بەرگی هونەری و لە نێو ئیستاتیکای نووسین و سیحری جوانی و گێڕانەوەدا لەبەر دەم و لووتمان قوت دەبنەوە، لەبەرایی هەموشیان ئەوەی زۆربەی کات پێی دەناسرێتەوە کازانتزاکیسی یۆنانییە، چۆن لەڕۆمانی براکوژیدا ململانێی قەشەکان لە ئازادی یان مەرگ و مەسیح جارێکی دیکە لە خاچ دەدرێتەوەو تا دەگاتە زۆرباکەشی...

بڕوانە کازانتزاکیش چۆن لەگەڵ ئازارو ئێشی ئەو قەشەیە رامادەچڵەکێنێ و لە خەوی غەفڵەت وشیارمان دەکاتەوە، لەو دەمەی دەستی ڕەش و ناعەدالەتی و نەزانی و جەهالەت دەیانەوێ ئەم قەشەیە لە خاچبدەن و لە ژیان وەدەری بنێن، خەڵکی هەژارو ڕەش و ڕووتیان کۆکردۆتەوە، کە چەپڵە لێ دەن و سەما بکەن و بەم ڕووداوە خۆشحاڵ بن.

خەمی قورس و هەرەگەورەی ئەم قەشەیە ئەوەیە، لەوکاتەی دەیانەوێ لە خاچی بدەن، فرمێسک دەزێتە چاوەکانی و ئەسرین لە چاوەکانی قەتیس دەمێنێت، پیاو خراپ و قەشە نەگریس و لایەنی شەڕ پێی دەڵێن: وادیارە پەشیمانی و دەتەوێ بگری؟ ئەویش لە وەڵامدا دەڵێ: نەخێر من پەشیمان نیم و ئەو فرمێسکەشم بۆ مەرگی خۆم نییە، بەڵکو بۆ ئەو خەڵکە ڕەش و ڕووت و نەزانە دەگریم، کە لە دەرەوەی کڵێسان و نازانن من لە پێناو ئەواندا دەمرم..

ئەرێ پرسیاری من ئەوەیە: لەم کوردستانە کێ قەشە ڕاستگۆو قوربانیدەرە هەژار پەرستەکەیە و. بەرامبەرەکەشی کێیە؟ کە هەڵبەتە ئەگەر لایەنی ڕەواو ڕاستگۆو حەقیقەت هەبێت– کە هەندێک خەڵک گومانیان لە بوونی هەیە– ئەوا لایەنی بەرامبەریش بێگومان هەیە.. بەڵام لەوەدا کەس گومانی نییە!!

E-mail: awrahman2000@yahoo.com

## لەیادی کۆچی دوایی مەحمود دەروێشدا

# کاتێک بۆنی وێنە بەنێوماندا تێپەڕی



**نووسینی ڕەجا بەکرییە***
**لەعەرەبییەوە: ڕێبین ڕەسوڵ**

گوڵە کەرمل وەکو پەپوولە بەباڵی سپییەوە فڕی، کاتێکیش گەیشت، تەماشای دەوروبەرم کرد هیچ خۆشییەکم نەدۆزییەوە جوانتر بێت لەسەمای گوڵ لەسەر شانەکانیدا کاتێک وشەکانی وەکو شەپۆڵ ڕووەو ئاسمان هەڵکشان. من بەو شێوەیە یادی دەکەمەوە، کاتێک شۆستەکانی کەرملی کردە کرۆمی تەمتوومان و ئاماژەکانی سەر شۆستەشی کردە چاوی ئاسک.

مەحمود دەروێش، وەکوئەوەی ئەمڕۆ یادی دەکەینەوە، هیچ پێوەندییەکی بەو شێوەنە بێکەڵکانەوە نییە کە ئێمە ئەمڕۆ بۆی دەگێڕین. ئەو، پیاسەکانی ڕۆژانەی کردیان بەدەروێشی ئەبەدییەت، لەمیانەی وشەوە سەفەر دەکات و دڵی خۆی وەکو پەنجەرەیەک بۆ حیلەی مەرەکەبی نووسین دەکاتەوە. بیرم نایەت ڕۆژێک لەڕۆژان وەستابێت تاوەکو داوای لێبووردنی لێبکرێت، ئەو شارانەی لەدوای خۆی جێیهێشتن و بەپێچەوانەی نێردراوی برین ڕۆیشت و کۆچیکرد، شارەکانی بۆ ئەو خەڵکانە جێهێشت کە دوور لەبیرو بۆچوونیان، خۆشی ویستن. هەرگیز نەوەستا تاوەکو کەسێک بێت پێی بڵێت "شاعیرێکی گەورە، یا داهێنەر، یا پێشڕەوی بزووتنەوەی ئازادکردنی شیعر کۆچیکرد".

دەروێش حەزی دەکرد پێی بڵێن تێکشکێنەری شەپۆلی ئەو شارانەی کە هێشتا هەڵنەستاونەتەوە، پەخشکەرێکی داهێنەری چیرۆکی گوڵێک کە لەپشت هەورێکەوە سەرەتاتکێی لەگەڵدا دەکات، ڕابەرێکی جوانی تیپی ئۆرکێسترایەک کە جەستەی هەژاران لەچەوساندنەوە ئازاد دەکات. حەزی دەکرد پێی بڵێین عاشقی گوڵ و ژن بوو، پێی بڵێین عاشقی ئەسپ و شاخ و گوڵی کەستەنە بوو. دەروێش وەکو گوڵەکانی ئاب فێڵی لە مێش هەنگوێن دەکرد. چاوی لەگەشتەکانی سندیباد بوو لەپشت میتۆلۆژیاکانەوە. ویستی پێی بڵێن فەلەکناسێکی سەرکێشە، نەوەکو سەربازێکی بەرگریکار، چونکە ئەو حەزی لەوە بوو بەرەنگاری جیاوازی بێتەوە، ئەو کاتەش فتنەی گەمەی عەلی باباو چل دزەکە کۆتایی دێت. بەدڵێکی مەست بە سەرکەوتن بەسەر چل دزەکەوە ڕۆیشت کە لەبەردەم دەرگای ئەشکەوتەکەدا چاوەڕوانیان دەکردو فێڵی لەکۆدە نهێنییەکەی دەرگای ئەشکەوت کردو بەڕێگایەکی تردا ڕۆیشت بەرەو ئەشکەوتێکی کەمتر سووتێنەر لەکلی فرمێسک.


مەحموود دەروێش

ئەوە پیاوێکە میتۆلۆژیای شوێنەکان، مێژووەکەی دەنووسنەوە، ئەو شوێنانەی کە ئێمە هەرگیز نایزانین، چونکە جیاوازە لەوەی ئێمە پێمان وابوو کە ڕووون و تێپەڕە، ئەو ڕۆژەش کە لەناسکی و نەرمیدا دڵی گیراو وەستا، ئێمە لەنێو تەممووزێکی سووتێنەر بووین، بەجۆرێک کەسێک دڵی بەو گەرمایە خۆش نەبوو، جگە لەسەگە بەڕەڵاکان لەگڕی تەمموزو پەشێوی ئابدا هات، حەیفای پڕ کرد لەهێل و قاوە.

کاتێک بەنێو شەقامەکاندا دەسووڕایەوە، بەشەرمێکەوە زەردەخەنەیەکی دەهاتێ. دڵی

**ئێمە ئەو نەوەیە بووین کە ئاهەنگمان بەبۆنی قەسیدە منداڵییەکان و زەردەخەنە شەرمنەکانی دەگێڕا. دوای بۆردوومانکردن هاتین، دوای بروسک و ڕەشەبا، دوای دۆڕان و سەرکەوتنەکان. هاتینە سەر سفرەیەکی ئامادەکراو لەدوودڵی و ئاهەنگ و پرسیارو گومان**

بەڵکو ئەو خۆی لایەنگری کوشتن بوو لەنێو ئاڵۆزی گوڵدا. حاڵەتێکی ناوازەی سێوی دڵ و پەرۆشی سەرێک بۆ مێروولە کە بەنێو دەمارەکانی لمدا دەڕوات. وێنەیەکی گوزارشتکراو بوو لەپژانی عارەقە لەناوقەدی ژنان و ئاوی ئاسمان. پیاوێک بۆ حاڵەتی خۆشەویستی.

ئێمە ئەو نەوەیە بووین کە ئاهەنگمان بەبۆنی قەسیدە منداڵییەکان و زەردەخەنە شەرمنەکانی دەگێڕا. دوای بۆردوومانکردن هاتین، دوای بروسک و ڕەشەبا، دوای دۆڕان و سەرکەوتنەکان. هاتینە سەر سفرەیەکی ئامادەکراو لەدوودڵی و ئاهەنگ و پرسیارو گومان، ئەوە داوەتێکی زۆر سەیر بوو، گەنم و جۆیەکەی لەنێو ئۆقیانووسی ونبووندا بزر بوو. ئەوەندە خۆشمان ویست کە مەوداکەی زۆر لەدڵمان نزیکتر بوو. ئێمە نەوەیەک بووین تینووی هەژان و شەوق بووین، ڕەنگە لەبەرئەوە بووبێت کە ئێمە بەتەواوی لەمەودای ونبوون و لەدەستدانی ئەو نەوەیە تێنەگەیشتبین کە لەسەر خۆشەویستی گەورە بوو، لەژێر دیواری ئارەزوودا شاردرایەوەو بەزەیتون و ماڵ بۆردوومانکرا. ئارەزوو بۆ خۆی و بۆردوومانکردنیش بۆ هەموو ئەوانەی حەزیان لەقەسیدەکانی بوو. زەیتون بۆخۆی و ماڵەکانیش بۆ کەس نەبوو، نا بۆ گواستنەوەی هەنگاوە نووستووەکانی پاش ئەوەی خەونی بەداسی کێڵگەکانەوە بینی.

پێش هەنگاوێک لەئێستا، هاتە حەیفا تاوەکو بەدوا وشەکانی گەردەنی هەڵۆ بنەخشێنێت، و کلکی گورگەکان نەبێت، بەڵام دەروێش کە ئەو ڕۆژە ئاهەنگێکی بۆ گێڕاین بەبۆنەی تەممووزو هەنارەکانی، لەژێر گەشانەوەی گۆرانییەکانیدا وەڕینی سەگەکانی تەمموز وشکبوو. ئایا سەگەکان وەڕینی ساڵێک پێش ئێستای خۆیان بیر دێتەوە؟ لەدووری هەناسەیەک خۆی نقوومی نێو ڕەنگی گوڵەکانی کرد. پێیەکانی خۆی کێشایەوەو بۆنی وێنەی بۆ جێهێشتین. شەوێک لەحەیفادا وەکو بۆنی وێنە بەنێوماندا تێپەڕی، بەسەر دڵدا داهاتەوەو ڕۆیشت.

*** ڕەجا بەکرییە خانمە ڕۆماننووسێکی فەلەستینییەو لەشاری حەیفا نیشەجێیە.**






# وەرزی پێنجەم

داناعەسکەر



لەئیحساسی گێلاسێکەوە هەتا مستیلە
سەوزەکەی پەنجەی وەرزێک
دەچمە سەر شەرعی سووتان
لەکانوونی سەرمایەکەوە، هەتا کوشتنی
مەسجێک بە غەریزەی کاڵبوونەوە
دەچمە سەر فەتحی ژەنینی گریان
لەریتمی ماچێکەوە، هەتا خەیاڵاتی
تێکەڵبوون
لەغەمگینی پەپوولەیەکەوە، هەتا عەرشی
مردن
دەچمە سەر جۆگەلەی عاتیفە و ..
لەگەڵ رژانی یەکەمین نەغمەی ئاو
پڕ بەشەرحی باران
دەچمە ژێر چەتری باڵاتەوە ئەی وەرز .
لەخەونی چرایەکەوە، هەتا نووسینی
دێڕێک شەراب
لەکەوتنی تارماییەکەوە، هەتا شکانی
بادی مەستبوون و
چنینەوەی قوڵپی شەربەیەک بەیاقووتی
روانین
دەچمە باخی سینەتەوە ئەی وەرز .
لەعارفی پرسیارێکەوە، هەتا مەلەکووتی
سەرنج
لەرشتنی شەرمێکەوە، هەتا کراسە
شەفافەکەی حەنین
دەچمە خەراباتی زەمەن ..
کەتۆی بەچرکەکانی دوودڵیی میقات کرد
ئەی حەسرەت
لەناقووسی تووڕەبوونێکەوە، هەتا
کەمانچەکەی ئومێد
لەغوربەتی ئاوڕێکەوە، هەتا شینبوونی
سەفەرێک
هەر رێگا دەمباتەوە سیراتی عیشق و
نەشئەی خۆشەویستی تۆ ئەی وەرز
چ حیرەتێکە رژاوەتە رەنگی تۆ ئەی
ئینسان
ئەی تریفەی سەر چیمەنە کۆیلەکانی
وشکایی
ئەی شمشاڵەخۆشخوانەکەی لێوی " با "
ئەی وەرز
لەکەوتنی هەرمێیەکەوە، هەتا عەزابی
گەڵا
لەژانی ئیمانێکەوە، هەتا ئاسۆی
فەرامۆشیی
لەبێدەنگی پێنووسێکەوە، هەتا گەمژەیی
نووسەر
دەچمە روانینی سۆڵۆی چاوەڕوانییەوە ..
دەچمە میزاجی پەرداخێکی شکاو ..
نیشتمانێک ئاوس بەعەزاب
ئاوس بەزکری کەناڵەکانی دواکەوتویی
لەجەبری ماڵێکی تاریکەوە، هەتا
ئەندێشەی روانین
لەرکوعی زانستەوە، هەتا سەنگەرێکی
خوێناوی
لەخەیاڵی هەنگاوێکەوە، هەتا گەیشتن بە
هیچ
دەچمە سەر نیشتمانی شکستخواردووی
نەورەسێک
دەچمە سەر کێلگەی سیسبوونی مەراقێک
دەچمە سەر میراتی سەعاتێکی نووستوو،
هەتا ئێرە بێدەنگ
لەحەلاڵکردنی تفەنگەوە
هەتا ئێرە بێشوێن، لەژوانی عاشقێکەوە
هەتا ئێرە ترس لەپیاسەیەکی
رۆمانسییەوە
چ گووناهێکە ئەی وەرز
کەمن نەتوانم لە راستەرێیەکدا دەستت
بگرم
چ حیرەتێکە
کەتۆ نەتوانی لەمێرگێکدا خۆت رووت و
قووت بکەیتەوە .
لێرە ماڵێک نیە بۆ راموسانی پەنجەرە و
" با "
لێرە ژیان نیە وەرزێکی تر لەسێبەری خۆی
رابخات
لێرە پێنووسێک لە رۆحی تۆ بمنووسێتەوە
ئەی وەرز
ئەی شەفافتر لەئیحساسی "ئاو "
لەهەڵدانەوەی کتێبێکەوە، هەتا داخستنی
مەعریفە
لەبریندارکردنی چۆلەکەیەکەوە هەتا
راوکەرێکی دڵڕەق
لەگوڵێکی بێوەژنەوە، هەتا چەمێکی پیر
دەچمە سەر عەردێکی ئەتککر او
دەچمە ژانی نیشتمانێک بەگولەی غەدر
دەچمە سەر سووتانی باخچەیەکی بەویقارو
..
ستیانی پرتقاڵێک
چ موغامەرەیەکی سەختە عیشق لێرە ئەی
وەرز
ئەی نووستوی ژێر چیمەنی سپی شیعر ..
وەرە هەرمێیەکم پێببەخشە
من وەرزی غافڵبوونم لەباخاتی میوە
وەرە هەناسەیەکم پێببەخشە
من زرەی فینجانێکی شکاوم
دەوەرە ئەی وەرز .
لەناقوسی نوێژێکەوە، هەتا میحرابی
شیعر
لە " تەڵ " ە چوکلێتیەکانی قژتەوە، هەتا
رەنگی گوڵە گەنم
لە سیحری چاوانتەوە، هەتا بەختەوەری
من
لە هەڵمی چایەکەوە، هەتا دوکەڵی
جگەرەیەکی وێڵ
دەچمە خەیاڵی نیوەڕۆیەکی شەرمنەوە
دەچمە شینی قەڵەمێکی هەناسەسوار بە
تەعریفی تۆ
ئەی وەرز
وەرە و هەنارێکم پێ ببەخشە
من هەوری خاڵیی لەبۆنی بارانم
دەوەرە ئەی وەرز .
لەشکستی یاساوە، هەتا تلوعی شەڕ
عیشق دێت و غەریب غەریب خۆی
دەکوژێت
لەرەهێڵەی ئازارێکەوە، هەتا حیلەی
ئەسپێک
لەهێلانەی شیعرێکەوە، هەتا گمەگمی
کۆتر
لەپەیژەی مەراقێکەوە، هەتا شۆڕبوونەوە
بۆ لای تۆ
دەچمە بۆنی کراسەکەتەوە ئەی وەرز
لەتەفسیری نیگایەکەوە، هەتا تێڕامان
دێم و دەس لەقژت وەردەدەم
دێم و لەمینای رۆحی تۆدا پشوویەک
دەدەم
دەوەرە ئەی وەرز
وەرە و هەڵووژەیەکم پێ ببەخشە
تۆ وەرزی پێنجەمی،
تەڕتەڕ لەمینای دڵی مندا هەڵدەکەی
دەوەرە ئەی وەرز .

٢٠٠٧\١\٢٥

## نۆڤلێت (١٦)

# خەرەندەکانی سنوور

من بیرم لەهیچ نەدەکردەوە، ئەوەی گرنگ بوو دەبوایە لەو ناوە دوور بکەومەوە، هەر کاتێکیش سەیری چاوە پڕ هاوارو حەپەسانبووەکانی خوشکمم دەکرد هەردوو قاچەکانم تێکدەئاڵان، هەنگاوەکانم راست و چەپیان دەکرد و سەرم بۆ ئاسمان بەرز دەکردەوەو هاوارم بۆ خوا دەبرد، کە تەنیا ئەو خوشکە جوانکیلەیەم لە مردن دوور بخاتەوە، من هەموو گیانم لەنێو گریاندا نقوم ببوو، هیچ کەسێک نەبوو لە دەورو بەرم هاوار نەکاو نەقیژێنێ و داوای کۆمەک و یارمەتی لەوانیدیکە نەکا، من کە خۆم لەو شارە لە دایک ببووم و هەموو تەمەنیشم لەوێ بردبوە سەر، کەچی نەمدەزانی بۆ کوێی دەرەوەی ئەو شارە رادەکەم، هەر لە کەسێک دەچووم سەرلێشێواو، یا وەک ئەوەی تازە هێنرابمە ئەو شارە، دوورو نزیکم لێتێکەڵ ببوو، باوەڕ بکەن کەسم نەدەناسیەوە، ، رەنگبێ هەر لە تەنیشت خۆمەوە کەسانی زۆر نزیکیشم بەلامەوە تێپەڕیبن، من لە تاوی گریانە جەرگبڕەکانی خوشکم، ئەوەی هۆش بێ لە سەرمدا نەمابوو، ئەو خوشکەم چەند غەریب بوو براینە ! کە بە هەموو گیانی هاواری دەکرد : دایە !! هیچم بۆ نەدەمایەوە و منیش لەگەڵیدا رووم لە ئاسمان دەکردو پڕ بە دڵ دەمقیژاند : ئەرێ دایەگیان توخوا لە کوێیت، وەرە لای کچە جوانکیلەکەت ؟ خوشکەکەم تا دەهات دەنگی دەنوساو قیژەکانی کەمتر دەبوونەوە، تا دەهات نوزەی لێدەبڕاو هەناسە هەڵکێشانی تەنگتر دەبۆوە، جەستەی تا دەهات شلوخاوترو قورستر دەبوو، منیش لە زەینی خۆمدا وامدەزانی هەنگاوەکانم بۆ دواوە دەگەڕێنەوە، ترسی گەورەم ئەوە بوو (سوور گوڵی) خوشکمم لە دەست بەربێتەوە، ناچار بووم لە شوێن خۆم دابنیشم، سوورگوڵم لە تەنیشت خۆم درێژکرد، چەندجارێک دەستم بە نێوچاوانی داهێنا، لە گۆشەی هەردوو چاوەکانیدا فرمێسک دەهاتنە خوارەوە، من لەبەر خۆمەوە قسەم لەگەڵیدا دەکرد، دەمگوت : سوورگوڵ گیان، تۆ پشەخەوێک بکە، هێندە نابا دایکم و نەنکم و براکانیشم دەگەنە لامان، لەمن تورە مەبە، دەبوایە لەوێ دوورت بکەمەوە، دەزانم بۆ تۆ زۆر ناخۆش بوو، چار نەبوو، ئێستا من و تۆ لە مەرگ دوور کەوتووینەتەوە، ئەی نابینی، لەسەر تەپۆلکەیەک دانیشتووین، تەنیا خوامان لێ دیارە، ئەها دەبینی خەڵکی شارەکەمان چۆن بە دوای یەکەوە رادەکەن ؟ ئەوانیش وەکو ئێمە خۆیشیان نازانن بۆ کوێ دەچن، دەڵێی لە دۆزەخەوە هەڵدێن وگەرەکیانە بگەنە بەهەشت، بەڵام حەیف و مخابن هەر بە رێگاوە دەکەون، رەنگبێ بۆ دواجاریش چاوەڕێی ئەوە بن بەر لەوەی چاو لێکبنێن ئازیزەکانیان ببینن، تۆش مەنوو سوورگوڵ گیان، کەمێکیکە دایکم دەگاتە لامان، ئەو خۆی پێی وتم .


کاروان عەبدوڵڵا

دیارە زۆر ماندوویت ؟ ئەوەتا یەکێک لە دوورەوە دەبینم، هەر لە دایکم دەچێ، بەڵام پێناچێ کەسی لەگەڵدا بێ، ئەی خوای لێقەوماوان لە کوێیت ؟ هەموو بەدبەختەکانی سەر ئەم زەمینە هانایان بۆت هێناوە، رەحمێکیان پێبکە، فریشتەیەک بۆ ئێرە بنێرە تا بزانێ چ وێرانەیەک لێرە روودەدا، تا بزانێ خەلقەندەکانت بۆ وایان بەسەر دێ . کوا دەستە پڕ میهرو پڕ بەرەکەکانت، ئێمە لەسەر زەمینی تۆدا چ قەباحتێکی گەورەمان کردبوو تا ئەو سزایەمان بۆ ببڕێننەوە ؟! ئێمە لە زڕ ئەستێرەیەکی تۆدا نەهاتووینەتە خوارو ئەرزی کەسێکیکەمان داگیر نەکردووە . کوا پەنجەیەکی ئەم ناسکۆلەیەم نیشان بدە لە چ زەمین و زەمەنێکدا تاوانی پێکردووە، ئێوە سەیری ئەم نێوچاوانە پاکو بێگەردە بکەن نیشانەی چ تاوانێکی پێوەیە ؟ نا نەکەی ئەو چاوە چکۆڵەو شیرینانەت بۆ هەتا هەتا دابخەی، من لێرەم لە تەنیشت تۆوە دانیشتووم، سوورگوڵ خان دایە دوای ساتێکیکە لە باوەشت دەگرێ ئیدی بەڵێنت پێدەدەم چیدیکە هەڵتنەگرم، تۆ لەئامێزی دایە بنوو، منیش جێتان ناهێڵم، ئەی خودایە ئەم ئاسمان و زەمینە بۆ وا دەکولێ ؟ ئەو خەڵکە بۆ ناتوانن لە سەر پێ بوەستن، بۆچی زەوی وا بە ئاسانی هەڵیاندەلوشێ ؟ ئەگەر ئەمڕۆ رۆژی قیامەتە، کوا فریشتە چاکەکانت، من کە چیدیکە نەتوانم ئەم خوشکە نازدارەم لێرە دوورکەمەوە، بۆ بە هانامەوە نایێن ؟ سوورگوڵەکەی دایەی دەبێ بمبووری، من دەمویست لەبۆنی سیرو سێوە رزیوەکان دوورت بخەمەوە، کەچی ئەو بۆنە، وەک میوانێکی رەزا قورس لێمان جیا نابێتەوە، ئەوەتا بە چاوی خۆت دەبینی چۆن چۆنی هەموومان لەبەری هەڵدێین، دەزانم تۆئێستا ئەوەندە لەم ئاسمان وزەمینە بێزاریت، ناتەوێ جارێکیکە بیانبینی و چیدیکەش ئەو پرسیارە سەیرو سەمەرانە ناکەی کە منیش زۆرجار لە ئاستیاندا دۆشدادەمام و نەمدەتوانی وەڵامیان بدەمەوە، سەرگوڵ من لە هەناسە گیران و دەست و پێ کوتینەکانت تێدەگەم کە ئێستا لە خۆشیی بینینی دایکت بەم هەورازە دەچیتە خوارێ، وەک ئەوەی باڵت گرتبێ، لە سەر ئەم زەویە لەعنەتییە بەرز دەبیتەوە، لە ناکاو دەفریت، لە هەورازەوە بەرەو دەشتایی، لەدوورەوە دایکە ماندوو و کلۆڵەکەت چاوەڕێت دەکا، تۆش بە نەغمەی شەققەی باڵەکانت، بە جەستەیەکی لێوانلێو لە خەندە، بۆی هەڵدەنیشی، هەردووکتان باوەش لە یەکتر دەگرن، هێندە لە ئامێزی یەکتردا دەمێننەوە، تا رۆدەچنە گیانی یەکترو بۆ ئەبەد جیا نابنەوە ... من ئێستاش نازانم سوورگوڵ بۆ کوێ چوو، چۆن لە نێو دەستی مندا ونبوو، من هەر ئەوەندەم زانی بە شوێنێکدا هەڵدەگەڕێم مەگەر ئاژەڵە کێویەکان ملی ئەو شوێنانە بگرن، وەنەبێ من لەو شوێنانەدا بە تەنیا بووبم، نا، زۆرێک لەو کەسانەی لە ترسی هەڕەشەکانی مەرگ هەڵاتبوون، لەگەڵ مندا بوون، بەڵام وەک ئەوەی هیچمان لەگەڵ هیچ کەس نەبین، هەر یەکەو ملی رێگایەکمان گرتبوو، بێئەوەی بزانین بۆ کوێ دەچین، هەر دەڕۆیشتین، ئەوەی بۆ من جێگەی سەرسوڕمانبوو، لەو سەفەری هاتوو نەهاتەدا، لەو خەڵکە زۆرەی کە بە رێگاوە دەمدیتن، ئەوەی منداڵ بوو لەنێوانماندا نەمابوو، هەموومان دەستمان خاڵیبوو لە هاوچکۆڵەکانمان، شەکەت و ماندوو، برسی و تینوو، زۆربەمان وامانلێهاتبوو، هەنگاوێک دەچووینە پێش دوو هەنگاو دەگەڕاینەوە دواوە، دەتوانم بڵێم من یەکێک بووم لەوانەی مردن دەرۆستم نەدەهات، لە ئاخرو ئۆخرەکەی هەستم دەکرد من ئەوەتا خەریکە مردن راودەنێم، نازانم بۆ لە قوڵایی دەروونمدا بەردەوام کەسێک لەگەڵمدا بوو، لەوە دڵنییای دەکردمەوە، کە سوورگوڵی خوشکم گەڕاوەتەوە لای دایکم، هەر بە رێگاوەش چەند جارێک گوێم لە خودی دەنگی خوشکەکەم دەبوو، کە ئاوڕم دەدایەوە لە پشتمەوە پەرییەکی چکۆڵە بۆم دەوەستاو، بزەیەکی پڕسۆزی بۆ دەکردم، کە بۆی دەچووم، هەردوو قاچی لە زەویەکە دادەبڕان و وەک دەستێک بۆ ئاسمان هەڵیکێشێ، لەبەر چاومدا بەرز دەبۆوە، لەگەڵ ئەوەی بە هەڵفڕینەکەی دڵگیرو نیگەران دەبووم، بەڵام ئومێدێک هەموو گیانمی لەخۆیدا نقوم کردبوو، هەر بە راستی وایلێکردبووم باوەڕبەوە بهێنم، کە سەرگوڵی خەشکم لەلای دایکمە !

# تەسبیحەکەت لە کۆشمدا بپسێنە


هاوژین عەبدولرەحمان

ئەگەر ئێستا......
عارەبانەیەکی وەکو بابە نوێڵمان هەبوایە
ئەگەر ئێستا......
گۆچانێکی ئەفسووناویمان هەبوایە
ئەگە ئێستا......
کەشتییەکی زیوینمان هەبوایە
ئەگەر ئێستا......
ماڵێکی لە شووشەمان هەبوایە
ئەگەر ئێستا......
جووت باڵی سپیمان هەبوایە
ئەگەر ئێستا......
پاسەپۆرتی وڵاتی بە فرمان هەبوایە
ئەگەر ئێستا......
کوپێکی شکاوی یەکترمان هەبوایە
ئەگەر ئێستا......
نیەتی پەپولەمان هەبوایە
ئەگەر ئێستا......
رازی هەنارمان لە دڵ بوایە
ئەگەر ئێستا.... کراسی تریفەم لەبەر
بوایە
تۆش تیشکی هەتاوت لەقژم دایە
ئەوسا دەموت،
دەستت بێنە هەتا ماڵی خوا بچین
با لە بەیاری دڵی یەکتر
ببینە گوڵچین
خۆزگە ئێستا
بارانێکی بە خوڕ دەبوو
ئاسمان دەریاییێکی رژاو دەبوو
تۆ....
رینکۆتێکی درێژی رەش و
منیش یەکێکی سوورم لەبەر دەبوو
دەستی یەکترمان دەگرت و
بەبێ چەتر،
رۆحی ماندووی خۆمان
دەدا یەکتر....
لەسەر شەقامێکی گشتی رامانەکرد و
لەسەر نۆتەکانی باران
سەما مان دەکرد
رینکۆت و کڵاوەکانمان فڕێ دەداو
پوتەکانمان دادەکەندو
هەر بەپێی خاوسی رامان دەکرد
سەر رووی
هەر دڵۆپێک ئاومان لە هەزاران
شوێن پێی خۆمان تژی دەکرد
بە دەنگی بەرز....
پێدەکەنین و گۆرانیمان دەوت
دەستەکانمان پڕ ئاو دەکرد و
بەرەو ئاسمان رەهامان دەکرد
خۆزگە ئیستا.....
ئەو نازدارە لەبەر دەرگای مەحاڵ نەبوایە
خۆزگە ئێستا...
گۆرانییەکانی فڕینی لەبەر بوایە
بۆت دەنووسم،
گەڕامەوە باری جاران
شیعران دەنووسم وەک باران
گرنگ نییە!
یادم بکەی یاخود نەکەی
سوپاس بۆ تۆ...
منت کردە مرۆڤێکی خاوەن ویژدان...

www.arsivakurdi.org

# گەڵاڵە لانکەی شۆڕش و مەڵبەندی رۆشنبیری باڵەکایەتی



**جەلال سنجاوی**

لەم تۆژینەوەیەدا پتر تیشک دەخەینە سەر شارۆچکەی گەڵاڵە و دەوروبەری، زیاتریش ئەو وێنە و زانیاریانە دەخەمە روو، کە خۆم لەنێو واقیعەکەیدا ژیاوم، بە تایبەتی سالانی ١٩٧٧– ١٩٨٠ کە ئەوکاتی بەرێوبەر و مامۆستای قوتابخانەی "ناوەندی گەڵاڵەی تێکەڵاو" بووم و قوتابییەکانم خەڵکی "گەڵاڵە، قەسرێ، رێزان، رەشدوور، دەرگەڵە، وەرتێ، رەژوکەریان، روستێ، گیزان، ناوپردان، دیلزێ، مێرگە" بوون و خەڵکی گەڵاڵەش ئەوەندە کوردپەروەر و زانست دۆست و میوان راگر بوون، کە مرۆڤ لە ناویاندا هەستی بە نامۆیی و غەریبی نەدەکرد.

زۆربەی ئەو وێنانەی لەم بابەتە بڵاوکراونەتەوە گوزارشت لە هەمان ساتەوەخت دەکەن، کە لە گەڵاڵە بووم، جگە لە چەند وێنەیەک بۆ سالانی ١٩٤٣– ١٩٤٧ دەگەرێتەوە، کە لە ئەرشیفی مامۆستا "سەید کەمال محەمەد عەلی"م وەرگرتووە، کە بەرێزیان لە نێوان سالانی ئاماژە پێکراودا، بەرێوەبەری قوتابخانەی گەڵاڵەی سەرەتایی بووە.

**کورتە باسێکی جوگرافی و مێژوویی باڵەکایەتی**

باڵەکایەتی دەڤەرێکی ستراتیژییە و بە درێژایی مێژوو لانکەی شۆڕش و کوردایەتی و سەنگەری بەرگری پێشمەرگەکان بووە و زیاتر لە "١٤"ساڵیش "بارزانی نەمر" لەو ناوچەیە سەرکردایەتی شۆڕشی کوردی کردووە و تەواوی خەڵکەکەش بە دڵ و بەگیان لە کاروانی خەبات و بەرخودان دانەبراون و سەدان شەهیدیان کردۆتە قوربانی شۆڕشی کوردستان و زمانی پاکی باوان، بۆیە چەند جار دووچاری ماڵوێران و راگوێزان هاتوون.

خۆشبەختانە خەڵکی دەڤەرەکە دوای راپەرینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١ زۆربەیان گەرانەوە گوندەکانیان و خاک و خۆڵی باڵەکایەتیان ماچ دەکردەوە و ماڵ و رەز و باخەکانیان رێک دەخستەوە.

دەڤەری باڵەکانی ناوچەیەکی شاخاوییەو لەرووی کارگێرییەوە لە قەزای"چۆمان"و ناحیەکانی "گەڵاڵە و سمیلان و حاجی ئۆمەران و وەرتێ" پێکهاتووە و نزیکەی "١٠٨"گوند دەبێ، جگە لە رەوەندەکانی گەرمیان و کوێستان، کە رەشماڵ نشینی رێگای ستراتیژی "هامیلتون" بە ناوەراستی دەڤەری باڵەکایەتی تێدەپەرێ و لە "حاجی ئۆمەران" بەرێگای خانەو نەغەدە و مهاباد دەبەسترێتەوە.

رووبەری دەڤەرەکە "٢٥٨٢٤٥" دۆنم دەبێت، کە رووبەرێکی فراوانی زەوی کشتوکاڵی هەیە جگە لە چەندین زنجیرە چیای درێژو سەخت، دیارترینیان چیای "حەسارۆست"ە، کە بەرزترین لوتکە چیای هەرێمی کوردستانی لێیە، کە لوتکەی "هەڵگوردە" "٣٦٠٧"م بەرزە. هەروەها چیای: "کارۆخ، مامە رووت، گۆدۆ، سەکران، مەزرێ، شێخ ناسر. هتد" جگە لە دەیان دۆڵی بەپیت و بایەخ، وەک"دۆڵی خانەقا، حافیز، دۆڵی وەرتێ، دۆڵی روستێ، دۆڵی سەکرایەتی، دۆڵی باڵەییان، دۆڵی شیوە زووری، دۆڵی مەلا شەرەفیان.. هتد".

ساڵانە رێژەیەکی زۆر لەبەفر و باران لە دەڤەرەکە دەبارێ، دەگاتە "٩٥٠– ١٠٠٠"ملم باران و بەرزایی چیاکانیش بەفر دایدەپۆشێ، کە هاوینانیش ناتوێتەوە، لە "چۆمان و ناوپردان و دەربەندی رایات" بە زستان بایەکی سارد و توند هەڵدەکا پێی دەڵێن "زریان".

خەڵکەکە بەکشتوکاڵ و ئاژەڵداری و "مێش هەنگوین" بەخێوکردن خەریکن، جگە لە چاندنی "پەتاتە" و توتن بەرێژەیەکی بەرز. هەروەها بەهۆی بوونی رێژەیەکی زۆر لەسەرچاوە ئاوییەکان، حکومەتی هەرێمی کوردستان چەند پرۆژەیەکی "کارۆ ئاوی" بۆ دابین کردنی وزەی کارەبا بۆ گوندەکان دابین کردووە.

کانزا گرانبەهاکانیش لەم دەڤەرە هەیە، بە تایبەتی "مس ، مەنگەنیز، نیکل"جگە لە بەردی مەرمەر، کە کانەبەردێکی "مقلع" گەورە لە نێوان گەڵاڵە و ناوپردان هەیە و بەردەوامە لە بەرهەمهێنان.

**راگوێزانی گەڵاڵەی لەلایەن رژێمی بەعسی رووخاو:**

شارۆچکەی گەڵاڵە دەکەوێتە باکووری هەولێری پایتەخت و نزیکەی "١٠٧"کم لەسەنتەری شاری هەولێرەوە دوورە. مێژووی دامەزراندنی وەک ناحیە بۆ ساڵی ١٩٢٣ دەگەرێتەوە.

گەڵاڵە واتە "گوڵاڵە" چونکە لە بەهاراندا بە گوڵ و گوڵزاری رەنگین دەرازێتەوە. ماوەی "١٤" ساڵ "بارزانی مستەفای نەمر" لەو ناوچەیە سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلولی مەزنی کردووە و خەڵکەکەش بە دڵ و بەگیان پشتگیری شۆڕشیان کردووە و بەشێکی زۆریشیان بەفەرمی پێشمەرگە بوون، بەڵام لەلایەن رژێمەوە خەڵکەکە هەموو بەگەورە و بچووکەوە بە پێشمەرگە حیساب دەکران، بۆیە پیاوانی رژێم، ئەمنەکان و سیخورەکانیان بە توندی چاودێری جوڵانەوەی فەرمانبەران و قوتابیانیان دەکرد و لە گرتن و کوشتن و رەشبگیری تەخسیریان نەدەکرد، ئەو ماوەیەی کە لە گەڵاڵە مامۆستا بووم هەرچەندە حزبی نەبووم و سەر بە هیچ لایەنێکیش نەبووم، بەڵام لە نێوان ساڵانی ١٩٧٨– ١٩٧٩ لەوە ئاگادار بووم، کە رێکخستنەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە ناو گەڵاڵە رەگی داکووتا بوو، بە تایبەتی پاش گیران و لە سێدارەدانی "رەسول خەیات" و پەیوەندی کردنی شەهیدان حەسەن کوێستانی و عوسمان "حەمەرەش"ی برای و یوسف ئیبراهیم و جەلال حاجی ئامۆزای بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان جگە لەمانە شەهید "حەمەلاو" رەواندزی و فەیزی برایم خان و حوسێن برایم خان و رزگار گەڵاڵی و عوسمان ئەحمەد و کەمال شێخەو ژمارەیەک لە قوتابیانی ئێمەش پەیوەندییان بە هێزی پێشمەرگەوە کرد، هەروەها مامۆستا ئەمین قادر ئەسعەد، کە مامۆستای ناوەندی گەڵاڵە بوو لە بەهاری ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگە کردو بوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان تا لە ساڵی ١٩٩٨ بە نەخۆشی لە "پیرمام" کۆچی دوایی کرد.

ئەم هۆکارانە باری ناوخۆیی گەڵاڵەی هەژاند، بە رۆژ پیاوانی رژێم وەک سەگی هار بەرەڵای ناوشار دەبوون و بەشەوانیش پێشمەرگە دادەبەزینە ناو شارو تەقەیان لە رەبایەکان و پیاوانی رژێم دەکرد، هێمنی و ئاسایشی شار نەما، جڵەوی حوکمران لە دەستی رژێم بەرەڵا بوو، خەڵکەکە لە بۆنەکان و جەژنەکاندا، بە تایبەتی لە جەژنی نەورۆزی پیرۆز بەکەس رانەدەوەستان، ئێستاش لە بیرمەو وادەزانم هەر دوێنێ بوو، کە لە گەڵاڵە بووم لە بەهاری ساڵی ١٩٧٩ شەوێک "مانگ"گیرا، ئیتر خەڵکی گەڵاڵە ئەمەیان بە هەڵ زانی ژمارەیەکی زۆر لە گەورە و بچووک بەتەپڵ و دەف و تەنەکە لێدان رژانە سەر شەقام و"خەلیفە حوسێن رەواندزی" کە پیاوێکی زۆر بەدین بوو، بەڵام سەرشێت بوو، لە پێشەوەی ئاپۆرەی خەڵکەکە دەرۆیشت و سەڵاواتی لێدەدا و دەگریا و دوعاو نزای دەکرد و لە خوای گەورە دەپارایەوە، بەڵکو بەزەیی بە ئۆمەتی موسڵمانان بێتەوە و مانگەکە بەربدات و دنیا کاول نەکات.

گەنجەکان، بە تایبەتی هەرزەکارەکان، کە زۆربەیان قووتابی بوون ئەم قەرەباڵغیەیان

←



دیمەنێک لە شارۆچکەی گەڵاڵە



**شەهیدی سەرکردە حەسەن کوێستانی لەگەڵ مامۆستایانی گەڵاڵە، بەهاری ١٩٧٨**

**دانیشتووەکان لە راستەوە:**
**شەهید مامۆستا ئەمین قادر، شەهید حەسەن کوێستانی**

**راوەستاوەکان لە راستەوە:**
**مامۆستا ئەسعەد قادر، مامۆستا مستەفا ئەحمەد، مامۆستا ئیسماعیل قادر، دکتۆر نەوزاد عەلی بەزار، مامۆستا کەمال ئیحسان پاشا، مامۆستا جەلال مەولود ئەحمەد**



**مامۆستایانی گەڵاڵەی سەرەتایی کچان ١٩٧٨**

**سنەوبەر حەمە سالح، ئەزهار عەبدوللا، شلێر عەزیز کۆیی، شلێر کەمال محەمەد**



دەستەی مامۆستایانی قوتبخانەی ناوەندیی گەلاڵەی تێکەڵاو

لە راستەوە:
ئەمین قادر ئەسعەد
جەلال مەولود ئەحمەد
ئەسعەد قادر گۆزێ
ئیسماعیل قادر

بە هەڵ زانی و دەستیان کرد بە هوتاف لێدان و بەیەکەوە دەنگیان بەرز دەکردەوە و دەیانگوت: پێشرەوی کوردپارتییەسەرۆکمان بارزانییە، ئیتر بووە تەقەو سافیرە لێدان لە سەربازگەی رژێم، لە رەبایەکانیش لە بەرزایی چیاکەی دەوربەری گەلاڵە تەقە دەکرا، کە زۆربەیان "حەریق" بوون، رووبەرووی شاری گەلاڵە و ئاپۆرەی خەڵکەکە دەکرا، بۆیە بوو بە هەڵاتن و خەڵکەکە پەرتەیان کرد، بەڵام پیاوانی رژێم بەشەوان لە ترسی پێشمەرگە و رێکخستنەکان نەدەوێران بێنە ناو شار تەنها لە دوور هەروگیڤیان دەکرد و بەرۆژ موختارو بەگرێگیراوانیش ناوی خەڵکیان بۆ دەبردن و هەڕەشەیان لە خەڵک دەکرد.
ئەوە بوو بۆ بەیانی چەند کەسێک گیران کە زۆربەیان قووتابی و هەرزەکاری تەمەن مامناوەندی بوون پاش پرسیارو لێکۆڵینەوە بەریان دان.
لە سۆنگەی ئەو رووداوە گەرمانەدا دەڤەری باڵەکایەتی بە گشتی و گەلاڵە بە تایبەتی بە چەندقۆناغێک تووشی وێرانکاری و راگوێزان هاتوون، سەرەتا رژێمی بەعسی رووخاو دەستی کرد بە وێران کردنی گوندەکان و تەقاندنەوەی کانیاوەکان و سووتاندنی رەز و باخەکان، بەبیانووی دروستکردنی "پشتێنی ئەمنی- الحزام الامني"، بەڵام رژێم بەرامبەر بە گەلاڵە زۆر داخ لە دڵ و توورە بوو بە بیانووی ئەوەی، کە خەڵکی گەلاڵە زۆر یارمەتی پێشمەرگە حیساب کرابوون، رژێمی رووخاو لە رێکەوتی ١٩٨١/٨/٨ خەڵکی گەلاڵەی بە زۆری کۆچ پێکرد و گواستییەوە بۆ ئۆردوگایەکی تایبەتی، کە لە دەشتی "دیانا" بە ناوی "ئۆردوگای گەلاڵە" دروستکرا، ژمارەی خانووەکانی نزیکەی "٥٠٠"خانوو دەبوو.
گەلاڵە لە ساتە وەختی گواستنەوەی پێکهاتبوو لە: ٥٣٥ خێزان و دوو قوتابخانەی سەرەتایی کچان و کوڕان، یەک قوتابخانەی ناوەندی تێکەڵاو، دوو مزگەوت، دوو نەخۆشخانە، یەک دائیرەی بەیتەرە، یەک شارەوانی، یەک دائیرەی بەرید و تەلەفون و بەدەیان دوکانی بازرگانی و نانەواخانە و گەرماو و گازینۆیەکی گەورەی گەشتوگوزاری و.. هتد لێبوو.
پاش راپەرینە مەزنەکەی گەلەکەمان لە بەهاری ١٩٩١ خەڵکی گەلاڵە سەرلەنوێ گەڕانەوە شوێنی خۆیان و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دەستی کرد بە ئاوەدانکردنەوە و دروستکردنەوەی دامودەزگاکانی گەلاڵە.
لە ساڵی ١٩٩٧ سەرلەنوێ گەلاڵە بە ناحیەیەکی ئیداری دامەزرایەوە و بەڕێز "رزگار مستەفا محەمەد" کرا بە بەڕێوەری ناحیەی گەلاڵە.
شارۆچکەی گەلاڵە دەکەوێتە نێوان گوندەکانی "مێرگە، ناوپردان، دیلزە، سرێشمە، دێگە، گیزان، رەشدوور، قەسرێ و ماکۆسان" کانە بەردێکی "مقلع" لێیە بۆ بەرهەمهێنانی "مەڕمەڕ" ئەوکاتی من لە گەلاڵە بووم کانە بەردەکە لەلایەن رۆستەم عەبدولڕەحمان کەرکوکی وخالید کەرکوکی سەرپەرشتی دەکرا.
نەخۆشخانەی گەلاڵە، کە رۆژانە "بەیانی و عەسران" دەوامیان دەکرد لەم بەڕێزانە پێکهاتبوو: "دکتۆر نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، عەباس تەلەعفەری و هانی حیلاوی وەک جێگری پزیشک، ئەدیبە لۆقا تۆما و محەمەد سەدیق و مەغدید باڵەکی".
بەیتەرەی گەلاڵەش ئەم بەڕێزانە بوون: "دکتۆر دلاوەر حەوێزی- جەمال عەزیز فەقێ یوسف- نەوزاد مەحموود رەواندزی و....".
هەروەها دایەرەی بەرید و تەلەفۆنات ئەمانە بوون: "قادر دەرگەڵەیی، خەیرەدین هەولێری- برایم خان رواندزی و.. هتد" جگە لەمانەش بەڕێز "کاک جەمال" بەڕێوەبەری ناحیەی گەلاڵە بوو، کە مرۆڤێکی هێمن و باش بوو خەڵکی شاری سلێمانی بوو.

**لە گەلاڵە ناسیاویم لەگەڵ شەهید "حەسەن کوێستانی" پەیداکردو دۆستایەتیمان بەهێز بوو، بەڵام پەیوەندی حزبایەتیمان نەبوو، چونکە بەڕێزیان فەرمانبەر بوو لە شارەوانی گەلاڵە و بەرامبەر بە قوتابخانە بوو، بۆیە رۆژانە دەمدیت و باسی دنیامان دەکرد**

**گەلاڵە بواری خوێندن و رۆشنبیرییەوە:**
لەگەلاڵە پەرتوکخانە نەبوو، گۆڤارو رۆژنامەکان نەدەگەیشتنە دەستی مامۆستاو فەرمانبەرەکان، تەنها جاروبار بۆ بەڕێوەبەری ناحیە و مەسئوول مونەزەمە و ئەفسەرەکان دەهات، بەڵام ئێمەی فەرمانبەر کیتێب و گۆڤارمان هەبوو لە یەکترمان وەردەگرت و لە گەڕانەوەمان بۆ هەولێر لەگەڵ خۆمان دەهێنا، بەمەرجێک ئەم کتێب و گۆڤارانە قەدەغە نەبێت، ئەگینا تووشی داووبەندی رژێمی بەعسی رووخاو دەبووین. لە گەلاڵە ناسیاویم لەگەڵ شەهید "حەسەن کوێستانی" پەیداکردو دۆستایەتیمان بەهێز بوو، بەڵام پەیوەندی حزبایەتیمان نەبوو، چونکە بەڕێزیان فەرمانبەر بوو لە شارەوانی گەلاڵە و بەرامبەر بە قوتابخانە بوو، بۆیە رۆژانە دەمدیت و باسی دنیامان دەکرد، هەروەها شەهید عوسمان "حەمەرەش"ی برای و شەهید جەلال حاجی قوتابی من بوون لە پۆلی دووەمی ناوەندی، بۆیە کاک حەسەن هاموشۆی قوتابخانەکەی ئێمەی دەکرد و کتێب و گۆڤاری بۆ دەهێنام بۆ خوێندنەوە، دیار بوو بەڕێزیان لە ماڵەوە پەرتوکخانەیەکی دەوڵەمەندی هەبوو، کە بە داخەوە ئەوکتێبە نازدارانەش بەڕاگواستنەوەی گەلاڵە سوتماک بوون.
بواری خوێندن لە گەلاڵە لە برەودا بوو، دوو قوتابخانەی سەرەتایی کوران و کچان و یەک قوتابخانەی ناوەندی تێکەڵاوی هەبوو، جگە لەوەش دوو بنکەی نەهێشتنی نەخوێندەواری- محو الامیە-ی پیاوان و ئافرەتانی لێ بوو.
من کە فەرمانی دامەزراندنم لە پەروەردەی هەولێر دەرچوو لە گەلاڵە دامەزرام و زۆر شادمان و ئاسوودە بووم، چونکە حەزم لە ناوچە شاخاوییەکان دەکرد و تەواوی ژیانی منداڵی و هەرزەکاریم لە چیای "قەرەچووغ" بردۆتە سەر، بۆیە زوو خۆم گەیاندە قوتابخانەی ناوەندی گەلاڵەی تێکەڵاو، ئەوکاتە مامۆستا "ناسیح عەلی نانەکەلی" بەڕێوبەر بوو لە رێکەوتی ١٩٧٧/١٠/٢٧ دەست بەکاربوونی "راستەوخۆ"ی نووسی.
لە نێوان ساڵانی ١٩٧٧-١٩٧٩ دەستەی مامۆستایانی قوتابخانەی ناوەندی گەلاڵە بەم جۆرە بوو:
١- ناسیح عەلی نانەکەلی.
٢- جەلال مەولوود سنجاوی- بەڕێوەبەر.
٣- کەریم حەسەن رەحمان.
٤- جەوهەر فەتاح رواندزی "ئێستا راگری کۆلێژی هونەرە لە زانکۆی سەلاحەددین"
٥- ئەسعەد قادر خۆشناو "بوو بە پێشمەرگەی ی. ن. ک وازی لە مامۆستایەتی هێنا"
٦- ئەمین قادر خۆشناو "بوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پ. د. ک".
٧- کەمال ئیحسان حەسەن بەزاز.
٨- ئیسماعیل فەتاح.
هەروەها دەستەی مامۆستایانی قوتابخانەی سەرەتایی گەلاڵەی کوڕان ئەمانە بوون:
١- مامۆستا جەبار مەحموود رواندزی- بەڕێوەبەر.
٢- مامۆستا حەنا نوری لۆقا.
٣- مامۆستا مستەفا هەولێری.
٤- مامۆستا مەلا عەزیز رواندزی.
٥- مامۆستا هادی
٦- مامۆستا نووری
٧- مامۆستا محەمەد
دەستەی مامۆستایانی قوتابخانەی سەرەتایی کچانیش ئەم بەڕێزانە بوون:
١- مامۆستا ئەزهار عەبدوڵڵا- بەڕێوەبەر
٢- مامۆستا سنەوبەر حەمە ساڵح
٣- مامۆستا شلێر کەمال محەمەد
٤- شلێر عەزیز کۆیی
٥- مامۆستا نیهایەت رەفعەت بەقاڵ
٦- مامۆستا مادلین یوسف
٧- مامۆستا کاترینا برایمۆک
٨- مامۆستا شوکریە
بە گشتی قوتابییەکان زیرەک و ژیرو رەوشت بەرز بوون، هیچ جۆرە گیروگرفتێکیان بەرامبەر بە مامۆستایان و یەکتر نەبوو، تەنانەت قوتابخانەکەی ئێمە، کە تێکەڵاو بوو "کوڕان و کچان" لە تەمەنی هەرزەکاریدا بوون، کەچی وەک خوشک و برا دەوامیان دەکرد.
دروود بۆ ئەو رۆژگارە خۆشانەی لە گەلاڵە ژیانی بێ خەم و خەفەت و گیروگرفتم دەبردە سەر وەکو خەونێکی خۆشی خێرا هاتوو رەت بوو، تازەش گەیشتمە پایزی تەمەن ئەو هەوار و بەهارە ناگەڕێتەوە.
سڵاو بۆ باڵەکایەتی و خەڵکی گەلاڵەی خانەدان و پیاوی مەرد.



شەهیدی سەرکردە حەسەن کوێستانی لەگەڵ مامۆستایانی گەلاڵە، بەهاری ١٩٧٨

راوەستاوەکان لە راستەوە:
ئەمین قادر، کەمال ئیحسان، ئیسماعیل قادر، قادر دەرگەڵەیی، مستەفا ئەحمەد، ئەسعەد قادر

دانیشتووەکان لە راستەوە:
حەسەن کوێستانی، جەلال مەولود ئەحمەد





قوتابیانی قوتابخانەی گەلاڵەی سەرەتایی تێکەڵاو - ساڵی ١٩٤٧/١٩٤٨

# مەدالیای ئیفتیخار

عەبدولوەهاب شێخانی

زۆر تێکۆشەر و خاوەن هەڵوێست و پیاوی ڕۆژی تەنگانەن و کاری ئەوەندە گەورەیان بۆ کورد و کوردستان ئەنجامداوە، ناکرێ باسیان نەکرێت و لە تۆماری مێژووی سیاسی گەلی کوردستان فەرامۆش بکرێن.
هەڵوێستی ئەوەندە نیشتیمان پەروەرانەیان نواندووە، میللەتەکەمان و نەوەی دوا ڕۆژ دەبێ شانازییان پێوە بکەن.
ئەو کەسانە بەبێ هیچ بەرامبەرێک ئەو کارانەیان کردوە تەنها بۆ نەتەوەکەیان کردویانە سووتاون وەک عاشقێک بۆ کوردستانەکەیان و ئێستاش ئەوکارانە، کورد بە "مەدالیای ئیفیخاری" دەزانی و وەک سەربەرزیەک لە گەردەنی ئەو کەسانەی دەکات و میللەتەکەمان شانازی پێوە دەکات وەکو ئەمانەی خوارەوە کە دلۆپێکە لە دەریایەک لە هەلوێست شانازی تێکۆشەران و خەباتگێرانی کورد گەر هەمووی کۆبکرێتەوە بە دەیان کتێبی لێ دروست دەبێ، با بەیەکەوە سەیریان بکەین و بە هێمنی بیانخوێنینەوە.
١- کاکە سوار لە گوندی نازەنینی گوتی: مامۆستا ئەوە "٦" مانگە پێشمەرگەم لەسەر یەک میوانە و هەموو ئێوارەیەک و یەک ژووریشمان هەیە. ئەوە هەڵوێستی میللەت و خەڵکی خۆشناوەتی بووە، بەرامبەر بە شۆڕشی کورد. جاچۆن ئەوە مەدالیای شانازی نییە لە گەردەنی ئەو خەڵکە شۆڕشگێرەی کوردستان نەکرێ و شەش مانگ هەموو شەو مێوان لە کوردەواری دەڵێ "کشە، کشە مریشکە ڕەشە میوان جارەک دووجار خۆشە" بەڵام لە خۆشناوەتی دەڵێ "کشە، کشە مریشکە ڕەشە میوان هەموو ئێواران خۆشە".
٢- حەمید باتاسی: شۆڕشگێری پایەبەرزی کورد لە ساڵی "١٩٥٠" پلەی بەرپرسێتی لە حزبی پارتی دیموکراتی کوردستان پێ دەدەن سەرەتا وەری ناگرن و ون دەبێ پاش ماوەیەک دێتەوە دەڵێ لە تاقی کردنەوە دەرچووم مەسئولیەتەکەم پێ بدەن گوتیان تاقی کردنەوەی چی گووتی ئەوا دوو ڕۆژە لەگەڵ "ژنێکی سەلیتە"لە ژوورێکی فندق بەیەکەوەین کوردایەتی وحیزبایەتی نەیان هێشت توخنی بکەوم ئێستا شایانی پلەی مەسئولیەتم ئەدی کو برای بابم مەسئولین مەسئولیەت ئەوهایە.
ئەمە سەربەرزییە بۆ نەتەوەی کورد و بۆ عاشقە ڕووتەکەی کوردستان مام حەمید باتاسی.
٣- لەشەڕی هەندرێن ساڵی ١٩٦٤ یان ١٩٦٥ شەڕێکی گەورە و بەرفراوان بوو. دوژمن زۆر بە سەختی هێرشی کرد لەو شەڕەش کوڕی قەڵاو منارە کاک "عەبدوڵلا تۆفیق"ی هەولێری. خزمە...! برای خالس و وەستا ئیدریس و بابێ ڕیفاق و مشتاقی! بەرگریەکی قارەمانانەی کورد من خۆم لێم پرسی بەچی بەشەڕ دەهاتی گوتی بە "برنۆی" دوژمنم شکاند بە تاقی تەنیا بۆیە مەدالیای ئیفتیخاری لە ئەستۆکراو نازناوی "پاڵاوان هەندرێنیان" پێ بەخشی.
٤- لە گوندی بەردانگە مامۆستا بووم ڕۆژێک هاوڕێی هەمیشە زیندووم کاک مەریوان "عەبدولفەتاح محەمەد خدر" هاتە لام ئێوارە بوو لەگەڵ پێشمەرگەیەکی تر بوو، ساڵی١٩٨٠ بوو منیش دووسێ مریشکم سەربڕی بۆیان کاتی ئێوارە گووتیان دەڕۆین منیش گووتم: مریشک بۆ ئێوە سەربڕاوە گوتیان ناخۆین بۆ ناخۆن؟ گووتیان ئێمە "٥٠"پێشمەرگەمان لەگەڵە چۆن دەبێ ئێمە مریشک بخۆین و ئەوان نانی ڕەق بخۆن، زۆرم لەگەڵ هەوڵدان و نەیانخوارد ڕۆیشتن و پێشمەرگەکەی لەگەڵی بوو گەڕایەوە گووتی: بڕوابکە مامۆستا ماوەیەکی یەکجار زۆرە گۆشتمان نەخواردووە و ڕۆیشتن نەیانخوارد بەڵێ برای ئازیزی پێشمەرگایەتی و ڕێباز ئەو هابوو.
٥- مام قورشید گوتی لە شەڕێک دەورەیان گرتین و پێشمەرگەیەک لە گوندی. پیاوێک پێشمەرگەکەی بردو لەگەڵ ژنانی نواند و لێفی پێدادا و دوژمن هاتن گوتیان ئەوەچیە لەو ژوورە، کابرای خاوەن ماڵ گوتی ئەو ژنە دووگیانە منداڵی دەبێ و دوژمن نەچونە سەری. میللەتی کورد و تێکۆشەران ئاوا بەرگریان لە شۆڕش و پێشمەرگە کردوە هەڤاڵان.
٦- شەهید ملازم جوامێر لە بەغدا گیرا دوژمن زۆری لەگەڵ هەوڵدا کە پارەیەکی زۆرت دەدەینێ و بەرت دەدەین بڕۆوە ناو شۆڕش "جاسووسی" ماڵ بۆ بکە. جوامێر جوامێرانە ڕەتی کردەوە و گووتی: پەتی سێدارەم لەمل بکەن ئەو پەتە مەدالیای ئیفتخارە و مردن و لە سێدارەدانی پێ لەبەردانی ناڕەوانی گرنگتر بوو بووە هۆی سەرسورمانی دوژمن، لە مفاوەزاتی ساڵی "١٩٨٤" "فازل بەراک"بە مام جەلالی گووتبوو کەسی وەکو "جوامێر" تان مایە.
٧- لە شاری هەولێر مۆسیقار هەبوو بەڵام بەم شێوەیە نەبوو لە ساڵی "١٩٧٥" مۆسیقاری گەورەی کورد مامۆستا وریا ئەحمەد هاتە هەولێر بزوتنەوەی موسیقی لە هەولێر دروست کرد و زۆر گەنجی لە هەولێر فێری مۆسیقا کردو لە زۆر شوێن دەگەڕا ئاوازی فۆلکلۆری کوردی کۆدەکردەوە، بە چرقەی گەرمای هاوین نیوەڕۆ بوو دەچووە گۆڕەپانی یاری هەولێر منداڵانی کوردی فێرە مۆسیقا دەکرد، هەوڵ و ماندووبوونی ئەو تێکۆشەرە گەورەیە بەرهەمێکی چاکی لە گۆرانی و مۆسیقای کوردی هێنابوون، کە زۆرکاریگەری لەسەر مۆسیقای کوردی هەبوو لە دوورەوە دەیناسم چەندماندووە، چەند کورد پەروەرە، چەند مۆسیقا زانە، سەربازێکی ونە بەڵام میللەتەکەی مەدالیای سەربەزی و کوردایەتی پێ بە خشیوە زۆر لە مێژە ئەو مەدالیای لە ئەستۆی مامۆستا وریا کردووە.
٨- لە ڕۆژی ڕاپەڕین "شەهید وەستا عەبدوڵلای" برام بە "بێ، کەی، سی" تەقەی لە کوپتەرەکان دەکرد.
کە ئەوتەقە کردنە جۆش و خرۆشی زۆری بە جەماوەر بەخشی بوو کۆپتەرەکان نەدە وێران زۆر بە نزمی بۆردومان بکەن و پێشمەرگەش کەلە دەورەی شار بوون خۆیان پێ ڕانەگیرا و ڕاست هاتنە ناوشار کە گوێیان لە قریوەی "بی. کەی. سی"بوو بەڵام ماوەیەکی پێ چوو شەهید"عەبدوڵلا" گووتی پێنج فیشەک مایەو ئەگەر تەقە لەو کۆپتەرانە نەکرێ خەڵکی زۆر دەکوژن و ڕاپەڕین فەشەل دێنێ لەو کات و ساتەدا مێرد منداڵێک تورەگەیەکی لە کۆڵی بوو، گووتی: مامە ئەمە فیشەکە تەماشامان کرد هەمووی فیشەکی گرداری"بی، کەی، سی" بوو ئەو فیشەکە سەرکەوتنی بەدەست هێنا سەربەرزی بۆ هەموومان بۆ ئەوکەسەی فیشەکەکەی نارد جەباری مام سلێمانی کاوانی ڕستەی زۆر بە خێرایی بۆ وەستا عەبدوڵلا پڕدەکرد. بە منالەکەم گووت کێ ئەو فیشەکانەی نارد گووتی باوکم بۆتانی ڕەوانە کردوە گووتی بۆیان ببە.
٩- ئیسماعیل کوردە لە ساڵانی پەنجا دەی گووت دەبێ ئاڵای کوردستان ببینم. دەبێ ببینم منالانی کورد بە کوردی بخوێنن و زمانی کوردی ڕەسمی بێ. ئەوا ئەمڕۆ ئاڵای کوردستان شەکاوەیە و زمانی کوردیش ڕەسمییە هەردووکیان مەدالیای شانازی بۆ گەردەنی ئیسماعیل کوردە و هەمووتێکۆشەرێک.
١٠- شەهید عەلی حەمە سالح لەشەڕێک لەو بەری زێ گەمارۆدرا. شەڕی کرد تائاخیر فیشەک بەرگریەکی چاکی کرد ئاخرفیشەک لە تەختی نیوچەوانی خۆیدا و تاجی سەروەری لەسەر ناو بە زیندوویی نەکەوتە دەست دوژمن.
١١- کە دوژمن ملازم سەید کەریم و کاکە نەهرۆی شەهید کرد تەرمی کاک سەید کەریمی بە کۆپتەر لەگەڵ دوو"سیریە" مغاویر بردووە هاودیانێ کە تەرمەکە گەیشتەوە هاودیانێ کەس وکاری شەهید و خەڵکی ئەو ناوە لەسەر قەبران شاییەکیان دابەستا، ئەمماشایی کە دوژمن و هەموو مغاویرەکانی تووشی سەرسورمان کرد ئەوشایی کردنە لەم کات و ساتەدا جێگای فەخرو شانازی بوە ئەو شاییکردنەی سەر قەبران مانای ئەوەیە دوژمن منەتت نازانین. ئەوەتا لە جیاتی گریان و شین و شیوەن کردن بۆ ئەوکەڵە پیاوە ئێمە شایی دەکەین و سەربەرزین بە شەهید بوونی ئەو پاڵەوانە و هەلهەلەی شەهید بوونی لێدەدەین و مەدالیای سەربەرزی لەسەری کراو تاجی سەروەری لەسەری نا.
١٢- لە ڕۆژانی ڕاپەڕین "محەمەد هەمزەی" نانەوا لە تەیراوە دەوری کاریگەری هەبوو. کوڕەکەی دووەم ڕۆژی ڕاپەڕین یەک کراسی جەیش شەعبی هێنابۆوە کە زۆر بەیان لەسەر جادە کەوتبوون بەڵام کاک "محەمەد هەمزەی نانەوا" قبوڵی نەکرد و گووتیە کوڕی لە کوێت هێناوە ببەوە ئەوێ ئێمەش گووتمان جاکراس چییە ئەوا لەسەر جادە کەوتووە گووتی: نا گەر بایی نووکە دەرزی شت بێتە ماڵم لە پیرۆزی ڕاپەڕین کەم دەبێتەوە لەلای من نامەوێ ئەو پیرۆزیە کەم بێتەوە و حەزدەکەم لای من هەربە پاکی بمێنێتەوە، مەدالیای پاک و خاوێنی لە ئەستۆی بەرزت دەکەین کاک محەمەد هەمزەی نانەوا.
١٣- دیسانەوە شەهیدی ئەندازیار "مەریوان" "عەبدولفەتاح محەمەد خدر" کە زانکۆی تەواوکرد. ڕۆژێک گووتی بابچینە "مەسیف" ئەوکات هاوینە هەوار بوو.
کە گەیشتینە ئەوی لە جادەدا تووشی کچێکی زۆر جوان بوین لەگەڵی وەستاین دیار بوو لە زانکۆی بەیەکەوە بوون. یەکتریان خۆش دەویست کچەکە گووتی "فەتاح"من تۆم خۆش دەوێ تۆم هەڵبژاردووە و من زۆر دەوڵەمەندم کەچی ئێستا تۆ دەڵێی وازم لێ بێنە.
شەهید مەریوان گووتی من گاڵتە بە تۆناکەم من دەچم دەبم بە پێشمەرگە. کە زۆر لە تۆ پیرۆزترەو دەشزانم گەر تۆ بخوازم نابییە پێشمەرگە لەگەڵم بۆیە نامەوێ قۆڵت ببرم و خوات لەگەڵ کچەکە گریا و ڕۆیشت. منیش گووتم بۆ وات لەو کچە کرد گووتی کوردستان لەو کچە پیرۆزترە.
١٤- عەولی نووسەر لە دوای ڕاپەڕین باری ماددی زۆر خراپ بوو. بێ پارەو پول بەڵام سەری بۆ هیچ لایەک نەچەماند و کەچی دەیان گووت چۆنی دیگووت زۆرباشم لە خوای بەزیادبێ کەچی سەرمان لەو پیاوە سوڕمابوو، جارێک چارەکێک تەماتەی کڕیبوو بردیە ماڵەوە خێزانی زۆر بەروو خۆشیەوە پێشوازی لێ کردبوو زۆر خۆش حاڵ بوو بەو چارەکە تەماتەیە کە پیاوەکەی بۆی هێناوەتەوە و دڵی مێردەکەی دەداتەوە.
زۆر بە بەختەوەری تەماتەورونەکەیان خوارد.
ئەوسا بۆم دەرکەوت بەختەوەری بە دەوڵەمەندی نییە و بە تەباییو ڕێز لە یەک گرتنە سەربەرزیو سەرفرازی بۆ "عەولی نووسەرو هاوسەرەکەی".
١٥- دوای ئەوەی ڕژێم ئیدارەی گواستەوە. پارە نەبوو حکومەتی کوردستان بیدا بە فەرمانبەران و مامۆستایە کۆلنەدەرەکان بەبێ پارە و موچە وانەیان دەگووتەوە و دورشمی "سەرکەچ ناکەین بۆ مووچەیان" بەرزکردەوە.
سەد هەندە لە نگۆمامۆستایانی خۆشەویست ئەو دروشمە "سەرکەچ بۆ موچە" مەدالیای فەخری کرایە گەردەنی هەموو مامۆستا تێکۆشەرەکان.
١٦- ساڵی ١٩٨٨ دوای ئەنفال و وێران کردنی کوردستان کات و ساتی زۆر ناخۆش پرمەترسی بوو بۆرێک خستنەکانی کوردستان.
خەتێکی کۆمەڵە لە هەولێر ئاشکرا بوو مەلا ئاوات ئەمری گرتنی لە لایەن ڕژێمەوە بۆ دەرچوو، بواری هەڵاتن نەبوو چونکە پێشمەرگە لە سنوورەکان بوو ئاوەدانی نەمابوو. چبکەین بۆ ئەوەی نەگیرێ ڕوشدی عەزیز برای مام هادی بەڕێز و مەهدی خۆشناو وەکو مەردان هاتە هەڵوێست نواندن مەلا ئاواتی "١٥" ڕۆژ لە ماڵی خۆی شاردەوە تا ڕێکخستن بە ناوچەی بەڕانەتی قوتاری کرد.
هەزار هێندە لە بنەماڵەی ڕوشدی عەزیز ئەو کارانەیان بە ئەرکی سەرشان دەزانی ئەوکاتی بەرامبەر ئەو ڕژێمە دڕندەیە. شانازی بۆ ئەو بنەماڵەیە ١٧- سووتەمەنی شۆڕش خەڵکی ڕەش و ڕووت بووە.



شەهید عەبدوڕەزاق

پێشمەرگە و کوردایەتی منداڵە دەوڵەمەند نەیانکردووە، بۆ وشەی "ڕەش و ڕووت" لە ناو شۆڕش پیروز بووە ڕۆژێک بە مامە ڕووت "کاک عەبدولرحمانە ڕووتە"یان گووت: بۆچ پێت دەڵێن ڕووتە گووتی پرسیارەکەت بەجێیە.
گووتی: ساڵی "١٩٦١" لە بێتواتەی "ئیبراهیم ئەحمەد" هەر پێی دەگووتم: "ڕەش و ڕووت" چونکە هەموودەم جلی کۆن و سنگ ڕووت بوین لە دوایدا ڕەشەکەی لێ فڕێدرا ڕووتەکەماوە وەک نازناوێک بەدوای ناومەوە نووسا.
مامە ڕووت: زۆر کورد پەروەر زۆر زیرەک زۆرپاک زۆر بە ئەخڵاق زۆر زانا زۆری لە مێشکی دا هەبوو ڕۆژێک گووتی: زانیاریم لەسەر حەسەن زیرەک زۆرە و ڕەسمیشمان پێکەوە گرتووە داخەکەم نەمان نووسیەوە لەگەڵ زۆر بیرەوەری تر. بردییە ژێرگڵ.
١٨- ڕۆژێک ساڵانی "١٩٨٥" کە بەعس بەدڕندەترین شێوە بەربووە گیانی خەڵک.
چوینەماڵی "بورهان کاوانی" لەگەرەکی "نەورۆز" بورهان پێکەنی. گوتمان بەچی پێدەکەنی وتی وەرن بەدوام بە دوای داچووین لە تاقی سەرەوە دوو تێکۆشەری زۆر گەورەی یەکێتی لە ماڵیان بوون بۆ کاری تایبەتی خۆیان هاتبوونە ناو شار کە دوژمن "مەلایین دۆلاری" دەدا گەر یەکێک تۆزێک زانیاری لەسەر ئەوانە بدات بەڵام حەیفت نەکرد. بورهان کاوانی هاوڕێیانی زۆر لەوان تێکۆشەر ترو کورد پەروەرتر بوون بۆیە جێگای باوەری وان بوون جا خوێنەری ئازیز چۆن ئەو هاوڕێیانە جێگای فەخرو شانازی نین مەدالیای سەربەرزی وەرناگرن و شایانی ڕێز لێنان نیین.
١٩- ڕووخساری ڕەش وەکو قیر بۆیە پێیان دەگوت قیرۆ زوو ببووە پێشمەرگە. لەدەشتی هەولێر ئەوەی ئازا نەبوایە خۆی ڕانەدەگرت چونکە جێگای خۆشاردنەوەی تێدانییە. بۆ دەشتی هەولێر مەڵبەندی شێرە کوڕان بوو لە پێشمەرگایەتی.
قیرۆ لەوێ گیرسایەوە و ژن و منداڵی بەجێهێشت، ناچار پوورە شوکری خۆی ئیشی ماڵانی دەکرد بۆ ئەوەی بەسەر بەرزی ماڵ و منداڵی خۆی بەڕێوە ببات و لەمە ساری گیرسایەوە بۆ دەبێ ماڵ و منداڵی پێشمەرگە ئاوابێ؟
بەڵام قەینا "بابە" بەرگری لە کورد و کوردستان دەکات.
لە ڕاپەڕین دایک تۆپی ڕژێمی بەرکەوت و شەهید بوو باوک لەدوای هەرەسی شۆڕش سەری نایەوە.
تەنیا کوڕێکیان هەبوو بێ کەس و بێ دەر و لە بن دیواران کەوتوو تاشەوێک لە بن دیوار ڕەق بۆوە مەدالیای شەرەف بۆ ئەو خێزانانە و هەژاربوونیان لەبەر کوردایەتی بووە.
٢٠- لەڕۆژانی ڕاپەڕین ئەوەی تێکۆشەر بوو بە ژن و پیاوەوە هاتە سەر جادە، ئەوەی تر خۆی شاردەوە یەکێک لەو شێرە ژنانە کەلە سێتاقانەوە بەپێ خواسیو سەرکۆتی هاتە جادە. لە دەرگای ماڵانی دەدا و هەستن تۆڵەی مێرد و کوڕتان بکەنەوە و نەعرەتەی دەکێشا تا هێرشی کردە سەر دائیرەی ئەمن، ئەو شێرە ژنەش "خەجەباوەی" خوشکی شەهید دەهام و کاک فارس باوەی. لە نزیک دائیرەی ئەمن شەهید کرا ناوت بوەتە مەدالیای شانازی نەتەوەی کورد ئەی شێرە ژنی سێتاقان و هەولێر و لە پێناو میللەت شەهید بوویت.
٢١- دیسان ڕاپەڕین شەهید مامۆستا بەهرام جەمیل پێش ڕاپەڕین لە ئیدارەی مەکتەبێ گوتبووی شەڕبێ دەبێ شەهیدبم، قسەی خۆی هێناجێ و لە ڕۆژی ڕاپەڕین لە کاتی هێرش بردن لەسەر جادەی شەستی شەهیدبوو مەدالیای ئیفتخار بۆ ڕوحی پاکت، کە کاکە بەهرام جەمیل، بەم دواییەش بە گوللەی وێڵ هاشم جەمیلی برای شەهیدبوو، دایکیشیان مەدالیای ئیفتیخار لەمل دەکات.
٢٢- برایمە فەندی:. زۆر ئازاو بوێر و نەترس دژی دزوجەردەو ڕێگران بوو پیشەی "مەئمور مەرکەزبوو" حوکمی قائیدەکی دەگێرا لە ساڵانی "٦٠" چووە دەرەوە بووە پێشمەرگە و زۆر کاری سەرسوڕهێنەری ئەنجامداوە لە هەولێر و دەوروبەری ئەشکەوتەکەی نزیک کەسنەزان بە ناوی وییەوە کراوە چونکە زۆرخۆی لەوێ حەشاردەدا دەیان گووت ئەشکەوتی "برایمە فەندی" ئێستاش هەربەو ناوەیەوەیە ڕۆژێک لە پێشمەرگایەتی جلی سەربازی لەبەر دەکات و دەچێتە گوندی "جاش پۆلیسەکان" دەڵێ شەڕی پێشمەرگەیە کێ دێ زۆرێک لە جاشەکان دەڵێن ئێمە دژی پێشمەرگەین سواری زیل عەسکەریان دەکا تادەیان باتە ناوچەی هیران لەوێ دایان دەگرێ و هەرهەموویان چەک دەکا دەڵێ پێشمەرگەین و هەموان دەگرێ.
ئەمە دلۆپێکە لە دەریایەک کارەکانی برایمە فەندی بەڵام داخەکەم لەناوچەی پشدەر شەهید بوو.
٢٣- ڕۆژێک لە نزیک "بەردانگەی" دۆڵی شاورێ تووشی مامۆستا ڕزگار حەمەدەمین دزەیی و شۆڕش محەمەد سابیر بووم.
خولقم کردن بێنە لای من بۆنان خواردن و هاتن گەیشتینە قوتابخانەکەی من چەک و چۆڵیان داناو ڕزگار لای من بوو "شۆڕش" بزربوو ئێمەش نانەکەمان حازرکرد و "شۆڕش" دیار نییە کاتێک هاتەوە گووتمان لەکوێ بووی گووتی لەسەر ڕووباری خۆم تەنها کردو ئەسپێم دەکوشت لە کراسم.
منیش گووتم چەندت کوشت سوندی خوارد گووتی لە قۆڵی چەپم تابن هەنگڵم بەژمار ژماردم سەد ئەسپێم کوشت ئەمە ژیانی پێشمەرگەی ساڵانی هەشتابوو عەزیزم ئەی چۆن!؟
منیش گوتم کراسەکەت فرێدە من کراسێکت پێ دەدەم زۆر مەمنون بوو.
شۆڕش ماوە و نەمردوە پێی بگێرنەوە.
٢٤- لە نزیک بالیسانێ ساڵی "٨٢" تاقەماڵێک چادرەکیان هەڵدابوو.
ئێمەش گووتمان ئەوەچییە گوتیان ئەو ماڵە خەڵکی هەولێرن و کوڕێکیان هەیە ناوی عەسکەری هاتووەو نە عەسکەری دەکا و نەدەبێتە جاش.
کوڕەکەیان پێشمەرگەیە و ماڵەوەشیان لە ژێر ئەم چادرە دەژێت. بژی کوردوکوردستان بۆ نەوەکانت کەوا سەر بۆ دوژمن ناچەمێنن.
٢٥- لە ڕاپەڕین گرانی بوو چونکە "٦" مانگ بۆو عێراق ئابلوقەی ئابووری لەسەر بوو هەمووشت زۆرکەم بوو کە ڕاپەڕین ڕوویدا "١٥٠" هەزار سەربازو ئەفسەرو دەرجەدار کەوتنە دەست میللەت سەرەڕای نەبوونی و قات و قڕی زۆر ڕێزیان گیرا نانیان درایێ کەنان نەبوو پارەیان درایێ زۆر بەڕێزەوە ڕەوانەی ناوکەس و کاریان کردنەوە دەبێ عەرەب ئەو هەڵوێستەیان لەبەر چاوبێ.
٢٦- لە ئەنفالە بەدناوەکەی "٨"دا کە بەسەر خەڵکی بادینان هات.
ئەوەی لە کەلەنەبەردو شاخ خۆیان حەشار دابوو ڕژێم خڕی کردنەوە هێنایان بۆ نێوان بەحرکەو جێژنیکان لە مانگی "١٠"بوو هاوین بوو. لەو عاقارەیان فرێدان بێ نان بێ ئاو بێ پێخەف و بێ جێگاو ڕێگا.
بەڵام خەڵکی هەولێری خۆراگر زۆر مەردانەو جوامێرانە هاتنە دەست و لە خواردن و جل و بەرگ و پێڵاوپارە هەموو پێداویستیەک بە لێشاو بۆیان بردن شەرە گەک بوو لەسەر زۆری کەل و پەل بردن بۆ ئەوانە هەرچەند ڕژێم قەدەغەی کرد، بەڵام خەڵک گوێی نەدا بە قەدەغەی ڕژێم.
من خۆم چووم بەسەدان لۆری و پیکەب کەل و پەلی بارکرد بوو نەیان هێشت خەڵکی بادینان لە برسان بمرن و دەبێ خەڵکی بادینان ئەو چاکەو پیاوەتیە گەورەیان لەبەر چاوبێ کە خەڵکی هەولێر کردیتی لۆیان ئەمە هەڵوێستی خەڵکی هەولێرە هەروەها هەمان شتیان بۆ خەڵکی هەڵەبجەش کرد، کە هاوردیانە بە حرکە.
٢٧- هەر لە گوندی نازەنینی شتی زۆر سەیرم لێیان دەدیت. زۆر ئێوارە لەسەربانی قوتابخانە ڕادەوەستام دەم دی مام قادر ئاغا یان هیتر، دەیان دی کەسێک بێ جێورێیە لە مزگەوتە پێیان دەگووت ئەوە بۆ لێرەی! هەستە بچینە لای من میوان بەو نان بخۆ بەراستی جوامێر بوون، لە خۆشناوەتی ئەگەر مێوانت نەیە هەست بە "نەقس" دەکەن کەینێ مێوانیان هەبوو هەینێ بۆوان سەربەرزیە داخەکەم "مام قادر ئاغای" نازەنینی باوکی "غازی و کاوەی" دوای ساڵی "١٩٨٨" ماڵی هاتە هەولێر "سەیارە" لێیداو مرد، غازی و خزم و کەس و کاری مام قادر ئاغە گوتیان قەزاو قەدەرە نابێ سایق بگیرێ و هەر ئەو کات سایقییان بەرداو بەرەڵلایان کرد و ئەوپەڕی جوامێریان نواند.
٢٨- مام سلێمان لەپەرتوکی لە دەنکەوە بۆ گولەگەنم باسی ئەوەی دەکات دەڵێت من، ئەنوەر جۆخین لە گوندێکی خۆشناوەتی قسەمان بۆ خەڵک دەکرد مام ئەنوەر گوتی هەرکەس دەیەوێ لەو شەرەفە گەورەیە بەشداری بکات بێت لەو جۆخینە بەشی خۆی ببات دەڵێ هەر ئەودەم "لەقەبی" جۆخین بووە نازناوی مام ئەنوەرو ناسرا بە ئەنوەر جۆخین کورد چەند هەستیارەو چۆن کاروکردەوەی جوامێرانە دەکاتە نازناوی پیاوی تێکۆشەرو کوردپەروەر .
٢٩- خزمێک لەگەڵ شەهید عەبدولرەزاق گیرابوو. گووتی مفەوەزێکی ئەمن هەموو ڕۆژێک دارکاری کاک عەبدولرەزاقی دەکرد. بەڵام کاک عەبدولرەزاق بێ ئەوەی لێدان کاری لێ بکات یەک وشەشی نەدرکاند. خۆراگری شەهید عەبدولرەزاق ببوە هۆی سەرسورمانی دائیرەی ئەمنی هەولێر گووتی ڕۆژێک منیشیان برد بۆ دارکاری و گوێم لێبو ئەو مفەوەزەی دارکاری کاک عەبدولرەزاقی دەکرد بە یەکتری دەگووت "انی اضرب حایط" واتە من لە دیوار دەدەم لە مرۆڤ نادەم، ئەو کابرایە ئەو هەموو دارکاریە کرا هیچی نەدرکاندو تەقەی سەری دەهات هەمان شت لەگەڵ شەهید"حەیدەر جوکل"کرابوو ناوی کەسیشی نەهێنا زۆر شێرانە و جوامێرانە بەرامبەر ئاگرو ئاسن "دائیرەی ئەمن" ڕاوەستان "٨٠" دینار حەقی لەسێ دارەدانیان لێ وەرگرتبوون.
٣٠- مام عەریف سلێمان لە پەرتوکی لە دەنکەوە بۆ گوڵە گەنم دا دەڵێ ڕۆژێک ماڵەوەمان هاتبوونە سەردانم لە کاتی ڕۆیشتن یەک لە کوڕەکانم کە زۆر بچوک بوو دەستی بە گریان کردو دەیگووت بابە من ناچمەوە لەگەڵ تۆ دەبم. دەڵێ کە سواری سەیارەش بوون هەر هاواری دەکرد و دەگریا دەیگووت بابە نارۆم لەگەڵت دەبم بەراستی دیمەنێکی زۆر خەمبارو ناخۆش بوو دەڵێ حەمید کاوانی ڕەحمەتی گووتی! حەکو...! سلێمان ئەتو چ دڵێکت هەیە هیچ ناشڵەژێی ئەوا گریانی ئەو منداڵە کاری لەمن کرد دەڵێ منیش گووتم کاکە دڵی من بۆ کوردستان بەپەرۆشە وامن لەناخەوە هەژاندمی بەڵام چیبکەم کوردستان زۆر خۆشەویستە.
ئازایی و خۆراگری ئەو کەڵە مێردانە زۆر گەورەیە دەبێ ببێ بە پەند بۆ نەوەی داهاتوو. ئەوانەی باسمان کرد نموونەی خەروارێک بوو، بەهیوام هەموو ئەو جوامێر و ڕووداوانەی ڕوویانداوە بیاننووسمەوە، چونکە ئەمە مێژووی پڕ شانازی گەلی کوردەو هەریەکێک شتێکی هەیە با بینووسێ و بڵاوی بکاتەوە.

# بنەماکانی چیرۆک نووسین



**مستەفا ڕابەر - لەندەن**

نووسەر خاتوو جودی پارکینسون، نیشتەجێی لەندەن، دەرچووی زانکۆی بریکستۆلی ئینگلتەرەیە، کتێبێکی سەیرو سەمەرەی داناوەدەربارەی چۆنیەتی وەبیرهاتنەوەی ناوە گرنگەکان، نۆتەکانی موسیقا، کورت و درێژی مانگەکانی ساڵ و زۆر شتی تریش بەدەستەواژەی پەخشان یان هەڵبەست باسیان دەکات، بۆ هەر بابەتێک (سەرنامە)یان( سەرواژە ) یەکی بۆ دروست کردووە، هەتا فێرخواز بەئاسانی وەبیری بێتەوە، واتەئاکرەنیم*ی بەکارهیناوە:

یەکێک لەبابەتەکان باسی بنەماکانی کورتە چیرۆک دەکات، ئەو دەڵێ: پێویستە چیرۆک شەش بنەمای تیا بیت، بۆئەوەی فێرخواز ئەو شەش بنەمایەی لەبیر نەچێت، ئەم ڕستەی خوارەوەی بەئینگلیزی بۆ نووسیوە، کە ڕستەکەی خوێندەوە بەهۆی پیتی یەکەمی وشەکان، یەکە یەکەی هەر شەش بنەماکانی دێتەوەیاد:

very many pupils come to school

گەلەک زۆر قوتابییەکان هاتن بۆ قوتابخانە..

(VMPCTS)

نووسەر هاتووە لەسەرەتای هەر وشەیەک پیتی یەکەمی وەرگرتووە وشەیەکی تازەی لێ دروستکردووە وەکو ئاکرەنیم *.

لەخوارەوەبەکورتی باسی مەرجەکان دەکەم.

یەکەم View point :

دیدو بۆچوون یان باری سەرنج: وا پێناسەدەکرێت، کەلەچ گۆشەنیگایەک چیرۆکەکە وتراوە بەدیدەنیگای منداڵ یان قارەمانی چیرۆکەکە کەسێکی کاملە هەروەها جیاوازی بیرو بۆچوونەکان.

دووەمMood:

باری دەروون.

ململانێ یان باری دەروون زۆر پێویستە بۆ سەرگوزشتەی چیرۆک، ئەگەر ڕکابەری و ململانە نەبێت گرێ کوێرەدروست نابێت.

ململانێ واتەڕووبەڕوو بوونەوەی دوو ویست و ئارەزوی دژەیەکی ئادەمیزاد .

دوو جۆرەململانەش هەیە:

ململانە لەگەڵ هێزێکی دەرەکی گیانی مرۆڤ.

ململانە لەگەڵ هێزێکی ناوەوەی گیانی مرۆڤ.

سێیەم plot:

گرێ کوێرەبەمانای هونەری گێرانەوەی ڕووداوەکان و گەشەپێدانیان، بەواتەیەکی تر زنجیرەی هەڵکشانی ڕووداوەکان و ململانەی کەسایەتییەکان لەناو چیرۆکدا، کردنەوەی لەقۆناغی کۆتایی چیرۆکدا.

چوارەم characters :

کارەکتەر: واتەکەسایەتی تایبەتمەند. کارەکتەر کەسێکەیان هەندێجار ئاژەڵەبەشداری دەکاتو ڕۆڵ دەگێرێ لە هەر کارێکی ئەدەبی، کارەکتەرەکان بڕبڕەی پشتن بۆ چیرۆک بۆ تێگەیشتنی پێوەندی نێوان کەسایەتییەکان، پێویستەئەم خاڵانەڕەچاو بکرێن : تەمەن، ڕەگەز، کار، خێزان، هاندەر ( بۆچی وادەکەن و واناکەن)

پێنجەمtheme:

بابەت و باس:

بابەت پارچەیەک خەیاڵەکەبیرۆکەداگیر دەکات یان هەڵوێستی نوسەرەکەیەبەرامبەر سروشتی مرۆڤ . جاری واهەیەتەنیا ناونیشانی چیرۆک خۆی ئاماژەبەوەدەکات کەنوسەر چی دەڵێ. هەندێ جاریش نووسەر بۆ گەیاندنی مەبەستی خۆی پەنا دەباتەبەر بەکارهێنانی سیمبول، لێچواندن، خوازتنەوە، تەنز، بابەتەکانی تری ڕەوانبێژی.

شەشەمsetting:

چوارچێوەیان کات و شوێنی ڕوودانی چیرۆک پێی دەڵێن سێتینگ یان دیوی پشتەوەی ڕووداو. لەهەندێ چیرۆکدا سێتینگ زۆر گرنگەلەهەندێکی تر زۆر نا چەند جۆرە رواڵەتێک هەیە لەسێتینگی چیرۆکدا بۆ شارەزایی زیاتر ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕەچاو بکرێت باشە:

شوێن : بەمانای شوێنی جوگرافی و ڕوداوی چیرۆک دێت.

کات: کەی ڕووداویداوە چ ساڵێک، مانگ، ڕۆژ لەمێژوودا.

کەش و هەوا: باران، خۆرەتاو، یان تۆزو خۆڵ شتی لەم جۆرە.

باری کۆمەڵایەتی: ژیانی ڕۆژانەی کەسایەتییەکانی چیرۆک ئاستی هۆشیاریان، گفتوگۆیان جلوبەرگیان، هەڵسوکەوتیان خورەوشتیان

باری دەروونی و ئەتمۆسفیر: هەست لەسەرەتای چیرۆک وەک شادی، خەمگینی، بەرچاو ڕونی، ڕەشبینی، ترس و دڵەڕاوکێ.

هەروەها زۆر نووسەری شارەزا باسیان لەمەرجەکانی نووسینی کورتەچیرۆک کردووە چەند خاڵێکیان دەست نیشان کردووەوەک سەرەتا، گرێ، کارەکتەر، دەوروبەر ڕووداو، کات و شوێن، کردنەوەی گرێ و ئەنجامی ڕووداو. هەندێ نووسەریش دەڵێن ئەم بنەمایانەش خەریکە هەندێکیان باویان نەمێنێت.

دەڵێن کورتەچیرۆک لەدوو وڵاتی لەیەکەوە دوور لەیەک ساتەوەختا سەری هەڵداوە لەسەر دەستی دوو نووسەری مەزن بێ ئەوەی ڕێکەوتن لەنێوانیان هەبووبێ یان ئاگاداری یەکتر بووبن. یەکەمیان ئادگار ئاڵان پۆ ١٨٠٩ –١٨٤٠ لەئەمریکا دووەمیان نیکۆلای گۆگۆل ١٨٠٩–١٨٥٢ لەروسیا. پاشان لەفەرەنسا گای دی مۆپاسان ١٨٥٠–١٨٩٢ پەیدا بوو، کە هۆلبرۆک جاکسان وتی کورتەچیرۆک مۆباسانە، مۆباسان واتە کورتەچیرۆک.

چیرۆکی پاڵتۆ لەساڵی ١٨٤٢ نووسراوە دوا شاکاری نیکۆلای گۆگۆلە، کەبەقۆناغێکی گرنگی گەشەکردنی ئەدەبی ڕیالزمی دەناسرێت لەسەدەی نۆزدەهەمدا، هەموو بنەماو مەرجەکانی کورتەچیرۆکی لەخۆوەگرتووە هەر بۆیەش کراوە تەبنەمای مێژوویی بۆ دەست نیشان کردنی سەرهەڵدانی کورتەچیرۆک.

ناوەرۆکی پاڵتۆ ئەوەیە سروشتی مرۆڤ هەمیشەپێویستی بەمیهرەبانی، بەزەیی، برایی، هەیە. بەخۆڕایش نووسەری مەزنی ڕوس دوستۆفیسکی دەربارەی گرنگی چیرۆکی پاڵتۆ نەیگوتووە

( ئێمەهەمومان لەژێر پاڵتۆکەی گۆگۆل هاتووینەتەدەرێ)

We all came out from" 'under Gogol's 'Overcoat

کورتەیەکی چیرۆکی (پاڵتۆ)

لەشرەفەرمانگەیەکدا پیاوێکی کورتەباڵای دەم و چاو ئاولەداری سورفل، قژ مەیلەو سووری چاوکز پێشەسەر ڕووتاوەی ڕومەت قلێشاو، هەژارم دەست کورت خۆشی نەدیو بەناوی: ئەکاکی ئەکاکیفیچ بەوپەڕی دڵسۆزی بەپلەو موچەیەکی نزم بەدەست خەتی خۆی کاری کۆپی کردنی بەڵگەنامەکانی فەرمانگەکەی دەکرد، ئەو ناوەسەیرەشی لەکاتی لەئاوهەڵکێشان و ناولێنانیا لەکەلیسا دایکی پێی باش بووە بەناوی باوکی ناودێر بکرێت وشەکەش لەزمانی ڕوسیدا بەمانای دووبارەدێت لەمەش سەیتر نازناوی خانەوادەکەی پێڵاو بووە.

ئەکاکی پاڵتۆکەیەکی شڕو داڕزاوی بە پینەوپەڕۆی دەبێ، ئەوەندە کۆن دەبێ بەرگدروو ناتوانی بۆی چاک بکاتەوە بۆیەناچار بوو هەر چۆنی بێت پاڵتۆیەکی نوێ بەبری ٧٥ ڕۆبل بەرادان بدات، پاش ماوەیەک پاڵتۆکەی بۆ هاتەوە ماڵ، ئەکاکی بەدڵێکی خۆشەوە بەرەو فەرمانگەکەی بەڕێکەوت لەهەموو چرکەیەکدا هەستی لای پاڵتۆ تازەکەی سەر شان و ملی بوو، خۆشی نەیزانی چۆن گەیشتە فەرمانگا و یەکسەر هەموو کارمەندەکان بەهەواڵی پاڵتۆ تازەکەیان زانی سەیریان کرد، پیرۆزبایی گەرمیان لێکرد داوایان لێ کرد لەسەر شەرەفی پاڵتۆی تازەی ئاهەنگێکیان بۆ ساز بکات، باش بوو بریکاری سەرۆکی فەرمانگەکەی وتی وازی لێبێنن من ئەمشەو بەبۆنەی ساڵرۆژی لەدایک بوونما میوانداری گشتتان دەکەم بۆ چاخوارنەوە هەموویان بەشادییەوە ڕەزامەندیان نیشاندا تەنیا ئەکاکی داوای لێبوردنی کرد، بەڵام کارمەندەکان وتیان جوان نییەو نابێت ئامادەنەبیت.

لەفەرمانگەکەی گەڕاوە ماڵ سەرلەئێوارە بەرەو ماڵی بریکار بەڕێکەوت سەرجەمی میوانەکان بەر لەو گەیشتبوون و گەرمچایەکی گەرمی سەماوەریش خورابوە.

ئەکاکی پاڵتۆ تازەکەی لەڕیزی پاڵتۆی میوانەکان هەڵواسی پاش چا خواردنەوە، دەست کرا بە یاری کاغەز شەو درەنگ داهات ئەکاکی خەریک بوو خەو دەیبردەوە داوای لەخانەخوێ کرد ڕێگەی بدات بڕواتەوەماڵ، بەڵام بریکار وتی نا، نابێت بڕۆیت هەتا لەسەر شەرەفی پاڵتۆ تازەکەت پەرداخێک شەمپانیا نۆش نەکەیت پاش نانخواردن ئەکاکی بێ مۆڵەت وەرگرتن خۆی دزییەوەلەژووری چاوەڕوانیدا بینی پاڵتۆکەی کەوتوتەسەر زەوی، زۆر خەمی خوارد، خێرا دایوەشاندو پاکی کردەوە بەرەو ماڵ گەڕاوە ڕێگەساردو سامناک بوو، زۆر دەترسا هەر هێندەی زانی لەپڕ لوتی بو بەلوتی چەند کەسێکی ڕیشدار. یەکێکیان وتی ئەوەپاڵتۆکەی خۆمە دایانە بەرشەق و مستەکۆڵە و پاڵتۆ کەیان لەبەر داکەندو لێیان دزی، لەنزیکی ئەوشوێنەخاڵێکی پاسەوانی هەبوو ئەکاکی بەپەلەپرۆزێ خۆی گەیاندە لای بەڵام پۆلیسەکە خەوتبوو.

ئەکاکی زۆر شپرزەو خەمبار گەڕاوەماڵ، بەیانی یەکەم جاری بوو نەچێتەسەرکار، هەر خەریکی سکاڵا تۆمارکردن دەبێ لەهەموو دەزگایەکی پێوەندیدار، بەڵام هەمووڵایەکی فەرامۆشی دەکەن. ئەکاکی دواجار بڕیاریدا سکاڵای خۆی بباتەلای کەسایەتییەکی گرنگ و پلەبەرز، کە لەسەردەمی منداڵی ناسیاوی بووە بۆ باس کردنی کێشەکەی، بەڵام ئەو کەسایەتییە دەروون شڕە، کە بەساختەکاری خۆی پێگەیاند بوو هیچی بۆناکات و گوێشی لێناگرێت.

ڕۆژی پاشتر بەکۆنە پاڵتۆیە ڕزیوەکەی ڕۆیشتە فەرمانگە.

زۆر هەوڵی دا دەسەڵاتداران پاڵتۆکەی بۆ وەرگرنەوە، بەڵام بێ ئەنجام بوو دواجار لەحەژمەتان نەخۆش دەکەوێ، تایەکی گەرمی هاتێ لەناو جێگەیدا هورێنەی دەکرد، لەبەرەخۆیەوە لەگەڵ پیترۆفیچی بەرگدروو سەوداو مامەڵەی ئەوەی دەکرد، کە پاڵتۆیەکی تازەی بۆ بدروێت کە ڕستەی وای تیا بێت ڕێگرەکان نەتوانن لێی بدزن. هەندێ جار هاواری دەکرد، کە دزەکان وا لەژێر تەختی خەوتنەکەی خۆیان شاردۆتەوە.

دواجار بەو داخەوە ئەکاکی گیانی پڕ حەسرەتی سپارد، لەپاش خۆی تەنیا سێ کۆنە گۆرەوی و دوو سێ قۆپچەی پانتۆڵ و دووسێ قەڵەمی قامیش و چەند پەرەکاغەزێک و کۆنەپاڵتۆ شڕەکەی بەجێهێشت . مردنی ئەکاکی هەروا ئاسان تێنەپەڕی زۆری پێنەچوو دەنگۆیەکی بەهێز لەشاری پەترسبۆرگ بلاوبۆوە، کەمردووێک زیندوو بۆتەوە لەسەر پردەکەی کالینین فەرمانبەران ڕووت دەکاتەوە پاڵتۆکانیان دەدزێت یەک لەفەرمانبەرەکان باسی ئەوەی دەکرد بەهەردوو چاوی خۆی تارمایی مردووەکەی بینیوەو ناسیویەتییەوە، کەخودی ئەکاکییە ئیتر ترسی لێدەنیشێ هێزی تیا دەمینێ. فەرمانبەرەکان شپرزەدەبن و پۆلیس فەشەل دێنێت ناتوانن دەسگیری بکەن.

پاش مردنی تارماییەکەی دەبێتە یەکانگیری ئەو کەسایەتییە گرنگە پلەدارە، کە سکاڵای ئەکاکی فەرامۆش کرد لەهەموو ئان و ساتێکدا ئاکاکی لەبەر دەمی ئەو فەرمانبەرەدا قووت دەبێتەوەو لێی دەکەوێتە گلەیی و گازندەو ئەو ڕۆژانەی دەهێنێتەوەیاد، کە چۆن بەدەستی ئەوچەوساوەتەوەو ناڵاندوێتی و تووشی دەردەسەری و چەرمەسەری کردووە.

---

* Acronym ئاکرەنیم

واتەسەرنامەیان سەرواژە وشەیەکە لەپیتەکانی سەرەتای کۆمەڵێ وشەی تر دروست دەکرێت، بەمەبەستی کورت کردنەوەووەبیرهاتنەوەی ئاسانی ناو نیشانەکان لەزمانی ئینگلیزی بەزۆری لەبوارەکانی نۆژداری و کۆمپانیاو کار گوزاری بەکاردێن بۆ نمونەوشەی:

adidas : All Day I Dream About Sports ئادیداس:

کورتکراوەی دەستەواژەی: هەمو ڕۆژێ خەو بە وەرزشەوە دەبینم

NATO: North Atlantic Treaty Organization ناتۆ:

کورتکراوەی دەستەواژەی: ڕێکخراوی پەیمانی باکووری ئەتڵەسی

## کارگە تایبەتەکانی جەستەی مرۆڤ

**سەدیق مستەفا بابان**

جەستەی ئادەمیزاد زۆر کارگەی بە تەواوی تێدایە و کاری پێ ناکرێت تاکو ئەو ڕۆژەی کە پێویستە. بۆ نموونە "کارگەی شیر" بەگەڕ نایەخرێت تاکو منداڵ نەبێت.

ئەگەر تەمەنی مرۆڤەکە سەد ساڵیش بێت ئەو کارگە هەر هەیە، بەڵام نووستوەو هەزارەها کارگە هەیە لە جەستەماندا، بەڵام زۆربەیان ئێمە نازانین چییەو چۆنە؟

تەنها ئێمە ئەو شتانە هەست پێ دەکەین کە لەگەڵی ڕاهاتووین.

کەواتە کەشتێک لە جەستەمان دروست بوو، ئەوە بەرهەمی کارگەیەکی جەستەیەو دیارە لەوکاتە پێویستی کردوە کارگەکە بە بەرهەم بێت و کار بکات بۆ نموونە:

"پفکە و ئاوەکەی ناوی" کارگەکە یەکسەر دروستی دەکات و تەنها لە کاتی سووتانی پلەیەک بەگەڕ دەخرێت.

هەروەها ئاوی قولنج یان ئاو لەهەر شوێنێک پەیدا بوو مانای وانییە ئێمە شپرزەبین و هەوڵ بدەین ئاوەکە دەربێنین لەوانەیە ئەوجۆرە ئاوانە یەکجار گرنگ بن بۆ شتێک کە ئێمە درکی پێ ناکەین.

هەروەها دروست بوونی گرێ لە جەستە ئەویش لە وانەیە کارگەیەک بێت بۆ مەبەستێکی یەکجار گرنگ، بەڵام بەداخەوە ئێمە چونکە هیچی لێ نازانین بە شێرپەنجەی لەقەلەم دەدەین هەڵدەستین دەیبڕین، کە بڕیمان زوو کارگەکە گرێیەکی تر دروست دەکاتەوە، چونکە پێویستە کەچی مرۆڤ زۆر سەیرە وتێناگات زۆر بە ساویلکەیی ئەویتریش دەبڕێت.

مرۆڤ هەیە چەندەها جار گرێ و خاڵی لە دەم و چاوی دێت کەچی هەر بە نەشتەرگەری لای دەبات بێ ئەوەی پزیشکایەتی بیربکاتەوە و لێ بکۆڵێتەوە بۆ دووبارە دەبێتەوە؟ .

**تێبینی: مەبەست لە بڵاوکردنەوەی ئەو بابەتە هۆشدارییە بە گرنگیدان بە"پزیشکی میللی"و هۆشیارکردنەوەی خەڵک.**

**بەدرخان**

## سیرو نوکتەو گەندەڵیی

**وەرگێر مستەفا ڕابەر**

**سیر باشترەیان پیاز؟**

بازرگانێک بەمەبەستی فرۆشتنی کاڵاکانی سەفەرێکی دوورو درێژی گرتەبەر ڕۆژێک گەیشتەکاروانسەرای پاشایەک کەلوپەلەکانی خۆی نیشان دان، پاشای گەورەشتەکانی بەدڵ بوون، هەندێ شتی لێکڕی، پاشان توورەگەیەکی بینی لەولاوەبەتەنیا دانرابوو پرسیاری کرد ئەی ئەو توورەگە چییە لەوێ دانراوە؟ بازرگانەکە وتی هیچ نییەشتێکی سادەی تایبەت بەخۆمەبۆ چێشتکردن بەکاری دێنم. پاشا پرسی چی پێدەڵێن بازرگان وتی: گەورەم خاوەنشکۆ پێی دەڵێن پیاز.

پیاز ! هەرگیز گوێم لەوناوەنەبووەو نەشم بینیوە، بازرگانەکە وتی کەوابێ ڕێگەم بدە با خواردنێکی بەپیازتان بۆ دروست بکەم .

کەخواردنەکەی ئامادەکرد پاشا تامی کرد وتی لەژیانما شتی وا بەتام و لەزەتم نەخواردووەحەزدەکەم هەموو پیازەکەت لێ بکڕم، لەخەمیشی دامەبەتوورەگەکەشت بۆ پڕدەکەم لەشتی نایاب.

بازرگان لەڕێگەی گەڕانەوەیدا توورەگەکەی کردەوەواقیوڕما، کە بینی پڕکراوەلەزێڕو و دوڕو مەرجان، شتی وا بەنرخی لەژیانیدا نەبینی بوو، کە گەڕاوە ماڵ دەنگوباسی ئەو خۆشبەختییەی بازرگان بەناو خەڵکدا بڵاو بۆوە.

بازرگانێکی تر ویستی ئەمیش بەختی خۆی تاقیبکاتەوە، بەگەشتێکی درێژخایەن بەڕێکەوت و گەیشتەهەمان کاروانسەرا و باری وڵاخەکانی کردەوە، توورەگەیەکی لەولا بەتەنیا دانا، پاشا هەندێک لەکاڵاکانی کڕی، چاوی بەملاو بەو لادا گێڕا سەیرێکی ئەو توورەگەی کرد، کە لەولا بەتەنیا دانرابوو پرسیاری کرد ئەو تورەگەچی تیایە؟بازرگانەکە ووتی شتێکی وانییە هەندێ پێداویستی خۆمەبۆ چێشت بەکاری دێنم، پاشا پرسی چی پێدەڵێن بازرگان وتی گەورەم خاوەنشکۆ پێی دەڵێن سیر!

سیر! لەژیانما ناوی سیرم نەبیستووە، بازرگانەکە وتی کەواتەدەکرێ خواردنێکی بەسیرتان بۆ دروست بکەم ؟

کاتێ لەخواردندنی چێشتەکەبوونەوە پاشا وتی دەستت خۆشبێ بەراستی خواردنێکی بەتام بوو، حەزدەکەم هەموو سیرەکەت لێبکڕم، بێگومان تورەگەکەت پڕ دەکەم لەشتەبەنرخەکانی خۆمان، کاتێ بازرگان بەرەو ماڵ دەگەڕاوەلەڕێگا سەری تورەگەکەی کردەوەبینی پڕکراوەلەپیاز!!

سەرچاوە کتێبی:

Raise Your Glasses

**بەگەندەڵی خۆ پێگەیاندن:**

قەلێک لەکاتێدا لەگەل گایەک خەریکی دەمەتەقێ دەبێت بەحەسرەتەوەهەناسەیەکی هەڵکێشاو وتی: چەندم پێخۆشە بتوانم بفڕمەسەر ئەو درەختە بەرزە، بەڵام هێزو توانام نییە، گایەکەوەڵامی دایەوە: باشەبۆچی هەندێک دەنووک لەڕیخەکەی من نادەیت زۆر وزەی تیایە.

قەلەکەهەندێک ڕیخەکەی خوارد هەستی کرد وزەیەکی زۆری پێ دەبەخشی ئەوەبوو توانی بفڕێتەسەر لقی یەکەمی درەختەکەڕۆژی پاشتر پاش ئەوەی بڕێکی زیاتری خوارد توانی بفڕێتەسەر لقی دووەم دواجار دوای دوو هەفتەتوانی بگاتەسەر لقەهەرەبەرزەکە، بەڵام زۆری نەبرد لەلایەن ڕاوکەرێک بەدی کرا و تەقەی لێکردو لەسەر درەختەکەی خستەخوارەوە. مۆراڵ لەم چیرۆکەدا ئەوەیەئەشێ لە هەلومەرجێکی گەندەڵدا بگەیتە پلەیەکی بەرز بەڵام ڕەنگەهەتا سەر نەت پارێزیت.

– بەنوکتەیەک تۆڵەی خۆی کردەوە

ژن و مێردێک بەبۆنەی ساڵیادی پەنجا ساڵەی پێکەوەژیانیان. هەر سێ ڕۆڵەسەرکەوتووەکەیان بانگ کرد تا لەسەرشەرەفی ئەو یادەلەسەرخوانی ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممەیان ئامادەبن. کوڕی یەکەمیان هات و پیرۆزبایی ساڵیادی هاوسەرگیری لە دادەو بابەی خۆی کرد وتی بەداخەوەکارێکی کتوپڕم هاتەپێش لەنەخۆشخانەخۆتان دەزانن لەگەڵ نەخۆشێک درەنگم بەسەرداهات دەرفەتم نەبوو، کەدیارییەکتان بۆ بێنم. باوکی وتی گوێ مەدەیێ گرنگ ئەوەیەئێمە هەمووومان ئێستا بەیەکەوەین.

کوڕیدووەمی گەیشت و پیرۆزبایی لەدادەو بابەیئازیزی کرد وتی باوکەگیان بەپەلە لەژووری دانیشتنی دادگا دەرچووم و دەرفەتم نەبوو شتێکتان بۆ بکڕم، باوک وتی هیچ نییەزۆر دڵخۆشم بەوەی کەتوانیت ئامادەبیت.

پاشان کچەکەیان گەیشت ووتی ساڵیادتان پیرۆزبێت، بەڵام زۆر بەداخەوەکارگێڕی کومپانیا منی ناردەدەرەوەی شار بەراستی زۆر سەرقاڵبووم، بۆیەماوەم نەبوو شتێک لەگەڵ دەستی خۆم بێنم، هەمدیسان باوک وتی خەم نییەچاک نییەهەر پێنجمان ئەمڕۆ بەیەکەوەین.

پاش ئەوەی لەخواردنی نان و میوەو شیرینی بوونەوەباوکەکەیان وتی شتێک هەیەدەمێکەمن و دایکتان حەزدەکەین بۆتان باس بکەین، خۆتان دەزانن ئێمەزۆر هەژارو دەستکورت بووین لەگەڵ ئەوەشدا توانیمان هەریەک لەئێوەبنێرینەزانکۆ.

بەدرێژایی ئەو ساڵانەش من و دایکتان زۆر تەبابووین و یەکترمان خۆش ویستووەبەڵام حەیف دەرفەتێکم دەست نەکەوت، کەدایکتان لەخۆم مارەبکەم.

هەرسێ منداڵەکان بەسەر سورمانەوە وتیان مەبەستت ئەوەیەئێمەزۆڵین، پیرەباب وتی بێگومان زۆڵ و زۆڵی بێ نرخیش.

# نیشتیمانێک لە خەونی شەرابی




**ئا: بەدرخان**

شیعر وێڕای ئەوەی ئیلهامەو جیهانێکە تەژی لە بەرائەت و جوانی، ئەو شەپۆلانەیە زیاتر ڕەونەق بە گەورەیی دەریا دەدەن، ئەگەر لەلایەک دەرخستنی خەم و مۆتەکەو ژانی بێت ئەوە لەلایەکەی دیکەدا خەونە ئەرخەوانییەکان دەبنە سەجەلەی برواو متمانە بەخۆ بوون. لەم ژیانە دژوارەدا دەبێ تواناکانمان لەتەمەنی جەنجاڵی چڕکەنییەوە کە خۆشیمان نازانیین ئەو ڕۆژگار چۆن دێت و چۆنیش دەڕوا. ئەو دەق و تێکستە شیعریانەی لەلایەن کەسانێکی قاڵبوو عیشق و خولیایەکی زۆرەوە گوێ بۆ ڕادەدێرێ و تالە چێژی لێ وەردەگرێت، ژوانی پەیڤی جوانی لەگەڵ گرێ دەدات "نشتیمانێک لە خەونی شەڕابی"ی مامۆستا فاتیح بێلان تاڵەبانی لەم ماوەیە کەوتە بازاڕەوە کە دوا بەرهەمی ئەو قەڵەمە بەبرشت و هۆزانڤانەیە کە بە سەلیقەیەکی زۆر و سەرگەرمیەکی دەرۆیشانە جیهانێکی بۆ نەخشیوین بە تێرامان و وردبونەوە دەرمانخانە دینایەکی دیکە، چەند کۆپلە یەک لە شیعرەکانی

من ئاوی سەوزی
عیشق لە ناو دەمارەکانمایە
ئەوەتا هەردوو پەنجەی دەستم
هەناری مەمکی کچیان گرتووە
***
ئاسمان بە ڕووتی و بێ دەرپێ
لەسەر پشت ڕاکشاوە
بۆیە وا زەوی
خۆی بە ئاوی شەهوەت نووسیوەتەوە
***
درۆ ناموسی زۆر بەمانی
ئەتک کردووە
کەس بەکەس نەڵێ بێ ناموس
١٢٢

# گروپی میوزیکی سەهەند هەناسەیەکی نوێ لەنێو مۆسیقای کوردی

**گروپی میوزیکی سەهەند لە ساڵی ٢٠٠٠ لە شاری سلێمانی دامەزراوە و چەندین گەنجی میوزیکژەن ئەندامی ئەو گروپەن و تا ئێستاش ئەو گروپە لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات چەندین چالاکی گرنگیان پێشکەش کردووە و لە کارکردنیش بەردەوامن و لە ئێستادا خەریکی خۆئامادەکردنن بۆ نمایشکردنی کۆنسێرتی هونەرمەند دیاری قەرەداغی لە شاری هەولێر، جگە لەوە کۆنسێرتیان بۆ چەندین هونەرمەندی دیکە کردووە، هەروەها لە ماوەیەکی نزیکیشدا ئەلبوومی نوێی گروپەکە بڵاو دەبێتەوە، بە پێویستمانزانی چەند ئەندامێکی ئەو گروپە بدوێنین...**

**ئا: تیمی بەدرخان - سلێمانی**

لەسەرەتادادیاربەکر لەدایکبووی ١٩٧٠/١٢/١٦ و ژەنیاری درامس لە گروپی میوزیکی سەهەند دەربارەی چالاکییەکانیان گوتی: گروپی سەهەند گروپێکی زۆر زۆر ئەکتیڤە، لە هەموو بوارەکان خۆی دەگونجێنێ و لە هەموو بەرنامەکان دەستی هەیە، بەتایبەتی بەرنامەکانی کوردستار، کە دەتبینی ٦-٧ئامێری سەرەکی بەدەست ئەندامی گروپی سەهەندەوە بوو، بەرنامەکانی تر و کۆنسێرتەکان، ئێمە ئالەتەکانمان زۆر جوان و گونجاوە.

دەربارەی ژەنیارانی درامس دیار گوتی: جگە لەمن ٢ درامەرین، خۆی ٣ین، بەڵام دانەیەکمان ئێستا گەشتی کردووە، بەڵام بەزۆری من و کاک سەرجۆن بە تەنسیق کاردەکەین.

لەبارەی کارکردن لە فۆلکلۆر گوتی: یەکێک لە ئیشە هەرەجوانەکانی گروپی سەهەند کە کردی ئەوەبوو مۆسیقا فۆلکلۆرییەکانی بە ستایلێکی تازە و جوان پێشکەشی جەماوەر کردەوە، دەمێکە من لەگەڵ گروپی ڕۆژئاواییدا ئیش دەکەم، گروپە ڕۆژئاواییەکان بەهۆی زروفی عەسکەرییەوە کەم بوونەوە، ئامێری ئەلکتریکیش هاتە پێشەوە، سکۆنسەر و ئیقاعی ئەلیکترۆنی و ئەوانە، وردە وردە گیتار و باز و درام و ئەوانە کەم بۆوە، چەند کەسێک هەبوون بە پەنجەی دەست دەژمێردران، یەکێک لەوانەی کە زۆر زۆر دیاربوو پشکۆ مستەفا بوو، تەنها لە گیتار ئیشی دەکرد، کۆمەڵێک برادەری دیکە، کە گروپی سەهەندیش لە ساڵی "٢٠٠٠"ەوە دروست بوو، ئیتر لەو کاتەوە گروپی ڕۆژئاوایی هاتەوە مەیدان و گروپی سەهەندیش بوو توانی پاش "١٥-١٦" ساڵ من بێنێتەوە بواری میوزیک.

دوابەدوای ئەوانە بڵند قەرەداغی سەرپەرشتیاری هونەری گروپی میوزیکی سەهەند لەبارەی ئامانجی ئەو گروپە لە سازکردنی کۆنسێرت و بڵاوکردنەوەی سیدی گوتی: بەر لە هەموو شتێک ئامانج خزمەتکردنی هونەری کوردییە، هەر گروپەو شێوازێکی خۆی هەیە بۆ خزمەتکردنی هونەری کوردی، ئێستا لەناو گۆرانی و مۆسیقای کوردیدا چەندەها تەیاری جیا جیا دروست بووە، گروپی سەهەندیش کە لە سەرەتا دروست بووە، لە سەرەتای دروست بوونییەوە ستایلێکی هەبووە و زیاتر بە گروپێکی ڕۆژئاوایی یان جاز ناسراوە، لەبەرئەوەی زۆربەی ئامێرەکانی وەکو گیتار و ئالەتە هەواییەکانی وەکو سەکسیفۆن و کلارنێت و درامز و بێس گیتار و پێرکێشن و ئەو ئامێرانە زیاتر ئیشیان کردووە، ئالەتی کەمان لەگەڵیان وەکو ئامێرێکی یارمەتیدەر بووە، واتا پڕکردنەوە بووە بۆ ئەوان، بەڵام لەم ساڵانەی کۆتاییدا توانیمان شێوازەکان فراوانتر بکەین، هەم ئەو ستایلەی خۆی مایەوە، هەروەها توانرا چەند ئیشێکی دیکە بکرێ بەدەر لەوە، بۆ نموونە چەند ئیشێکی شەرقی کراوە، ئێمە ئەوەل و ئەخیر کوردین و ڕۆژهەڵاتین، ئیشەکانمان ئیشی کوردییە ناتوانین بڵێین ئیشی ترە، ڕاستە ستایلەکە دەچێتەوە بەلای ڕۆژئاوادا، بەڵام ئیشەکان ئیشی کوردین و ئیشی کوردیش دەکەین، چونکە هونەرمەندەکان هەموویان کوردن، ئامانجەکە ئەوەیە چەند ئیشێکی جوان بکرێ بە شێوازی ئەم گروپە، شێوازی ئەم گروپەش لەو ساڵانەی کۆتایی بەرفراوانتر بوو، من بەشبەحاڵی خۆم توانیم هەندێ کار بکەم کە وەزعەکە فراوانتر ببێ، بۆ نموونە کۆنسێرت بۆ گۆرانیبێژەکان کرا، گۆرانیبێژەکان گۆرانی کوردیان گوتووە، توانیومان هاوشانی ئەو تیپە ئەو کارانە بکەین، واتا بە مانایەکی دیکە ئێمە وەکو ڕۆژئاواییەکیش میکسێکی جوانمان دروست کردووە بۆ ئەم شێوازە.

دەربارەی نوێکردنەوەی کارە فۆلکلۆرییەکان و بنەمای کارکردنیان سەرپەرشتیاری هونەری گرووپەکە گوتی: دیارە زۆربەی ژەنیارەکان بە زانستی فێربوونە و زۆربەیان مامۆستای پەیمانگا بوون و ئێمەش بەپێی ئەو ئیمکانیاتەی هەمان بووە، گوێگرتن و موتابەعەیەکی زۆرمان بۆ کارەکانمان، ئەوەی کە ئیشمان کردووە و تەجروبەی ڕابردوومان کە بە ئەزموونێکدا هاتووین، توانیومان ئەو کارانە بە ئەنجام بگەیەنین، هەوڵیشمانداوە گۆرانی کوردی کە بە شێوەی ڕۆژهەڵاتی ئیش دەکەین و ئامێرەکانمان ڕۆژئاواییین، هەوڵی میکسێکی جوانمان داوە و چەندەها ئیشمان کردووە کە مۆرکی ڕۆژهەڵاتی جوانیش هەبێ بەم ئامێرە ڕۆژئاواییانە، هەوڵی تازەکردنەوە و تازەگەریمان داوە لە کارەکانماندا، تا توانیبێتمان بەپێی ئیمکانیات و هێزی خۆمان ئەو کارانەمان بە ئەنجام گەیاندووە، جا لای خۆمان ئیشەکان ئاوا بە دەستەجەمعی دەیکەن، ئەوەی تریش دەکەوێتەوە سەر گوێگر کە ئایا چەند گوێگر دەبێ بۆ کارەکانی ئێمە.

ئالان محەمەد سدیق لەدایکبووی ١٩٨٥ەو دەرچووی پەیمانگای هونەرەجوانەکانە و لە ساڵی "٢٠٠٦"ەوە لەگەڵ گروپی سەهەند کاردەکاو ژەنیاری ئامێری فلوتە، لەبارەی هەوڵدانی ئەو گروپە بۆ نمایشکردنی مۆسیقا بە شێوەیەکی ئەکادیمی ئالان گوتی: تاڕادەیەکی باش هەوڵمانداوە ئەو شتە بکەین، ئەگەر تاڕادەیەک کەمی پێوەدیاربێ هەوڵدەدەین زیاتر ئیشەکان بەرەو زانستی بەرین، بەپێی توانای خۆشمان هەوڵمانداوە ئیشەکانمانزانستییانەبێ.

ئالان دەربارەی کاری تایبەت بە فلوت گوتی: لە کۆنسێرتی ڕابردوو نمایشێکم هەبوو تایبەت بەخۆم بوو، ئیشێکم بوو دێمان نابووەوە، لە داهاتووشدا بەنیازین ئیشی زیاترمان هەبێ وەکو ئامێری سۆلۆ لەگەڵ ئەو تیپەدا.

لە کۆتاییشدا هێرش عەبدولڕەحمان سەرپەرشتیاری گروپی میوزیکی سەهەند دەربارەی کارەکانیان گوتی: دوای کۆنسێرتەکەی دیاری قەرەداغی، ماوەیەکی زۆر خەریکی کارکردن بووین لەسیدییەکی هۆمەر دزەیی و تەواومان کردووە و بەمنزیکانە بڵاودەبێتەوە و لە "٧" تراک پێکهاتووە، کە چەند گۆرانییەکی تایبەتی هۆمەر دزەییە، دوای ئەوەش ئێمە ئەلبوومێکی خۆمان هەیە، کە ئەلبوومێکی میوزیکە، هیوادارین لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەویش تەواو بێ، بە نیازیشین لە مانگی "٩"دا لەسەر بانگهێشتی وەزارەتی ڕۆشنبیری لە هەولێر کۆنسێرتێک بۆ دیاری قەرەداغی ئەنجام بدەین، لە مانگی "١١"شدا بەنیازین میوانداری دوو گۆرانیبێژی وڵاتی سوید بکەین بۆ سلێمانی.

دەربارەی پاڵپشتی و هاوکارییەکانی گروپەکەی هێرش گوتی: پاڵپشتی ڕاستەوخۆی ئێمە کەناڵە ڕاگەیاندنەکانە، یان شوێنی تایبەت هەیە بۆ هاوکاری کردن، یان لە لایەن شوێنە هونەرییەکانەوە هاوکاری دەکرێین.

جێی ئاماژەیە گروپی میوزیکی سەهەند ڕۆژانە لە بارەگای دەزگای چاپەمەنی خاک پرۆڤەی ڕۆژانەی خۆیان دەکەن و چەندین گەنجی مۆسیقی ئەندامی ئەو گروپەن.


گرووپی موزیکی سەهەند - سلێمانی ٢٠٠٩

## ڕۆژانێ بوو
## زنجیرەیەک لە بیرەوەریەکانم ٤٢

– هەڵسوکەوتی دووەمم لەو کارە سەرەڕۆیانەی دەدرێتە پاڵ حاڵەتی گەنجێتی و لێبووردنی بۆ هەیە، ئەویش مجازەفەیەکی تر بوو کردم، لە 1969/2/25 کە تازە خەریک بوو خاک نێر بێ و بەفر زۆر بە تەنکی لە پاڵ شاخ و بەرزاییەکاندا پەڵە پەڵە بوو، لە دوورەوەشدا لە دامێنەکانی چەشنی کەوڵە پڵنگ خۆی دەنواند، گولیلکەی ساوا تاک تاک سەرەتاتەکەیان دەکرد لێرە و لەوێ... بۆنی بەهارێکی نزیک هەناسەی قووڵی پێ هەڵدەکێشاین، لە ناو شارۆچکەی "هیران"دا جموجۆڵی هاتوچۆ و ژیانێکی ئاڵ و واڵاتر وەدیار دەکەوت خورپەی دیدەنی ئازیزان و غوربەت و دووری وردە وردە بڵێسەی ئاگرێکی تازەی سەر هەڵداو لە ناوەوەماندا جینگڵی دەدا، دوو قۆڵی و سێ قۆڵی ئەو پێشمەرگانەی لە ناوچەی هێزی سەفین بوون یان مامۆستایانی شۆڕش کە لە یەک بنکەدا بووین قسەو باسی دەسووڕایەوە کە چۆن مۆڵەت وەرگرین و بچینەوە بۆ نێو شەقڵاوە کە زۆربەیان ماڵیان لە شەقڵاوە بوو، جا منیان لە خۆیان جیا نەکردەوە ئەگەرچی من خەڵکی هەولێر بووم، "محەمەد ئەحمەد بەگ"کە ئەویش مامۆستای شۆڕش بوو لە هیران و خەڵکی شەقڵاوە بوو یادی بەخێر لە هەفتاکان خۆی کوشت بەداخەوە. پێی گووتم. ئێمە کۆمەڵێک پێشمەرگەین نیازمان وایە مۆڵەت وەرگرین و لەسەر مەسئولیەتی خۆمان بچینەوە سەردانی خاوخێزانەکانم بکەین لە شەقڵاوە تۆش وەک برایەکی ئێمە و تۆ لە خۆمان جیا ناکەینەوە لەگەڵ ئێمە وەرە و لە ماڵی من تا سێ چوار ڕۆژ دەمێنەوە دواتر دەگەڕێینەوە بۆ بنکەکانی خۆمان، منیش هەر بە تەبیعەت حەز لە سەفەر دەکەم ئەگەر مردنیشی تیا بێ هەرپێم خۆشە، پێم گووت ئێ من تازە لە مجازەفە کردنێکی تر گەڕاومەتەوە کە چوومەتە کۆیە و گەڕاومەتەوە ئێرە. پاشان چۆن مۆڵەتم پێدەدەن. دەنا زۆرم پێخۆشە، خوالێخۆشبوو "محەمەد" گووتی خەمت نەبێ ئێمە کۆمەڵێکین بۆ مۆڵەت وەرگرتن ناوی تۆش لەگەڵ ناوەکانی خۆمان دەنووسین و دوو قسەی چاکت بۆ دەکەین و ڕێگات پێ ناگرن.


موحسین ئاوارە

بەڵێ مۆڵەت وەرگیرا ئەو ناوانەی لە یادم مابێ کە زۆربەیان خەڵکی شەقڵاوە بوون، لەوانە هەندێکیان بە ژیانەوەن و هەندێکیان شەهید و لەژیان نەماوەن لە وانە "محەمەد ئەحمەد بەگ- سابیر خەجەخێڵ- سید عەلی سید مستەفا- نوری مەتی- ڕواڵ ئیبراهیم- حوسێن سەید تالیب- نەبی سەر ئاسن- ئەحمەد زەخێ- محەمەد ئەحمەد... هتد" لەگەڵ چەند ناوێکی تر لە بەرەبەیانی 1969/2/25 بە پای پەتی لە هێرانەوە بەرێ کەوتین تا گەیشتینە سپیگرە زۆر بە ئاسایی و بە بنکەو ناوچەکانی "پ. م" و گوند و هەوارە ئازاد کراوەکان تێپەڕ دەبووین، بەڵام لە سپیگرەوە هەڵوەستەمان کرد و ئێوارەمان بەسەر داهات و خۆمان تاخیر کرد تا لە سێرەی تۆپەکانی سەربازانی دامین چیای سەفین بە دووربین با لە باسەکە دوورتر نەکەومەوە، بوو بە شەو و دنیا تاریک داهات لە دوورەوە چەق و شەباقە و جولەی ڕووناکی گڵۆپە داگیرساوەکانی ناو شەقڵاوە سەرمەستی کردین، چونکە ئەو ڕووناکیەی ئێمە لە ناو شۆڕش فانۆس بووە. ڕۆیشتین و خەڵکی شارەزامان لەگەڵدابوون، تاک تاک کە هەموومان چەکدار بووین بە دامێنی بەرزاییەکانی سەفین و لە نێوەندی ڕەبایە نەبینراوەکانی سەربازان و بەلای دەستە ڕاستیشمان لەسەر بەرزاییەکانی سۆرکێ بەرامبەر بە چیای سەفین ڕەبایەی جاشەکانی بەسەرەوە بوو، لە ڕۆیشتندا هەناسەمان لە خۆمان بڕیبوو بەبێ دەنگی و ترسێکەوە زیاتر خۆمان دەدایە پەنا شاخ و ترسی ئەوەمان هەبوو نەوەک بەسەر کەمینێک داکەوین، لە جاشەکان دڵنیا بووین چونکە جۆرە ڕێکەوتنێک لە نێوانی "پ، م"و ئەوان هەبوو کە هاوکاریان دەکرد نەک دوژمنکاری هەر چۆنێک بێ بەسەلامەتی و بێ تەقەو گرفت لە سەعات "10" شەو لە ناو شەقڵاوە لە بێترمە لە گەڕەکی مەسیحیەکان گیرساینەوە "نوری مەتی"چۆوە ماڵی خۆیان ئێمەش هەموومان لێک دابڕاین و هەر یەکێک بەرەو ماڵی خۆیان منیش لەگەڵ خوالێخۆشبوو "محەمەد ئەحمەد بەگ" شۆڕبووینەوە بەرەو ماڵی ئەوان لە پەنا دیوار و تانۆکی ماڵەکانەوە سیلەمان ئەدایێ و بە هۆشیاریەوە دەڕۆیشتین نەوەک لە پەناو پەسێوە تاریکەکان کەمینی چەکدارانی ڕژێم و ئەمن و ئیستخبارات تووشمان بێت، لە سەعات "10،5" لە ماڵ بووین. ماڵێکی زۆر جەربەزە و چاو نەترس بوون بە ژن و پیاوەکانیانەوە "سابیر "برای "محەمەد" لەو ماڵەوە ناسیم چەکدار بوو، واتە پێشمەرگەی ناو شار بوو، بە داخەوە لە هەشتاکان ڕژێمی بەعس لە شەقڵاوە لەگەڵ چەند کوڕانێکی تری دڵسۆز دەستگیریانی کردو دەستریژیان کرد و شەهید بوو.

بۆ بەیانی پانتۆلێک و کراسێکم لەبەر کرد و گووتم یەکێک لە گەڵمدا بێت دەچمەلای "جەمیل کاوێس ئاغا"کە چێشتخانەی هەبوو بەڵکو لە ڕێگای سایق "پەلیک" ناوێک دراوسیمانە لە هەولێر هاتوو چۆی ڕەواندوز و هەولێر دەکات خەبەر بۆ ماڵەوەمان بنێرم بێنە شەقڵاوە، کە چووینە لای "جەمیل کاویس" گووتی ئێوارە "پەلیک" دەگەڕێتەوە لە ڕواندوز لە لای من دادەبەزێ دەیهێنمە ماڵی ئەحمەد بەگ. ئیشەکە هەر وا کەوتەوە. مەلیک هات یەکترمان ماچ کرد و پێم گووت بەیانی ماڵەوەمان بهێنە لای کاک جەمیل ئەو بۆ ئێرەیان دەهێنێ. بۆ بەیانی ڕۆژی دواتر باوکم و دایکم و براو خوشکەکانم هەموویان بە دەست و دیارییەکی زۆرەوە لەگەڵ "جەمیل کاوێس ئاغا" هاتنە ماڵی ئەحمەد بەگ. چەند ناخۆشە ساڵێک زیاتر نە دایک و باوک و خوشک و براکانت نەدیبێ لە پڕ لێت بە ژوورەوە کەون ئەو باوەشە گەرم و فرمێسکە گەرم و دیدارە گەرمانە بە تایبەتی بۆ کوڕێکی وەک من تازە تەمەنم هەژدە ساڵان بوو بەڵام بە دەن و مێشک و هەڵسوکەوت گەورەتر لەو تەمەنە ئەو ماڵە بە حورمەتە هێندە خزمەتی من و خاوخێزانەکەمیان کرد لێنەگەڕان تا من دەگەڕێمەوە لەگەڵ کوڕەکەیان بۆ هیران کەس و کاری من بگەڕێنەوە هەولێر. ئەو خەڵکە ئەوسا هەموو لایەک دڵسۆز و هاوکاری یەکتری بوون بە دەگمەن پیاو خراپ و سیخوڕ و جاسوس و دووفاقی و زمان خراپ هەبوون. هیچ بەرژەوەندیەک لە ئارادا نەبوو جگە لە گیانی کوردایەتی بەڵێ دوای سێ ڕۆژو شەو مانەوەمان و حەسانەوە و بەدیداری یەکتر شادبوون بە هەمان شێوەی پێشوو لە ئێوارەیەکی درەنگ وەخت بە هەمان ڕێگای بناری چیای سەفین لەگەڵ گشت ئەو هاوڕێ و برایانەی پێشوو کە نزیکەی "12" نەفەر بووین گەڕاینەوە بە سەلامەتی بۆ بنکەکانی خۆمان لە هیرانی جوان و دڵگیر.

# حەمەی مەلا، بیرەوەرییەکانی چاپ کرد


حەمەی مەلا

**ئا: باوکی سینەم**

لەم رۆژانەی رابردوو، محەمەد ئەحمەد قادر ناسراو بە"حەمەی مەلا"لە سلێمانی لەساڵی ١٩٣٧ لەدایکبووە، پێشڕەوی سەید برایم لە پێشەکی کتێبەکەی"بیرەوەرییەکانم" دەنووسێ:" من چێژێکی زۆرم لە بیرەوەرییەکانی کاکە حەمە وەرگرت، بەتایبەتی لە بوارە کۆمەڵایەتییەکانی و لە بەسەرهاتە تایبەتییەکاندا".

هەروەها کاکە حەمە سەبارەت بە بیرەوەرییەکانی دەڵێ: بیرەوەرییەکانم ئاوێنەی رۆژگاری منداڵی و ئێستامن. بریتین لەو رۆژانەی پێیاندا تێپەڕیوم و لە هەموو بەسەرهاتەکانی بەشدار بووم. لەبەرئەوەی ژیانی ئاسایی نەبووە، واتا ژیانێکی ناخۆش و پڕ لە ئەشکەنجەو برسی و رووتی و کوێرەوەری بووە. بۆیی جیاواز بووە لە ژیانێکی ئاسایی. هەر بۆیە ویستم بیخەمە سەر کاغەز، خۆ ئەگەرچی رەنگە هەزارەها خەڵکی هەژار و لێقەوماو هەبن، بەڵام لەتەک ئەوەشدا ژیانەکەی من زۆر تایبەت بوو، بۆیە نووسینەوەی بەلای من کارێکی گرنگ بوو. هەوڵدەدەم راستگۆیانەو هەمە لایەنە بیرەوەرییەکانم بنووسمەوە.




## پاڵتۆکەی میری گەزیزە چۆن و بۆ نمایشکرا

# گەزیزە عومەر: سوپاسی ئەو بەڕێزانە دەکەم لەهاوڕێکانمەوە تا سەرووتریش کەهەوڵیاندا هاوکاریمان نەکەن

**ئا: تیمی بەدرخان لە سلێمانی**

دوابەدوای ئەوەی لە رۆژانی ٩و٢٠٠٩/٨/١٠ شانۆگەری پاڵتۆکەی میر لە لە نووسینی عەبدولئەمیر شەمخی و وەرگێڕان و بەرجەستەکردن و دەرهێنانی گەزیزە عومەر لە شاری سلێمانی نمایش کرا، ئەو شانۆگەرییە تاراددەیەکی باش دەنگۆی دایەوە، بۆیە بە پێویستمانزانی رای گەزیزە خۆی و چەند هونەرمەندێک وەربگرین....

لە سەرەتادا جەلیل زەنگەنەی دەرهێنەر گوتی: ئەگەرچی نەخۆشیش بووم، بەڵام گوتم با ئەو شانۆگەرییەم لە کیس نەچێ، هی هاوڕێی خۆشەویستم مامۆستا گەزیزە بوو، کە لای من رۆڵی جوان و سەرەکی بینیوە، یەکێکە لەو ئەکتەرانەی شانازی پێوە دەکەم و عاقڵانە و زیرەکانە ئیش دەکا، لە هەمان کاتدا کە چووم گوتم بزانم ئاستی لەگەڵ جاران چۆنە، سەیرمکرد هەنگاوی ناوە و شتی جوانی کردووە و هیلاک و ماندوو بووە، بە تەنیا خۆی نزیکەی ٥٠ دەقە لەسەر ئەو شانۆیە بە حیوار و دەرهێنان و نواندن فعلەن کارێکی قورس و گرانە، تۆ بتوانی رەفتار لەگەڵ پاڵتۆیەک بکەی بەو شێوەیە، شایانی رێزلێگرتن و خۆشەویستی و حورمەتە، بەڕاستی ئافرەتێکە چ وەک نووسین چ وەک دەرهێنان چ وەکو نواندن یەکێکە لەوانەی شانازی پێوە دەکرێ و دەبێ هانبدرێ و پشتگیری لێ بکرێ، کە ئەکتەرێکی وا پایەبەرزمان هەیە، لەبەرئەوە هەستمکرد شانۆگەرییەکەی شانۆگەرییەکی رێک و پێک و جوان بوو، پڕ بوو لە مەسەلەی جوان و حیواری جوان، کە توانیبووی سەیتەرە بکات و تا راددەیەکی باش توانیبووی سەیتەرە بکاتە سەری، هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازم.

هەروەها هونەرمەند و رەخنەگر یاسین قادر بەرزنجی دەربارەی پاڵتۆکەی میر گوتی: ئەگەر باسی پاڵتۆکەی میر بکەین، کە دوانمایشە دیومانە لەو هەفتەیە، من لێکدانەوەیەکی دیکەم هەیە بۆی و لە ئاڵای ئازادیشدا لە گۆشەکەی خۆم "ریتم" نووسیومە، بە بڕوای من گەزیزەخان یەکێکە لەو هونەرمەندانەی بەردەوام ئامادەبوونێکی باش و ئەکتیڤی هەیە لە بزووتنەوەی شانۆی کوردیدا، دەشزانێ چی هەڵدەبژێرێ تا کاری تیابکا، گەزیزە ئەزموونی دیکەی هەیە لە بواری مۆنۆدراما، پێویستە رەخنەگری کورد بە کارەکانی گەزیزەدا بچێتەوە، ئینجا تێزێکی رەخنەیی باش بێنێتە ئاراوە، دەربارەی ئەو کارە.

دەربارەی ئەوەی نووسینی وتارێک کافییە بۆ شانۆگەرییەکی وا، یاسین بەرزنجی گوتی: نەخێر من دەڵێم ئەوە رایەکە کە ئاماژەم بەو وتارە کرد، من مەبەستم ئەوەبوو بڵێم گەزیزەخان سەلماندییەوە ئەکتەرە بەتواناکەیە، دەرهێنەرێکی وریا و خاوەن بەخششە، لەو شانۆگەرییە ئەو زیاد لە ئەرکێکی لە ئەستۆ گرتبوو، یەکەم ئامادەکاری تێکستە عەرەبییەکەی عەبدولئەمیر شەمخیە، پاشان دەرهێنەر و داڕێژەرەوەی سینۆگرافیایە بە هاوکاری تیمێک لە هونەرمەندە هاوکارەکانی تیپەکەی، پاشانیش لە بەرهەمی مۆنۆدراما ئەوەی دەبێتە گەورەترین هونەرمەندی دیار لە نمایشدا ئەکتەرە، بە بڕوای من مافی خۆی دابوو بەو کارە، توانیبووی لە چەند لایەنێکەوە رەهەندەکانی ئەو کاراکتەرە نیشانی بینەری خۆی بدات، بەڕاستی گەزیزەخان یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کە هەمیشە جێگای تەقدیر و دەستخۆشییە لەلایەن ئێمەی شانۆکارەوە، پێویستیشە رەخنەگری کورد قسەی جدی بکا لەسەر ئەم جۆرە شانۆیە، کە مۆنۆدرامایە و ماوەی چەند ساڵێکە ئامادەبوون و دەرکەوتنەوەی هەیە لە شانۆی کوردیدا، بە گشتی نمایشە شانۆییەکان قسەیان لەسەر دەکرێ.

دوابەدوای ئەوانیش گەزیزە عومەر دەربارەی هۆکاری هەڵبژاردنی ئەو دەقە گوتی: بێگومان ئێمە کە لە بواری هونەری شانۆ کاردەکەین، بەردەوام بەدوای ئەو بابەتانەدا دەگەڕێین کە پرسیارمان لا دروست دەکا، پاش ئەوەی ماوەیەک هاوڕێیەتی من لەگەڵ "ئەمیر شەمخی" کە بە یەکەوە خوێندکار بووین لە ئەکادیمیای هونەرەجوانەکان، دواتر کە چووە کەنەدا و لەوێ نیشتەجێ، بەردەوام لەرێگەی ئینتەرنێتەوە پەیوەندیمان هەبوو، ئەمیر نووسەرێکە لە نووسەرە باشەکانی عێراقی و لە بواری نووسینی دراما شانازی پێوە دەکرێ، لەرێی ئینتەرنێتەوە ئەو دەقەی بۆ ناردم، پاشان کە دەقەکەم خوێندەوە زۆر سەرنجی راکێشام و بووە جێی ئەوەی پرسیارم لەلا دروست بکا، داوام لێکرد کە رێگەم بدا وەریگێڕمە سەر زمانی کوردی و کاری تیابکەم، زۆر بەلایەوە پەسند بوو و رەزامەند بوو، دواتر ئاگادارم کردەوە کە ئەو کەسایەتییەکەی بۆ پیاو نووسیوە، ئاخۆ بەلاتەوە چۆنە ژنێک نواندنی تیا بکا، بێگومان ئەمیر تواناکانی منی دەزانی و زۆر لە ئاست وەڵامەکەمدا بێ دەنگ بوو، ماوەیەک هەر وەڵامی نەدامەوە، گوتی پرسیارێکت لێکردووم ناتوانم وەڵامی بدەمەوە، پاش ئەوەی وەڵامی دایەوە گوتی بەمەرجێک مادام شتەک هەر بە ئەمانەت لە نێوانماندایە پێمخۆشە ئەگەر تۆ دڵی منیش راگری ئەو ئافرەتەی نواندنی تیا دەکا تەنها خۆت بی، دەتوانم بەوە رازی بم، ئەگینا ئەوەم بۆ پیاو نووسیوە، بەهەرحاڵ گوتم دەرهێنەرێکم و بۆ خۆم ئازادم، بەڕاستی بیرم لێکردەوە کە رۆڵی تیا ببینم، هەرچەندە دوای ئەو بڕیارە حەزمکرد ئەکتەرێکی پیاو رۆڵی تیا ببینێ، بەڵام نەگەیشتینە ئەنجام، بۆیە بڕیارێکی زۆر حەتمیمدا لەگەڵ خۆم کە دەبێ خۆم تەمسیلی ئەو کەسایەتییە بکەم، بگەڕێمەوە بۆ دوو ئەزموونەکەی ترم، ئەزموونی مۆنۆدرامای "دار تووەکە و سروودی خۆشەویستی"، ئەوەبوو بڕیاری کۆتاییمدا هەرچەندە هەستمکرد ماندووبوونێکی زۆری پێوە دیارە و بڕیارێکی زۆر زۆر گرانە، بەڵام بۆ خۆشم بۆ نواندن پێویستم بەوەبوو جارێکی تر وەکو ژنێکی شانۆکار و ئەکتەر دەنگێکی تر هەڵبڕمەوە لەسەر شانۆ.

*** ئەوانەی کارەکەیان بینیوە بەشێکیان پێیانوایە کارێکی زۆرجوان و دانسقەت کردووە، بەشێکیشیان پێیانوایە لەسەر تەختەی شانۆ هەست بە بۆشایی کراوە و بینەر تووشی مەلەل بووە بەوەی لەسەر یەک ستایل رۆیشتووی، قسەت چییە؟**

– تەبعەن زەمەنی بیرکردنەوە لەم دەقە وەکو دەقێکی ئەدەبی و وەکو کاری نمایشیش زەمەنێکی دوور و درێژی هەیە، باس لە چیرۆک و بەسەرهاتی پاڵتۆیەک دەکا کە بەبێ زمان ئەو گۆڕانکارییانەی لە ژیانی خۆی هەیە بۆمان بگێڕیتەوە، پاڵتۆ بۆتە کەسایەتی و پاڵەوانێک لەو دەقەدا، هەندێ جار ئەگەر دەقێک بۆ خۆی لایەنی کۆمیدی تیا نەبێت، رەنگە گران بەلای دەرهێنەرێکەوە بتوانێ ئیشارەت بدا بەو شتانەی نووسەرەکە خۆی مەبەستی نەبووە لەوەی بیپێکێ، هەموو کاتێک من کە کارێک دەکەم لە بواری دەرهێناندا، بەڕاستی مەبەستمە بزانم ئەو نووسەرە چی دەوێ لەم دەقە کە دەریبڕێ، مەسەلەی پانتایی شانۆ لەوانەیە بۆشاییەک هەبووبێ من پێتدەڵێم هیچ کارێکی هونەری بەدەر نییە لە کەموکوڕی و من زۆر بە دڵێکی فراوانەوە هەموو ئەو بۆچوونانە وەردەگرمەوە، لەوانەیە


هونەرمەند گەزیزە لە مۆنۆدرامای (پاڵتۆکەی میر)

سوودێکی باشتریشی لێ وەربگرم، لەبەرئەوەی هەستدەکەم "پاڵتۆکەی میر" دەبێتە هاوڕێیەکی بەردەوامم، لەبەرئەوەی "٢–٣" پرۆژەی کارکردنی دیکەم هەیە، بۆ نموونە ٦ی مانگ من لە بەریتانیا نمایشی دەکەم، دواتر چەند وڵاتێکی دیکەش هەن لەگەڵیان لە پەیوەندیدام و بۆ فێستیڤاڵی مۆنۆدراما و خوێندنەوەکانیش هەموو کەسێک ئازادە، بەڵام مەسەلەی تراژیدیا لەم دەقە هەبووە، بەڕاستی مولکیەتێکی گەورەی نووسەر خۆی بووە، نەمتوانیوە دەستکاری هێندێ حاڵەت بکەم، کە لەوانەیە لە جوانی دەقەکەی بشێواندایە، بە نەزەری خۆشم گۆڕانکاری زۆر هەبووە لە کەسایەتییەکاندا، کە لە رێگەی ئەو پاڵتۆیەوە بەرجەستەکراوە، بۆ زانیاری زیاتریش ئەو دەقە گەر دوای وەرگێڕان لێیم نەبڕیبا نزیکەی ٢ سەعاتی دەخایاند لەسەر شانۆ، دوای گۆڕانکارییەکی زۆر و بڕینێکی زۆر لە حیوارەکان توانیومە بیگەیەنمە ٤٥ تا ٥٠ خولەک.

*** ماوەیەکی زۆربوو خەریکی ئەو کارەبوون، هۆکاری دواکەوتنی نمایشەکە چی بوو؟**

– ئێمە لە سەرەتادا کە پێشوازیمان لە ئامادەبووانی بەڕێز کرد داوای لێبووردنمان لێکردن، کە دەبوو ئەو شانۆگەرییە لە کاتی خۆیدا نمایش بکرێ، بەڵام لە کۆتایی رۆژانی پرۆڤەدا کە دەبوو نمایشی بکەین، ئەوەبوو خوالێخۆشبوو باوکم مامۆستا عومەری عەلی ئەمین کۆچی دوایی کرد و کارەکە وەستێنرا، هەر ئەوەش هۆی سەرەکی بوو کە توانیم ئەو شانۆگەرییە پێشکەشی رۆحی ئەو بکەم، لەبەرئەوەی لەماوەی کارکردنما ئەو کارەساتە گەورەیە کاری تێکردم، مەسەلەی نواندنیش میزاجە، من ماوەیەکی زۆر کەسێکی ئاسایی نەبووم و نەهاتبوومەوە سەرخۆم و پێویستم بەوە هەبوو لایەنی دەروونیم زۆر ئارام بێتەوە، لەبەرئەوەی تەنیا کاری دەرهێنان نەبوو، کاری نواندنیش بوو، نواندنیش زۆر پێویستی بە حاڵەتی دەروونی و میزاجی ئەکتەرەوە هەیە، ئەوەبوو دوای ٦ مانگ لە مەرگی باوکم سەرلەنوێ کارەکە بە ئەنجام بگەیەنینەوە.

*** لە کۆتایی ڤۆلدەری پاڵتۆکەی میر نووسراوە "شانۆکارێکی ماندوو" لەچی ماندووی؟**

– ماندووم لە زۆر رووەوە، ماندووم لەوەی کە زۆر زەحمەتە و هەموو کاتێکیش ئەوە دەڵێم زۆر زەحمەتە ژنێک بیت و دایک بی و بەرەنگاری هەموو ئەو قورسیانەی ئەو ژیانە ببیتەوە، کە لەم وڵاتەدا کە رەنگە ئەوانەی زۆرجار رێگر دەبن کە ماندوو دەبن ئەزیز و دڵسۆزەکانی خۆت بن، ئەندامەکان و هاوڕێکانی خۆت بن، لەبەردەمتا دەبنە رێگرێک دەبێ تۆ بتوانی چەند بازبدەی بۆ ئەوەی رێگرەکە ببڕی، لەسەرووی ئەوانەوە لەوانەیە دەسەڵاتێکی لەتۆ گەورەتر رێگە نەدا زۆر شت بە ئاسانی بکەی، بۆ نموونە کارێکی وا دەکرێت ناچاری ٢–٣ رۆژ نمایش بکەی، لەبەرئەوەی مەسەلەی ریکلامت زۆر کەمە و زۆر ماندوویت و لە وڵات و شارێکدای هۆڵەکان لە ئاست خۆزگەی تۆدان، بۆ نموونە من لەوەتەی لەم وڵاتە هەتا ئێستا کە شانۆگەریم کردووە نە لایەنی رووناکی نە لایەنی دیکۆر و نە لایەنی تەکنیک لە ئاست خۆزگەی خۆما نەبووە، یانی تۆ هونەرمەندێکی شانۆکاری بەردەوام هەژاری هەر خۆت و جەستەو دەنگی خۆت لەسەر شانۆیە، شتەکان وەک پێویست لە خزمەتی تۆدا نین کە بتوانێ تۆ دەوڵەمەندکا، ئەمە وەکو کاری پرۆژەو تەکنیک و هونەر و بیرکردنەوە، وەکو لایەنی کۆمەڵایەتی بەڕاستی من لەهەموو ژیانی خۆمدا خۆم بە کەسێکی زۆر ماندوو دادەنێم و تا ئێستا بەقەدەر ماندووبوونی خۆم لەپێکەنین و چەپڵەی جەماوەر زیاتر هیچ شتێکم نەبینیوەتەوە، هەر ئەوەشە وایلێکردووم زەردەخەنەی منداڵێک واملێ بکا ماندووبوونەکانی خۆم بسڕمەوە، ئەگینا بەڕاستی زۆر ماندووم.

*** دوای "١٠" ساڵ دابڕان لە نواندن لەسەر تەختەی شانۆ، هەم دیسان گەڕایتەوە سەر تەختەی شانۆ، بۆ؟**

– تەبعەن گوتم ئەوە کاری مۆنۆدرامایە، من ئەگەر تەندروستیم باش بێ، حەزدەکەم بەردەوام بم لە بواری نواندنی مۆنۆدرامادا، بەداخەوە دوو رۆژی نمایش باری تەندروستیم زۆر خراپ بوو، هەستمکرد دەنگم زۆر خراپە، لەبەرئەوەی تووشی هەڵامەت و کۆکە بووم، کە ئەمەش هەر ئەنجامی ماندوو بوونە، کە تۆ لە هۆڵێکدا پرۆڤە دەکەی لە گەرمادا پاڵتۆ و دەستکێش وکڵاو و لەچک و نازانم چی، هیچ شتێکت نییە فێنکت بکاتەوە، دوای ئارەقکردنەوە و ماندووبوونێکی زۆر دەچیتە بەر هەوا، یانی ئەمە واتلێدەکا بە تەواوی تەندروستیت تێک بچێ، ئەمە کاری کردە سەر دەنگم، کە خۆم لە دەنگی خۆم رازی نەبووم، رۆژانی پرۆڤە باشتر بووم، بەڵام لە کۆتاییدا کە زۆر ماندوو بووم کاریکردە سەر ئەدای دەنگم، بەڵام هەستمکرد دوای دابڕانی "١٠" ساڵ وەکو کاری نواندن، تەبعەن سەرەتا قورسە بۆ ئەوەی بتوانی جارێکی دیکە بەو جەماوەرە بڵێی هێشتا ئەوەتام لە بەردەمی ئێوە و دەمەوێ راستەوخۆ قسەتان لەگەڵ بکەم و دەنگی خۆمتان پێ بگەیەنم تا جارێکی تر لەرێگای شانۆوە یەکمان خۆش بوێ، بەڵام لەگەڵ هەموو قورسییەکان و ئەو ماندووبوون و هەموو ئەو فرمێسکانەی کە لەم ئیشە رشتوومە بەڕاستی هەتا بتوانم و هێزم تیابێ نامەوێ بەجێ بێڵم و حەزدەکەم هەموو کاتێک ئەو قسەیە بکەم، بەڵام شانۆیەک بەراستی و بەفیعلی دەنگی من بگەیەنێ.

*** تا ئێستا شانۆ دەنگی تۆی گەیاندووە؟**

– شانۆکار و هونەرمەند و ئەکتەر هەتا ئەو ساتانەی دەچنە ژێرخاک تموحی تەواو نابێ، ناتوانی بڵێی دەنگم گەیشت و تەواو، هەر رۆژێ دەنگت دەگا، دەتەوێ بەرزتر و بەرزتر بڕوا، یانی ئەوەنییە بڵێی تەواو دەنگم گەیشت، نەخێر لەوانەیە تا ئێستا ئەوەی خۆم ویستبێتم هێشتا لە ناخما نەگەیشتۆتە ئەوەی کە بیگەیەنم، بۆیە بەردەوام لە گۆڕانکاری و بەردەوامی دای، ئەمەوێ لێرەوەش زۆر سوپاسی ئەو بەڕێزانە بکەم کە هاوکاریان کردم، زۆر زۆر سوپاسی ئەو ئەندامە دڵسۆزانەی تیپەکەی خۆم دەکەم، "رۆشنا محەمەد قادر، دیە حەمید، راز شێرزاد، ئەکرەمی حەمەی گوڵ و ئەمیر" کە کاری بەڕێوەبەری بەرهەم و ئەویش رووناکی بۆ ئەنجام دام، شانۆ عومەر کە یەکێکە لە ئەندامەکانی تیپەکەمان، بەڕاستی ئەوانە زۆر بە دڵسۆزانە کاریان کرد و بەکاری خۆیان دانا، زۆر زۆر سوپاسی هەموو ئەو بەڕێزانەش دەکەم، هەر لە هاوڕێکانمەوە تا سەرووتریش کە هەوڵیاندا هاوکاریان نەکەن.

*** چەندە کەسایەتی و موعاناتەکانی خۆت لە دەقی پاڵتۆکەی میر دۆزییەوە و کارت تێداکرد؟**

– لەوانەیە زۆر موعاناتی خۆمی تیابووبێ، من دڵنیام نەک هەر من هەموو هونەرمەندێک ئەگەر بۆ ساتێک خۆی لە شوێنێکدا نەبینێتەوە دافیع نابێ بۆ ئەوەی کاری تیابکا، رەنگە پاڵتۆ بۆمن یەکێک بێ لە هەرە ئەو کاڵایانەی لەژیانی خۆما خۆشمدەوێ، من زستان ناڕوات ئەگەر "٢–٣" پاڵتۆ نەگۆڕم، ئەوەندە خۆشەویستیم هەیە بۆ پاڵتۆ، ئەمە وەکو مەفهومی گەرم کردنەوە و داپۆشین، وەکو مەفهومی هەیبەتێکت دەداتێ وەکو کەسایەتییەک، لە دەرەوەی ئەمانە هەموو ئەو پاڵتۆ و کەرەستانە زۆر نهێنی ئێمە دەپارێزێ، رەنگە من نەتوانم تەنانەت لای مێردەکەی خۆم کە خۆشەویسترین و ئەزیزترین کەسی منە جۆرەها نهێنی جوان لەنێوانمان هەیە، تەنانەت لەگەڵ ئەوەشدا نەتوانم هەندێ شت بڵێم، بەڵام رەنگە پاڵتۆکەم زۆر شت لە ژیانی من بزانێ، لەناو خۆی و گیرفانەکانی شاردوویەتییەوە لەبەرئەوەی دەمیشی نییە ناتوانێ هیچ شتێک بڵێ، یانی لەو ئیشە مەفهومێک واتلێدەکا ببێتە پرسیارێکی جدی، باشە ئەو شتە جوانە لە ژیانمان هەیە، جلە، کەرەستەیە، هیچی گیانی تیانییە، بەڵام ئایا ئێمە بەبێ ئەوانە جوانین، ئەگەر ئێمە هەر بەڕووتی و وەکو ئەو ساتەی لەدایکی خۆمان لەدایک دەبین، ئێمە چین، کائینێکی زۆر قێزەونین، هەموو ئەو شتانە ئێمە جوان دەکا، بەڵام ئێمە خۆمان زۆر لەو شتانە بەرزتر دەگرین، ئەوەیە پرسیارەکە، یانی عەقڵی ئێمە تا ئێستا بیری لەوە کردۆتەوە رۆژێک لە رۆژان پاڵتۆیەک یا جلێکمان هەبێ بیپارێزین، یان دیسانەوە وەکو پاڵتۆکەی میر فڕێدەدرێتە ناو دوکانێکی جلە کۆنە و کەسێکی تر بەکاری دێنێتەوە، پێموایە بیرکردنەوەی زۆر هەیە بۆ ئەو بیرکردنەوەیە.

لە کۆتایی دیدارەکەدا گەزیزە گوتی: نامەوێ هیچ رۆژێک لە رۆژان منەت بەسەر هیچ کەسێکدا بکەم کە خزمەتی هونەرم کردووە و شانۆم خۆشویستووە، من لە خواست و خۆزگەی خۆمە کە شتەکە دروست بووە، من نامەوێ ئەوە بکەمە قەرزێک بەسەر میللەتەکەم و حکومەت و هاوڕێکان و ماڵ و منداڵی خۆمەوە، بەڵام هێندێ جار ئەوەندە ماندوویت حەزت لێیە بەقەدەر ماندووبوونەکە ئەگەر چارەکی ماندووبوونەکەش بێ رێزێکت لێ بگیرێ، هەندێ شت هەن ناگووترێ با هەر لە گیرفانی پاڵتۆکەدا بمێنێتەوە، چونکە لە پێشەکی ڤۆڵدەرەکەش گوتومە زۆرشت هەیە لەناخ و دڵ و مێژووی کارکردنی خۆما ناوترێ، بۆیە دیسانەوە دەیانخەمەوە گیرفانی ئەو پاڵتۆیە.

www.sardawakurd.org

# بەگیانی یەکتر قبولکردن دەبێت مامەڵە لەگەڵ ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بکەین

**کازم عومەر دەباغ**

ڕۆژی (٢٠٠٩/٧/٢٥) بۆ جاری سێیەم هەڵبژاردن بەسەرکەوتوویی بە ئەنجام گەیشت لە هەرسێ پارێزگاکەی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم بەشارو شارۆچکەو گوندەکان جگە لە کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکانی دیکەی، کە ماددەی ١٤٠ دەیان گرێتەوە، لەماوەی ١٨ ساڵی رابردوو میللەتەکەمان توانیویەتی چەمکەکانی دیموکراتی بۆ جەماوەری کوردستان فەراهەم بکات لە ڕووی ئازادی ڕاگەیاندن و بیروراو هەست دەربڕین بۆ خۆ پیشاندان و مانگرتن.....هتد.

لە ماوەی مانگێک لە بانگەشە بۆ هەڵبژاردن لەلایەن لیست و قەوارە سیاسییەکان بێ جیاوازی و هەبوونی بەربەست باشترین بەڵگەن بۆ ئەم دیاردەیە خۆی لە خۆیدا فەراهەمکردنی دیموکراتییە.

لەم پرۆسەیە (٥٣٠٠) وێستگە هەبوو کە دابەشکرابوو بەسەر (١٢٠) بنکەی دەنگدان، ئەوەی گرنگە پرۆسەکە بەپێی ڕێنماییەکانی کۆمیسۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بە چاودێری (٤٥) هەزار چاودێری ناوخۆو جیهانی بەڕێوەچوو، بۆیە دەبێت ئەم پرۆسەیە بە ڕووە جوانەکەی بخەینە بەر دیدەی چاودێرانی جیهان و بە زمانی گوڵ یەکتر قبوڵ بکەین، چونکە دۆڕان لە پرۆسەی هەڵبژاردندا نییە !!!

لایەنەکان وەک برا لە پەرلەمان دەبێت دابنیشن بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی چاکسازی و بە دواداچوون بەکەم و کوڕییەکان.

ئەمەی جێگای داخە هەندێک لە لیست و قەوارەی سیاسی لە ڕێگای کەناڵەکانیان دەیانەوێت بێ متمانەیی لەناو جەماوەر دروست بکەن و پرۆسەی هەڵبژاردن بە ڕووەکی ناشیرین بخەنە بەرچاو بۆ شاردنەوەی شکستەکانیان!!

هەر سووکایەتییەک بەم پرۆسەیە بکرێت تفی سەر بەرەو ژوورە ڕووی خۆیان دەگرێتەوە، چونکە بەری ڕۆژ بە بێژینگ ناگیرێت !!

کۆی گشتی ڕێژەی بەشداربووانی جەماوەری کوردستان بە ڕێژەی (٧٨،٥٪) بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگری باوەڕبوونی جەماوەرە بە پرۆسەی هەڵبژاردن، دوا بە دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردن لەلایەن کۆمیسۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان هەندێک لیست و قەوارەی سیاسی کەوتنە تیرو توانج و تەقەکردن لە لیستی کوردستانی بەبیرێکی تەسکی دوور لە یەکتر قبوڵکردن، وەک ئەوەی لەگەڵ یەکتر دانانیشن لە پەرلەمان .

پشگیری پرۆسەی هەڵبژاردن کرا لەلایەن نوێنەری یەکیەتی ئەورووپا و نوێنەری کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی و سەرۆکی پەرلەمانی عێراقی فیدراڵ و بەڕێز نوری مالکی و جگە لە ڕاپۆرتی ڕۆژنامەنووسانی جیهانی و ناوخۆش هەر هەموویان گوزارشتیان لە ڕاستی بەڕێوەچوونی ئەم پرۆسەیە دەکرد، ئەمەش خۆی لە خۆیدا پڕۆپاگەندەی شکست خواردنەکانی رەتکردەوە.

هەر چۆنێ بێت پێویستە بەخۆماندا بچینەوەو بەگیانی یەکتر قبوڵکردن مامەڵە لەگەڵ ئەم بارودۆخە بکەین بۆ پاراستنی یەکرێزی میللەتەکەمان، چونکە تا ئێستا لە خەباتداین بۆ گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان .

# حکومەتی هەرێمی کوردستان لەئێستاوە دەبێت خۆی بۆ هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٣ ئامادە بکات

**باوکی لۆزان**

ڕۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٥ هەڵبژاردن لەسەرتاسەری هەر سێ پارێزگاکەی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشارو شارۆچکەو گوندەکانی بەئەنجام گەیشت جگە لەم ناوچانەی کە ماددەی ١٤٠ دەیانگرێتەوە ئەنجامی هەڵبژاردن وەک چاوەڕێ دەکرا لە هەندێ شارو شارۆچکە وا دەرنەچوو، کە چاوەڕێ دەکرا . بەتایبەتی لەشاری شەهید پەروەری کۆیە، ئەم شارەی کە جەماوەرەکەی قاڵبووی ڕێبازی (ی.ن.ک) بوو، لەم پێناوەشدا ڕووبارێک خوێنی بەخشیوەو لەپێشەنگی هەموو فیداکارییەکدا بووە لە پێناوی سەرخستنی شۆڕشی کۆن و نوێی گەلەکەمان، ئەگەر ئێمە لەم ڕوانگەوە سەیر بکەین، دەبوو لە ڕۆژی هەڵبژاردن هەر هەموویان دەنگیان بە لیستی کوردستانی بدابایە، بەڵام لەکاتی ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان نیوەی زیاتری جەماوەری زۆر لێکراوی ئەم شارە دەنگیان بەبێ خواستی خۆیان بۆ لایەنی رکابەری لیستی کوردستانی دا، ئەم هەڵوێستە دڵ شکاوی و پشتگوێ خستنی خەبات و ماندووبوونی ئەم شارە دەخاتە پێش چاوی بەرپرسان لەماوەی ١٨ ساڵی فەرمانڕەواییان !!

هەر خزمەتگوزارییەک پێشکەشی ئەم شارە کرابێت لەئاست ئەم قوربانیانە نییە، کەخەڵکی ئەم شارە پێشکەشی کردووە بە کوردایەتی بۆ دەربڕینی هەستی نارەزایی و گەیاندنی هەڵوێستیان بۆ لێپرسراوانی باڵای هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار، نیوەی زیاتری جەماوەری قاڵبووی ڕێبازی کوردایەتی ئەم شارە دەنگیان دا بە لیستی رکابەری کوردستانی، ئەگەرچی قەناعەتیشیان پێی نەبوو !!

ئەم هەڵوێستەی شاری کۆیە دەبێت لەلایەن بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی (ی.ن.ک) بەدواداچوونی بەدوادا بکرێت و لێپێچینەوە بکرێت لەگەڵ ئەم لێپرسراوانەی کەم تەرخەمن و لە ئاست لێپرسراویەتیدا نینە، خەڵکی ئەم شارە گلەییان لە جێبەجێنەکردنی ڕاکێشانی ئاوی زێی گچکە بۆ شاری کۆیە و بە ئاکام نەگەیاندنی پرۆژەی تونێلی هەیبەت سوڵتان و گەڕانەوەی بودجەی تەرخانکراوو گواستنەوەو خەرجکردنی لە شوێنی دیکە.

جگە لە خەرجکردنی ملیۆنەها دۆلار بەسەقەتی و دابەشکردنی هەزارەها پارچە زەوی بێ ڕەچاوکردنی دادپەروەری و بەرنامە داڕێژراو، چ ڕەوای هەقە ئەم ژمارە زۆرە لە زەوی دابەش بکرێت بە ناوی ئاوارەو خزمایەتی و حزبایەتی، کەچی خەڵکی ڕەسەنی ئەم شارە تێکۆشەرە بێ بەش بکرێت!!

لە ئێستاوە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت بەخۆیدا بچێتەوەو بەدواداچوون لەکەم و کوڕییەکان بکات و لێپرسینەوەش بکات لەگەڵ ئەم بەرپرسانەی کە لە ئاست لێپرسراویەتیدا نینە بۆ ئەوەی خۆمان ئامادە بکەین بۆ هەڵبژاردنی ٢٠١٣، لە داهاتوو جێبەجێکردنی هەموو ئەم بەڵێنانەی، کە لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردن بە جەماوەریان دا بۆ گەڕانەوەی متمانە لە نێوان جەماوەرو حکومەتی هەرێمی کوردستان!

# نەریتی سونەتکردنی منداڵان لە شاری کۆیە!!

**باوکی دابان**

لە بیرمە کە منداڵ بووم لە ساڵانی پەنجا هەندێک نەریت هەبوون لە ناو شاری کۆیە وەک بۆنەیەکی پیرۆز سەیر دەکران و پێشوازی گەرمیان لێدەکرا، تارادەیەک هەندێک خانەوادەی بە توانا خاوەن سەرمایە شایی و هەڵپەرکێشیان بۆ ئەنجامدانی ئەم نەریتە سازدەکردو بۆ پیرۆزراگرتنی خزم و دۆستانیشی بانگهێشت دەکران بۆ بەشداریکردن لەم نەریتە، لە ساڵانی پەنجا وەک ئێستا نەبوون منداڵ بە دوو مانگی خەتەنەبکرێت لەلایەن پزیشکی پسپۆری و کاری نەشتەرگەری بۆ ئەنجام بدرێت، ئەو کات دەبووە دەساڵ ئەوسا سونەت دەکرا ئەمەی سەیرو سەمەرەیە جاری وا هەبوو پێنچ شەش منداڵی گەڕەک کە هاوسێی یەک بوون پێکەوە بەیەک ڕۆژ ئەم کارەیان بۆ ئەنجام دەدرا، وا ڕێک دەکەوت منداڵێک لەم منداڵانە خۆی دەرباز دەکرد و رای دەکرد، ئەم ڕۆژە لە شوێنێک خۆی دەشاردەوە تا وەستا دەڕۆیشت ئەوجا خزم و برادەران بەدوایدا دەگەڕان و هیلاک دەبوون دەبوو ڕۆژێکی دیکە وەستایان ئاگادار بکردبایەوە بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە!

هەموو منداڵێک ئەگەر خەتەنەبکرابایە کراسێکی درێژی شۆڕی بۆ دروست دەکرا لەبەریان دەکرد، بۆ ئەوەی ئازاری پێ نەگات نیشانەیەکیش بوو بۆ ئەوەی خەڵکی بزانن ئەم منداڵە سونەتکراوە.

ئەمانەی بە کاری سونەتکردن هەڵدەستان لە شاری کۆیە بەربەرەکان بوون واتە (سەر تاشەکان)، لەمانە وەستا (مەعروفی کامەلا و حەمە عەلی) ئەمانە دەبوو ڕۆژی پێشتر لەلایەن دایک و باوکی منداڵەکە ئاگادار بکرابانەوە، کە منداڵەکەمان خەتەنە دەکەین، بەیانی وەستا هەموو کەرەستەکانی لە چەقۆ و مقەس و هاسان و مەسەدو شەب و هەندێک پەڕۆی سپی و لۆکە ) دەخستە ناو باوڵە تەنەکەکەی و لەگەڵ شاگردەکەی بەرەو ماڵی منداڵەکە دەڕۆیشتن، لەلایەن ماڵەکە پێشوازییەکی گەرم لە وەستا دەکرا ئەوەی رقی لەم میوانە بوو منداڵەکە بوو !!

وەستا کەرستەکانی یەک یەک دەردەهێنا و دەیخستە سەر پەڕۆیەک، کاتێ وەستا خۆی ئامادە دەکرد لەبەر خۆی دەیگوت: (وا چاکە ناوی خودای لێبهێنین ) !!! یەکسەر شاگردەکە تێدەگەیشت، باوەشی بە منداڵەکە دەکردو هەردوو چۆکی توند دەگرت، بە شێوەیەک جوولەی لێدەبڕی، ئەوجا وەستا کاری بڕینی خۆی دەکرد، هاوار هاواری لە منداڵەکە بەردەدا، بۆ کەمکردنەوەی قیرە قیری منداڵەکە هەر زوو هەڵقومەکی گەورەیان لە زاری منداڵەکە دەپەست، زاریان پڕ لە هەڵقوم دەکرد، بۆ ئەوەی شەویلاکەکانی نەگاتەوە یەک، بەم شێوەیە هاوار هاوار کەم دەکرایەوە .

هەموو کوڕێکی ئەم شارە بەم واقیعە تاڵە تێپەڕیوە، ئێمە گەورە بووین خەتەنەکراین، هەر کاتێک لاساریمان بکردبایە باوکمان پێی دەگوتین ئاقڵ نەبن بەدوای کاکە ئەفەندی دەنێرم بێت سونەتتان بکاتەوە !!

منداڵی جاران وەک ئێستا با خەبەر نەبوون بڕوامان بەم قسەیە دەکردو بێ دەنگ دەبووین، خوا خوامان بوو وەک خۆی لێبێتەوە !! کاری خەتەنە لەسەرەتای بەهار دەستی پێ دەکرد. جگە لە بەربەرانەی کۆیە هەندێک پیاو لە شاری هەولێرو مۆسڵ دەهاتن، جانتایەکیان لە دەست بوو بە ناو کۆڵانەکانی شار دەسوڕانەوەو دەیان گوت:(مام سەید سونەتی منداڵان دەکات)، کەسانێک هەبوون بەم پیاوانە منداڵەکانیان خەتەنە دەکرد.

دوای ئەوەی منداڵەکە سونەت دەکرا لە حەوشە شوێنێکی بۆ ئامادە دەکراو باوەشێن دەکران، چونکە ئەو کات هیچ هۆیەکی ساردکەرەوە نەبوو وەک ئێستا ئامێری بەفرکەرو بەستەنی و ساردکەرەوە نەبوو، خەڵکی بە فری خواییان لە بازاڕ دەکڕی ئێواران ژیان زۆر سەخت بوو .

دوای تێپەڕبوونی هەفتەیەک وەستا دەهاتەوە پەڕۆکەکەی لە زەکەری منداڵەکە دەکردەوە، جارێکی دیکە هات و هاوار پەیدادەبۆ وە ئەوجا پێنچ دینار هەق دەست دەدرا بە وەستا و شتێکیشی دەدرا بە شاگرد، ئەمە کەمێک بوو لەسەر گوزشتەی خەتەنەکردنی منداڵان لەم شارە لە ڕۆژانی رابردوو !

# حیکایەتی شار ... گەڕەکی سەیداوە لە شاری هەولێری پایتەخت



**محەمەد کەریم نانەوا**

– گەڕەکی سەیداوە لە شاری هەولێر دەکەوێتە نێوان شەقامی"٣٠"مەتری و شەقامی "٦٠"مەتری ئەوزەوییانەی کە گەڕەکی سەیداوەی لەسەر بنیاتنراوە. لە "٣" کەرت پێکهاتووە.

**کەرتی یەکەم:**

لە شەقامی "٦٠"مەتری بەرامبەر بە قەسری شیمال دەست پێدەکات هەتا دەگاتە قوتابخانەی سەیداوە پشت تانکی ئاوی سەیداوە. ئەمەیان زەوی ماڵی "عەلی ئاغا"بوو.

**کەرتی دووەم:**

لە قوتابخانەی سەیداوە دەست پێدەکات هەتا دەگاتە جووت سایدی نوێ، ئەم شەقامە هەردوو شەقامی "٣٠" مەتری و "٦٠"مەتری تێکدەکاتەوە. شوێنی ئەم جووت شەقامە هەتاکو دوای ڕاپەڕینی مەزنی گەلی کوردستان کەندێکی پیس بوو. دوای ڕاپەڕین کرا بە زێراب و سەری داپۆشرا. ئەم کەرتەیان زەوی "حاجی خورشیدو سەید بەهیە"بوو یادیان بەخێر.

**کەرتی سێیەم:**

لە جووت شەقامەوە دەست پێدەکات هەتا کو دەگاتە بەستی نێوان سەیداوە و سێتاقان.

ئەو بەستە ئێستا شوێنەواری نەماوە، ئەم زەوییانە هی خانەوادەی خوالێخۆشبوو "حاجی سلێمان محەمەد"و برایەکانی بوو، بەڵام ئەو چینە خانووانەی کە کەوتبوونە سەر لێواری بەستی سەیداوە، هەتا دەگاتە جادەی بەرین ئەو جادەی کە لە ژێر پردی سەیداوە بۆی دەچێ. ئەم پارچەیە بە ناوی "سێتاقانی سلێمانی" ناسراوە.

بەڵام دوای ئەوەی ئەم زەوییانە بە گشتی بوون بە "مولک حرف"و کەوتنە ناوی سنووری شارەوانی. واتا لە بەستی نێوان سەیداوە و سێتاقانی حاجی برایم و نێوان "٣٠" مەتری و "٦٠"مەتری، ئەوە هەمووی لە تۆمارگەی شارەوانی بە "سەیداوە" تۆمارکرا.

**ناو لێنانی لە گەڕەکی سەیداوە:**

کەرتی دووەم بە تایبەت.

بەڕێز "شێرزاد قادر" لە گۆڤاری لە یادی سەد ساڵەی دامەزراندنی شارەوانی لە هەولێر. ئاماژەی بە ناولێنانی گەڕەکی سەیداوە کردووە.

– بەڵام بۆ لێکەڵینەوە و بەدواداچوون لەم ناوە ڕووی پرسیارم ئاراستەی بەڕێز/ مامۆستا شێخ عەزیز کوڕی خودا لێخۆشبوو/ سەید عەبدولقادر و سەید عەبدولعەزیز هەرەجەیی" کرد. گوتی:

– لە سەرەتای ساڵی "١٩٥٠" لە گوندی هەرەجەوە هاتین بۆ شاری هەولێر. ئەم زەوییانەی کە ئێستا گەڕەکی سەیداوەی لەسەر دامەزراوە هەموو دەغل بوون، یەکەم کەس خانەوادەی ئێمە بوو، کە خانوویان لەسەر ئەم زەوییە دروستکرد.

پاشان خەڵکی هەژار و نەدار و بێدەرەتان ڕوویان تێکرد.

ئەو بە "جاجماوا" ناسرابوو.

بەڵام ڕۆژێکیان یادیان بە خێر "شێخ محیەدین گەڕەکی عارەبان لەگەڵ شێخ عەبدولکەریمی بابی شێخ کاکەی لەگەڵ عەلی حاجی ئەحمەد ئاغا" ئەو نائب بوو لە بەغدا. هەرسێکیان پێکەوە هاتن بۆ سەردانی بابم. کە هاتن لە پێش دەرگای ماڵی خۆمان لە ناو قەرسیل. لبادێکیان بۆ بابم ڕاخستبوو. لەسەری دانیشتبوو، ئیدی دوای گفتوگۆ لە بابمیان پرسی "کاک سەید". کەس بە ناوی خۆی بانگی بابمیان نەدەکرد. گوتیان ئەم گەڕەکە ناوی چییە.؟! ئەویش لە وەڵامیدا گوتی:

بە "جاجماوا" ناوزەرد کراوە، گوتیان : یانی چی.؟! گوتی کابرایەکی هەژار پاسەوانی لە دەغلەکان دەکات، جاجمەکی حەوت ڕەنگی پێیە چونکە نەساخە بۆیە هەردەم جاجمەکەی لە خۆی لوول دەدات و پاڵ دەداتەوە. لەمەوە خەڵک ناوی جاجماوایان بەسەر ئەم گەڕەکە دا براندووە.

ئەم زاتە بۆ ڕێزلێنان لە باوکم گوتیان. دەبێ ناوی لێ بنێین "سەیداوە".

– پاش ڕێکەوتننامەی بەیانی "١١"ئاداری ساڵی "١٩٧٠" ناوی ئەم گەڕەکە گۆڕدرا بۆ ناوی"ئاشتی".

بەڵام ناوەناوە ناو دێر نەبوو. دووبارە بۆوە بە سەیداوە.

– ئەگەر چی دانیشتوانی گەڕەکی سەیداوە خەڵکێکی هەژار و کەم دەرامەت تیادانیشتە جێ بوون، بەڵام ڕۆحیەتی بەرزی نیشتیمانپەروەرانەی گەنج و لاوانی سەیداوە. هەر لە سەرەتای گڵپەی ژیلەمۆی شۆڕشی چەکداری لە یانزەی "١١" ئەیلولی ساڵی "١٩٦١". هەتا دەگاتە ڕۆژانی ڕاپەڕینی مەزن و شکۆداری سەرتاسەری گەلی کوردستان و ڕزگارکردنی هەولێری پایتەخت و بەشێکی زۆر لە هەرێمی کوردستان لە پۆستاڵی عەسکەرتاریەتی دیکتاتۆریەتی بەعس. دانیشتوانی ئەم گەڕەکە لە ژێر چاودێری توندی سانسۆڕی بەعسدا بوون. ئەم گەڕەکە بە گەڕەکی "موخەریبین" ناو دێر بوو لەلایەن داگیرکەرانی کوردستان. گەڕەکی سەیداوە بێجگە لەوەی شوێنی حەوانەوەی پێشمەرگە بوو لە کاتێکدا کە بەنهێنی دادەبەزینە ناو شار. بەدەیان ڕۆڵەی قارەمان و گەنج و لاوی ئەم گەڕەکە هەژارنشینە لە پێناوی ئازادی و سەرفرازی کورد و کوردستان. گیانی خۆیان بەخت کرد، بوونە قۆچی قوربانی چوونە ڕیزی نەمران. وەکو:

– شەهید. مامۆستا حەیدەر کەریم . ناسراوە بە شەهید بێجان.
– شەهید. وشیار ڕەمەزان.
– شەهید. هەڵۆ عوسمان ڕەزا.
– شەهید. حەسەن ڕەزا.
– شەهید. حەیدەر حوسێن عارەب
– شەهید. قادر سمایل
– عەبدولرەحمان. ناسراوە بە دکتۆر عادل.
– شەهید. شاخەوان.
– شەهید. محەمەد حەجەم
– شەهید. مەحمود حەسەن تەها
– شەهید. عومەر نانەوا. و

دەیان شەهیدی دیکەی ڕزگاری خوازی کورد و کوردستان.

گەڕەکی سەیداوە لە بواری خزمەتگوزاریدا. ناو کۆڵانەکان چیمەنتۆڕێژ کراوە. لە بواری "ئاو" زۆر باشە.

بەڵام شەقام و ناو کۆڵانەکانی سەیداوە کەرتی سێیەم لە سەرەتای ساڵانی حەفتاکان قیڕکراون، لەلایەنی نۆژەن کردنەوە فەرامۆش کراوە، هەمووی بووەتە کەند و کۆسپ، ئەم شەقامەی تازە دروستکراوە قیرتاوی دووەمی بۆ نەکراوە، هەروەستا ستوونی ڕووناکی "عامودە ئەلئەساره"ی بۆ دابین نەکراوە، منداڵەکانمان لەناو قوڕو چڵپاو سەر شەقامەکان یاری دەکەن. بە هۆی زۆری ئۆتۆمبیل ژیانیان لە مەترسی دایە. داوا لە شارەوانی و لایەنی بەرپرس دەکەین ئەم کەموکوڕییامان بۆجێبەجێ بکەن.

– بۆ ڕێز لێنان لە کەسوکاری خانەوادەی شەهیدان داوا دەکەین.

١– ئەم جووت شەقامەی کە شەقامی "٣٠"مەتری و شەقامی "٦٠" مەتری پێکەوە گرێدەداتەوە بە ناوی " شەهید مامۆستا حەیدەر کەریم" بکرێ.

٢– کۆڵانەکانمان بۆ قیرتاو بکەنەوە.

٣– باخچەیەک بۆ منداڵان دروست بکرێ.

٤– یاریگایەکی "چیمەن" بۆ گەنجەکان دروست بکرێ.

٥– ئاوەڕۆ بۆ کۆڵانەکان دروست بکرێ.





بەدرخان Bedirxan
www.bedrxan.net
www.bedrxan.com
bedrxan@yahoo.com
■ سەرپەرشتیاری سایت: فەرهاد باپیر - ئەڵمانیا

■ خاوەن ئیمتیازو بەڕێوەبەری بەرپرس:
حەمید ئەبوبەکر بەدرخان (٠٧٥٠٤٥٥٥٨٧٨)
■ بەڕێوەبەری نووسین:
عەبدولڕەحمان مەعروف (٠٧٥٠٤٦٣٨٥٤١)
■ ستافی کارا:
حەسەن یاسین، کازم عومەر دەباغ، هێمن جەمیل، هەوراز محەمەد، محەمەد فەتاح، مەسعودی مەلا هەمزە، حەسیبە بابۆڵی.
■ نەخشەساز:
ئاسۆ حەسەن ئەحمەد (٠٧٥٠٤٤٧١٨٢١)

بەدرخان یەکەم هەفتەنامەی ئەهلی ئازادە، دوای راپەڕین ژمارە سفری لە ٢٠٠٠/١٠/٢٢ لە سلێمانی دەرچووەو هەموو ٨ و ٢٢ی مانگێک دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان لە باشووری کوردستان دەریدەکات

■ راوێژکاری مێژوو: د. عەبدوڵڵا عەلیاوەیی
■ راوێژکاری زمانەوانیی: د.وریا عومەر ئەمین
■ راوێژکاری رووناکبیریی: د. هیمداد حوسێن
■ راوێژکاری کـلـتـووری: خالید جوتیار
■ راوێژکاری هونەری: محەمەد زادە
■ بەشی کۆمپیوتەر: ئەیوب یوسف ئەبوبەکر

ناونیشان:
کوردستـــان، هەولێر، شەقامی ئاراس، باڵەخانەی سەرداری
نۆرماڵ: ٠٦٦ ٢٥١ ٠٦٧٩
مۆبایل: ٩٦٤ ٧٥٠ ٤٥٥ ٥٨٧٨ +
سلێمانی، باڵەخانەی رەحیمی مەلا عەلی
مۆبایل: ٩٦٤ ٧٧٠ ١٥٩ ٨٥٥٤ +